ستران عەبدوڵڵا

# ئەدەبیاتی مام
# کلیلێک بۆ مام ناسی

بۆردی هۆشیاری - بەشی ئەرشیف و مێژوو
مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

## بۆردی هۆشیاری

ئۆرگانێکی هۆشیاری و رۆشنبیریی سیاسییە، لە چوارچێوەی مەکتەبی راگەیاندن و هۆشیاری، بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەسەندکراوی پێنجەمین کۆنگرەی (ی. ن. ك) لە ساڵی ٢٠٢٣ دامەزراوە.

ئەرکەکانی بریتین لە: دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هۆشیارکردنەوەی فیکری و سیاسی و حزبی لەبەر رۆشنایی بنەما فیکری و سیاسییەکانی پەیڕەو و پرۆگرامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ئاشتی و مافی چارەی خۆنووسین، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسی، سیکۆلاریزم، مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی، تاوتوێکردنی پرسەکانی بیری هاوچەرخ و رەوتە فیکرییە نوێیەکان، دابینکردنی ئەدەبیاتی رێکخراوەیی، ئەرشیفکردن و دووبارە چاپکردنەوەی بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بەرهەمەکانی سەرۆك مام جەلال، نووسینەوەی مێژووی (ی. ن. ك) و شۆڕشی نوێ و رۆڵی لە بوژاندنەوەو درێژەپێدانی گیانی خەبات و بەرگری.

ستران عەبدوڵڵا

# ئەدەبیاتی مام

## کلیلێک بۆ مام ناسی

-ناوی کتێب: ئەدەبیاتی مام - کلیلێک بۆ مام ناسی
- نوسەر: ستران عەبدوڵڵا
- دیزاینی ناوەوە: ئەمیرە عومەر
- دیزاینی بەرگ: هەرێم عوسمان
- چاپخانە: تاران
- چاپ: یەکەم ـ 2025
- تیراژ: ( 500 ) دانە
- نرخ: (5000 ) دینار
-زنجیرە: ( 560/ 94 )
- ژمارەی سپاردن: ( 2104) لە ساڵی 2025 بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

بۆردی هۆشیاری - بەشی ئەرشیف و مێژوو
مەکتەبی راگەیاندن و هۆشیاری
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

# پێڕست


| | |
|---|---|
| فەسڵی یەکەم | |
| - کلیلی فەرهەنگی ماماناسی ........................................... | ١١ |
| فەسڵی دووەم | |
| - پەیبردن بە ئەندێشەی مام جەلال ........................................ | ٢١ |
| فەسڵی سێیەم | |
| - جارێکی تر یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆچی؟ پرسیاری هەموو وێستگەو قۆناغەکانی خەبات .......................... | ٥١ |
| فەسڵی چوارەم | |
| - مام جەلال - لە پەراوێزی ئەدەبیاتی مورافەعەی کەرکوکەوە ...... | ٦٩ |
| فەسڵی پێنجەم | |
| - سەرۆک مام جەلال لە بیرەوەرییەکانی ئیریک رۆڵودا .................. | ٨٩ |
| فەسڵی شەشەم | |
| - ئەدەبیاتی یەکێتی ، ئەدەبیاتی مام ....................................... | ٩٥ |
| فەسڵی حەوتەم | |
| - نووسین لەسەر مام جەلال .................................................... | ١٠٩ |
| فەسڵی هەشتەم | |
| - لاپەڕەیەک لە وێستگەی فیکری مام جەلال ............................. | ١٣١ |
| فەسڵی نۆیەم | |
| - گوڵبژێرێکی بڵاوکراوەی ئەدەبیاتی مام ................................... | ١٤٩ |

**پێشکەشە بە:**

*ڕێبوارانی ڕێگەی ئازادی و ڕزگاریی کوردستان، بەتایبەتی بەوانەی کۆمبەسی مامناسییان کردۆتەوە مەشخەڵی ڕێی ئەو ئامانجە پیرۆزە.

**سوپاس بۆ:**

*بۆردی هۆشیاری لە مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری کە ئەرکی چاپکردنی ئەم بەرهەمەیان گرتە ئەستۆ.

# فەسڵی یەکەم

# کلیلی فەرهەنگی مامناسی

ئەمەی خوارەوە کلیلێکی بنەمایە بۆ داڕشتن و پۆلێنکردنی ئەدەبیاتی مام جەلال، لێرەدا ئەو سەرنج و روانگانە دووبارە ناکەینەوە کە لە چەندین وتار و کۆبوونەوەی گشتیدا نووسیومانن، بەڵام مەبەستمانە پۆلێنکارێکی وا پێشکەش بکەین کە یارمەتیدەری دەوڵەمەندکردنی کتێبخانە و ئەرشیفسازیی ئەو ئەدەبیاتە بێت.

ئەم نموونانەی لێرە باسیان دەکەم گوڵبژێریکن بۆ ئەوەی خوێنەر باشتر لە رێوشوێنی پۆلێنکردنەکە و مەبەستەکەمان تێبگات. لە هەندێک پۆلێنەکاندا نموونەمان بە بابەت هێناوەتەوە، تەنها بۆ ناساندنی باشتر.

**یەکەم: نووسین**

أ – کتێب و نامیلکە و توێژینەوەکانی کە مام جەلال نووسیونی. واتا بابەتی تیۆری و ڤەکۆلینی درێژخایان لە کتێب و نامیلکە و لە گۆڤارە تایبەتەکاندا.

نمونە:

- کوردایەتی بزووتنەوەی نەتەوایەتی گەلی کوردساڵی ١٩٦٤ بەچاپی جیاجیاوە.

کردستان و الحرکة التحرریة الکردیة - بەزمانی عەرەبی ساڵی ١٩٦٩-١٩٧٠ ناسراوترین کتێبی مام جەلال. لە قۆناغی پێش دامەزراندی یەکێتی وەکو باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان نووسیویەتی، بەڵام تێزەکانی بۆ هەموو قۆناغێک دەدات.

- یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆچی؟ باسێکی تیۆری بە ناوی یەکێتی وەکو نامیلکە بە عەرەبی و کوردی بڵاوکراوەتەوە، کوردییەکەی شەهید ئارام وەریگێڕاوە.

- فێربوون و تێگەیشتن و بەکارهێنانی مارکسیزم لە خەباتدا لە گۆڤاری کۆمەڵە (وتاری تیۆری لە گۆڤار).

- اغد و دیموکراتی و حرمان شعب حتی من حق الحلم: کتێبێکی تیۆرییە بە زمانی عەرەبی، وەکو سکرتێری گشتی یەکێتی بەناوی شەخسی خۆیەوە نووسیویەتی. کتێبێکی گفتوگۆ و وەڵامدانەوەشە. بۆیە لە شوێنی تر ئاماژەی پێدەدەین.
- پوختەباسێک دەربارەی سۆسیال دیموکراتی لە گۆڤاری (رێبازی نوێ) وتاری تیۆری لە گۆڤار.

ب – وتارەکانی بۆ رۆژنامە و گۆڤارەکان (رۆژنامە و گۆڤارە حزبیی و رەسمییەکان، رۆژنامە و گۆڤارە سەربەخۆکان).
- ئەهەمیەتی کۆماری دیموکراتی کوردستان- گۆڤاری رۆژی نوێ ساڵی ١٩٦٠.
- لەپێناوی گەشەپێدانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ، ساڵی ١٩٩٢- وەک رۆژنامەی حزب.
- خەبات لە چییەوە هات و چۆن بوو بە ئۆرگانی پارتی؟ و چۆن بەڕێوە دەچوو؟ گۆڤاری خاک.
- بەرەو خەباتی رێکوپێک لە ریزی خوێندکاراندا. گۆڤاری خاک.
- بەرەو حزبایەتی نهێنی - گۆڤاری خاک.
- وتاری بۆچی ژنان دەرنەچوون بۆ سەرکردایەتی - کوردستانی نوێ.
- فیدراڵی کوردستان ئەزموونێکی کەڵەگەتە لە رۆژنامەی شرق الاوسط ساڵی ٢٠٠٤.

ج – پەیامی کورت و درێژی نووسراو: پەیام بەناوی خۆی، یان بە ناونیشانی حزبی و حکومییەوە. یان بەناوی وتەبێژێک، سەرچاوەیەک و ناونیشانی گشتی وەک مەکتەبی سیاسیی، سەرکردایەتی، فەرماندەیی گشتی، سەروتار و ئیفتتاحیە و بەیاننامە و راگەیەندراو.
- پەیامی پیرۆزبایی لە مەسیحیەکانی کوردستان لە رۆژی ١٩٩٢/١٢/٢٥.
- پەیامی پیرۆزبایی بۆ یادی رۆژنامەی الاتحاد زمانحاڵی یەکێتی لە (١٩٩٩/١٠/٢٤).
- بانگەوازێک لە مام جەلالەوە بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی تێکۆشەر: بە

هەموو توانایەکتانەوە پارێزگاری دار و درەختی کوردستان بکەن لە ڕۆژی (٢٠٠٠/١١/٨).

- سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری لێخۆشبوونی گشتی بۆ هەموو کوردە هەڵخەڵەتاوەکانی ریزی جوندی بەناو ئیسلام دەرکرد لە ڕۆژی (٢٠٠١/١٠/٢٥).

- پەیام بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە بۆنەی جەژنی رەمەزانی پیرۆزەوە لە رۆژی (٢٠٠١/١٢/١٢).

- بروسکەی پیرۆزبایی لە جەژنی کرێکاران لە رۆژی (٢٠٠١/٥/٢).

- دەماوچوشی (ی) گۆڕ هەڵتەکێنە بەناوی خوازراو. کوردستانی نوێ ساڵی ١٩٩٩.

د - تایبەندمەندیی بیرەوەریی گێڕانەوە، نووسینی گێڕانەوەی مام جەلال: نووسینی وەفاداری:

- پوختەی ژیانی مامۆستا برایم ئەحمەد لە کتێبی بە ناوی مامۆستا برایم ئەحمەد.

- هەمزەیی و (صالحی) لە پارتی دا. گۆڤاری خاک.

- حەسەن زیرەکم چۆن ناسی و چۆن بردم بۆ رادیۆیی کوردیی بەغدا. گۆڤاری خاک.

- یادی شەهیدانی کاکە شیهاب و جەعفەر و ئەنوەر لە دڵ و دەروونی تێکۆشەراندا هەمیشە زیندووە. رۆژنامەی کوردستانی نوێ.

- لەیادی دۆستی دێرینمان خوالێخۆشبوو مەجید خاندا، ساڵی ٢٠٠٠.

- سەرهەنگ، خەباتگێڕێکی شۆڕشگێڕ و گوڵناس.

## دووەم: گوتاردان لە بۆنە جیاجیاکان

أ - خوێندراو، خۆڕسک و سەرپێی (ئیرتجالی).

- وتار لە رێوڕەسمی راگەیاندنی پۆلە شەهیدەکەی سلێمانی دا (١٩٩٤/٢/١١).

- وتار لەسەر مەزاری شەهیدی سەرکردە عومەر دەبابە: میللەتەکەمان سەردەکەوێ و خوێنی شەهیدانی بە خۆڕایی ناڕوا، لە رۆژی (١٩٩٥/١/١٧).

- دەقی وتار لە مزگەوتی گەورەی سلێمانی بە بۆنەی یادی پێغەمبەرەوە لە رۆژی (١٩٩٥/٨/٨).

ب - وانه و کۆڕ و سیمیناری تایبەتی ناونیشان دیار و ئاراستەکراوەکان..، له خولەکانی کادیران و فەرماندەیی و دامەزراوه گشتییەکانی کوردستان و عێراق.

- کۆبوونەوەی فراوانی کادیرانی خەتێ (١٩٨٣) له چوار کاسێتدا تۆمار کرابوو و دوایی له چوارچێوەی کتێبێکدا بڵاوکرایەوه.

- وتار له مەراسیمی یەکگرتنەوەی حزبی سۆسیالیستی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (١٩٩٣/٣/١١).

- وتار له ئاهەنگی دەرچوانی خولی یەکەمی فەرماندەکان له رۆژی (١٩٩٦/٧/٢٩).

- وتار له کۆنفراسنی ناوچەیی مەڵبەندی رێکخستنی کەرکوکدا له رۆژی (١٩٩٦/٨/١٢).

- وتار له خولی فەرماندەیی هێزەکانی حەفتادا له رۆژی (١٩٩٧/٩/١١).

ج – وتاری نووسراو و قسەی کۆنگره و کۆنفرانس و کۆبوونەوه فراوانەکان.

- وتار له کۆنگرەی ئیشتراکی عەرەب له جەزائیر ساڵی ١٩٦٧.

- وتار له سیمیناری دایەلۆگی عەرەب-کورد له قاهیره ساڵی ١٩٩٨.

- وتار له کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عیراقی له نیویۆرک (١٩٩٩/١١/١٦).

- وتار له (٢١) بیست و یەکەمین کۆنگرەی سۆشیالیست ئینتەرناسیۆناڵ (١٩٩٩/١١/١).

ئەم وتارانه بەگوێرەی شوێنەکان به زمانی جیا جیا پێشکەشکراون.

د – گوتاردان له کۆبوونەوه جەماوەرییه گشتییەکان.

- گوتار بۆ جەماوەری هەولێر له رۆژی ١٩٩١/٨/٢٩.

- دەقی گوتار له بۆنەی شۆڕشی ئەیلول له (١٩٩١/٩/١١) له سلێمانی.

- دەقی گوتار له بۆنەی کۆتایی هێنان به مانگرتن لەبەردەم پارێزگای هەولێر له کۆتایی ساڵی١٩٩١.

هـ - لە مینبەری پەرلەمانەکان.

- وتار لە هۆڵی پەرلەمانی کوردستان لە رۆژی ١٩٩٢/٩/٢٩.

- وتار لە هۆڵی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق لە مەراسیمی سوێندخواردنی بۆ پۆستی سەرکۆمار لە ٧ی نیسانی ساڵی ٢٠٠٥.

## سێیەم: چاوپێکەوتن و دیدار

ا – چاوپێکەوتن لەگەڵ میدیاکان، کۆنگرەی رۆژنامەنووسی بەرنامە بۆ دانراو و خۆڕسکانە.

- دیداری جەلال تاڵەبانی لەگەڵ گۆڤاری یەنی کونیدن-ی تورکی - ساڵی ١٩٨٧.

ب – دیداری تایبەت لەگەڵ میدیاکان لەسەر بابەتاکانی رۆژ.

- چاوپێکەوتنی تەلەفونی لەگەڵ بەشی عەرەبی دەنگی ئەمریکا، حکومەتی عیراق ئامادە نییە ئاوارەکانی کەرکوک بگەڕێتەوە، ساڵی ١٩٩٢.

- چاوپێکەوتنی BBC لەگەڵ مام جەلال:

وەفدێکی ئۆپۆزسیۆن بەم زوانە سەردانی سعودیە و کوێت دەکەن. ساڵی ١٩٩٣.

- مام جەلال لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسی لەگەڵ کەناڵەکانی راگەیاندنی یەکێتی:

لەبەر خاتری هیچ کەس و هیچ دەوڵەتێک ناتوانین مەبدەئەکانی خۆمان پێشێل بکەین ساڵی ١٩٩٨.

ج – دیداری بیرەوەری تایبەت و گشتی لەسەر بابەتە گشتییەکان، بیرەوەری کەسی و کەسایەتییەکان، وێستگە و رووداوە دیاریکراوەکان.

- دیداری کوردسات لەگەڵ مام جەلال لەسەر تۆفیق وەهبی.

- جەلال تاڵەبانی و هەڵدانەوەی چەند لاپەڕەیەکی مێژوو - دیداری: غەسان شەربل.

د - دیداری تیۆری و فیکری بۆ کتێب و بۆ لێکۆڵینەوە ئەکادیمییەکان.
- ڕامانی مام - دیداری هۆمەر شێخ موس لەگەڵ مام جەلال.
- دیداری تەمەن: چاوپێکەوتنی سەلاح ڕەشید. لەگەڵ مام جەلال.
- دیدارێک لەگەڵ جەلال تاڵەبانی سازکردنی وەفا کرماشانی ساڵی ١٩٨٣.

هـ - دیداری تیڤی، رادیۆ و رۆژنامە و گۆڤار و سەکۆ گشتییەکانی وەک دیبەیتەکان.
- دیداری گۆڤاری (الثقافه الجديدة) لەگەڵ مام جەلال ژمارە (٩) / ٢٢٣ - ساڵی ٢٧ - تەموزی ١٩٩٠.
- کۆنگرەی رۆژنامەنووسی بەڕێز مام جەلال بەبۆنەی ساڵرۆژی دامەزراندنی (ی.ن.ک) حوزەیرانی ١٩٩٦.

**چوارەم: نامەکان**

ا – نامەی شەخسی بۆ کەسە خۆمانی و بیانییەکان.
نموونەی ئەو نامانەی لە کتێبی چرای رێی خەبات هاتووە. نامەکانی بۆ سەرکردە جیهانی و خۆمانییەکان.

ب – نامەی حزبی و رێکخراوەیی.
- کوردستانی نوێم چۆن دەوێ ١٩٩٢/١/١٢.
- چەند ئامۆژگارییەکی پێویست بۆ گشت پێشمەرگەکانی کوردستان ١٩٩٥/٧/٥.
- ئاگادارییەک بۆ گشت لێپرسراوانی ی.ن.ک ١٩٩٩/٦/٢٧.
- ئەرکی پیرۆزی ئەندامانی ی.ن.ک – نموونە بوون – ٢٠٠١/٩/١٠.

ج – نامە دیپلۆماسییەکان بۆ حزبەکان، بۆ کەسایەتییە سیاسییە گشتییەکان، بۆ دەوڵەتەکان، بۆ ئۆرگانە رەسمی و نێودەوڵەتییەکان.
- نموونەی نامەکانی لە کتێبی چرای رێی خەبات.

د- نامە شەخسییەکان کە تایبەت و دۆستانەیە، بەڵام ڕەنگە ڕوانگە و زانیاری گشتی تێدا بێت، یان ئەدگاری بیرکردنەوەی جیا دەردەخەن. بڵاوکردنەوەی ئەمانە دەبێ مەرجدار بکرێت بە ڕەزامەندی خاوەن نامە، یان گوڵبژێر و بژار بکرێن بە جیاکردنەوەی گشتی و تایبەتی، یان بە مەرجی تێپەڕبوونی ماوەی زەمەنی ستاندار بۆ بڵاوکردنەوەی نامە و دیکۆمێنتەکان.

## پێنجەم: بروسکەکان

ا – بروسکە کورت و درێژەکان لە قۆناغە جیاجیاکاندا.جفرە و نووسراو و ئاماژەی نهێنی.

ب – پەیامەکانی پەیوەندی بە ئامرازی جیا جیا.

## شەشەم: زمانەکان

ا – زمانی کوردی.

ب – زمانی عەرەبی.

ج – زمانی ئینگلیزی.

د- زمانی فارسی.

هـ- بە زمانی جیاجیا و وەرگێڕان لەم زمانەوە بۆ زمانی تر.

## حەوتەم: گێڕانەوە و باسکردن

ا – کەلتوری گێڕانەوە بە نووسین و بە گوتن، لەلایەن دۆست، هەڤاڵ و نزیکەکانەوە.

ب – کتێب و لێکۆڵینەوە و بابەتەکانی لەسەر مام جەلال نووسراون.

ج – کتێبی خۆمانەیی و بێگانەیی کە باسی مام جەلالیان کردووە.

د – گێڕانەوەی نەزیلە و گەپ و ئیدیۆم و گوتەی جیاجیای سەلمێنراو.

هـ – وەک سەرچاوە کتێب، سەکۆی ڕادیۆ و تیڤی.

و – دەستخەت و بەڵگە و کەرەستە.

ی – ئەرشیف وخانە و بنکەکانی بەڵگەمەندکردن.

## هەشتەم: قۆناغەکانی تەمەن

(مام جەلالی گەنج، مام جەلالی قاڵبوو) مام جەلالی شۆڕشگێڕ، مام جەلال حوکمڕان لە کوردستان و عێراق .. مام جەلالی کارەکتەری سیاسیی ناو پرۆسەی سیاسیی .. مام جەلالی پێشمەرگە و فەرماندە و ئەفەندی.

ئەم نووسین و دیدار و گوتارانە نموونەیان زۆرن.

## نۆیەم: دیاردەی نووسین و کتێبی وەڵام دانەوە

وەکو:

- کتێبی اغد دیمقراطی باسکراوی پێشتر وەکو گفتوگۆ لەگەڵ صالح دگلە.
- زنجیرە نووسینی وەڵامدانەوەی صبحی عبدالمجید وەزیری دەرەوەی عیراق.
- وتاری وەڵام دانەوەی وەزیری دەرەوەی ئێران لەسەردەمی شا خەلعەت بەری
- بەناوی خوازراوی بەشیر مشیر.

## فەسڵی دووەم

# پەیبردن بە ئەندێشەی مام جەلال

پوختەی کۆڕێکی هەڤاڵ ستران عەبدوڵڵا لە ساڵۆنی کوردستانی نوێ (ڕۆژی ٢٠٢٣/١/٢٨) لەبارەی ناسینەوە و پەیبردن بە ئەندێشەی سیاسیی مام جەلال لە ناو کتێبی بیرەوەرییەکان، وتار و وتاربێژی، گفتوگۆ و دیدارە ڕۆژنامەنووسییەکان، موحازەرەی خولەکانی کادران، لە بارەی کوردایەتی هاوچەرخ و مافە نەتەوەییەکانی کورد و خەباتی پارچەکانی تری کوردستانەوە.

ئەم کۆڕە بۆ پراکتیزەکردنی ئەدەبیاتی مام جەلال نموونەیەک لە دە نموونەی گریمانەکراو دەهێنێتەوە کە ماوەی نێوان کەوتنی سەددام (٢٠٠٣/٤/٩) تا ڕۆژی پەسەندکردنی دەستوور (٢٠٠٥/١٠/١٥) دەگرێتەوە.

پێشتر هەمان کۆڕ بە تۆمارێکی ڤیدیۆیی لە بەرهەمهێنانی کاک ئەمیر عومەر ڕۆژی (٢٠٢٢/١٢/١٨).

لە سۆشیال میدیا بلاو کرایەوە کە ڕەنگە هەندێک جیاوازییان هەبێ، بەڵام هەمان ناوەڕۆکە.

## چۆن کتێب دەبێتە کلیلی ناسینەوەی ئەندێشەی مام جەلال؟

شرۆڤە و شیکاریی دروست بۆ ئەوەی یارمەتیمان بدات لە لێکۆڵینەوە دەرهەق بە سەرۆك مام جەلال، پێویستە لە کتێب و نووسین و ووتارەوە دەست پێ بکات، پێشوەختەش دەبێت کۆی ئەم فەرهەنگە دەوڵەمەندە لەژێر تایتڵی (کەلتور و ئەدەبیاتی مام جەلال) جێگە بکەینەوە. لە قۆناغی دواتریشدا بەشوێن ئەو پرسیارەدا بچین کە چۆن بتوانین پەی بە کلیل و کۆدەکانی ئەم کەلتوورە ببەین، چۆن پۆلێنی بکەین؟ پۆلێن بەگوێرەی زەمان و زەمین، بەپێی قۆناغبەندییەکانی ژیانی سیاسی و پێشمەرگایەتی و دیپلۆماسی، هاوکات بەرمەبنای شوێن و جوگرافیا، رەنگە پێویست بێت بڵێم بەگوێرەی نازناویش، واتا بەناوی مام یان سکرتێری گشتی یان سەرکۆمار، ئەمانە پێکەوە دەمانگەیەنن بە سەرەداوەکانی ئەم فەرهەنگە دەوڵەمەندەی کە بە درێژایی تێکۆشانی سیاسی بۆی بە جێهێشتووین.

لە تایتڵی کۆڕەکەوە دیارە کە دەرهەق بە مام جەلال قسە دەکەین، بەڵام کاتێك دەربارەی ئەو زاتە و فەرهەنگەکەی بە قسە دێین، دەبێت روون بێت لەسەر کام مام جەلال قسە دەکەین؟ چۆن ناونیشانە جیاوازەکانی دابەش دەکەین و چۆنیش بە سەربەخۆیی رەفتار لەگەڵ هەر تایتڵێکیان دەکەین؟ داخۆ چۆن قۆناغە جیاجیاکانی خەباتی گەلەکەمان و تێکۆشانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و رۆڵی مام جەلال لە هەر دوو ئاستەکەدا شرۆڤە دەکەین؟ ئاخر مام جەلال وەکو چەتری کۆکەرەوەی ئەم دوو ئاراستە و ئاستە، زۆر لق و پەلی گەورەی بەرهەم و دەستکەوتی لێدەبێتەوە. بەرمەبنای ئەم راستیە وەستان لەسەر زەمەن و جوگرافیا دەوری خۆی هەیە، لەبەرئەمە هەردوو ئاستەکە ئاماژە پێدەدەم.

پەیوەند بە شوێن و جوگرافیا لە ئەندێشەی سەرۆك مام جەلالدا، هەر خۆی سەرچاوەی بیرکردنەوە و ڕامانێکی قووڵە، لە هەر بەش و پارچەیەکی کوردستان بیر و تێزەکانی مام جەلال رەنگدەداتەوە، لە هەر کامێکیان دنیابینی سەرۆك مام جەلال و فەرهەنگە بە پیتەکەی بە جۆرێك لە جۆرەکان خراوەتە خزمەت ئاشتی و کوردایەتی و خەباتی رزگاریخوازیی ئەو پارچانەوە، ئەوەی مام جەلال بۆ خەباتی پارچەکانی دیکەی

کوردستان کردویەتی ئێمە نایگێڕینەوە، بەڵکو بیرەوەری تێکۆشەران و ئەزموونی ئەزموندارانی ناو ئەو بزووتنەوە سیاسییە خۆیان دانیان پێداناوە و لە ڕێگەی کتێبەوە تۆماریان کردووە، ئەمە هەر گێڕانەوەی ئەزموون نییە، بەڵکو نەخشەڕێگای تێکۆشانی ئەو بەشانەی کوردستان خۆشیان بووە.

## کلیلی ئەندێشە لە باکوور و ڕۆژئاڤای کوردستان

ئەگەر لە باکووری کوردستانەوە هەژماری تێزە بیرییەکانی سەرۆك مام جەلال بخەینەڕوو بۆ ئەوانەی دەیانەوێت بزانن ئاستی بەشداریکردنی مام جەلال لە خەباتی باکوری کوردستان چییە؟ دەبێت کلیلەکانی تێگەیشتن لە دوو کتێبەوە دەستبخەین، یەکێکیان کتێبی (چۆن بووم بە پرد)ی مامۆستا (محەمەد ئەمین پێنجوێنی)یە[1]، کە هەرخۆمان لە مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتی هاوکاری لە چاپدانیمان کرد، نێواخنی ئەو کتێبە بە ووردی لەسەر ڕۆڵی مام جەلال و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەوەستێت لە یارمەتیدانی کوردانی باکوور و ڕۆژئاڤا، هەڵبەت سروشتی کۆمەك و یارمەتییەکان بە گوێرەی قۆناغەکان دەگۆڕین، ئەوەی مام جەلال لە دەستپێکی خەبات لە باکوور کردویەتی جیاوازە لەوەی لەسەردەمی پرۆسەی ئاشتی پێشکەشی کردووە، بە هەمان خەمی کوردایەتییەوە بۆ بزووتنەوەی کوردی لە ڕۆژئاڤاش لە ساتی دەستپێکردنی بەهاری عەرەبی لە سوریاوە هەر کۆمەك بەخش بووە، ڕاستییەکەشی بۆیە باکور و ڕۆژئاڤا پێکەوە دەبەستمەوە، هەم لەبەرئەوەی کتێبەکەی خودی مامۆستا پێنجوێنی پێکیانەوە گرێدەداتەوە و هەمیش لەم قۆناغەدا ئەستەمە خەباتی باکوور لە خەباتی ڕۆژئاڤا جیابکەینەوە، چونکە هەمان تێز و هەمان تێڕوانینی سیاسی حوکمی دەکەن. یانی هەمان خوێندنگە و ئاراستەی حزبەکەی سەر بە بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلانن.

هەرپەیوەند بە تێز و کۆمەکی مام جەلال بە جوگرافیای باکورەوە، دەشێت کۆدەکان لەکتێبە بە پێزەکـەی (جەنگـیز چاندار) بەناوی "شـەمەندۆفـێری میزۆپـۆتامـیا"ەوە وەربگرین، کە پێشتر ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) بە وەرگێڕانی کاک زریان ڕۆژهەڵاتی

1 - چۆن بووم بە پرد ... بیرەوەرییەکانی محەمەد ئەمین پێنجوینی جاپی ساڵی ٢٠٢١- چاپخانەی کارۆ – سلێمانی.

چاپی کردووه[٢] و بە عەرەبیش هەیە[٣]، ئەم کتێبە هەمدیس یارمەتیمان دەدات لە تێگەشتن لە خەباتی مام جەلال لە باکوور و رۆژئاڤا. چەقی تێڕوانینەکانی سەرۆك مام جەلالی لە خۆگرتووە لە چۆنیەتی و شێوازی پێشخستنی بزووتنەوەی سیاسی کورد لەو دوو پارچەیەی کوردستاندا، بۆ ئەمەش دەشێت ئەو دوو کتێبە ببنە کلیلی دەستڕاگەیشتن بە سروشتی بیروباوەڕ و تێڕوانینەکانی مام جەلال لە پەیوەند بە جوگرافیای دوو بەشی کوردستانەوە.

بێگومان کتێبی دیکەش هەن کە ئاماژە بە روانگەی مام جەلال لەسەر باکوور دەکەن، یەکێك لەوانە کتێبەکەی مام جەلال خۆی کە بەشێکی زۆر لە بیرە سیاسییەکەی مام جەلال روون دەکاتەوە، کتێبەکە دەرهەق بە(گفتوگۆی شۆڕش لەگەڵ میری)ە [٤]، کە دوای دانوستانی ساڵی (١٩٨٤)ی نێوان شۆڕش و حکومەتی عیراق نووسیوویەتی و روونیدەکاتەوە کە بۆچی باشووری کوردستان هەموو جارێك خەباتی چەکداری دەکات و دواتر دانوستان دەکات، تەنانەت لەپێشەکیەکەیدا دەڵێت "رەوتی خەبات لە باشووری کوردستان بەمجۆرەیە، خەباتی سیاسی، ئینجا شۆڕش، ئینجا موفاوەزات، دووبارە خەباتی سیاسی ......" و دواتریش لە بەشێکی تردا دەڵێت "ئەم بزووتنەوەیە بەمشێوەیە دەمێنێتەوە لەچوارچێوەی داواکانی گەلی کورد لە ئۆتۆنۆمی بۆ فیدراڵی بۆ هەر بوارێك لەبوارەکانی خەبات"، دواتر دەگاتە ئەوەی بپرسێت هەتا کەی؟ مام جەلال وەڵام دەداتەوە: تا بزووتنەوەی کوردایەتی لەباکوور ئەجوڵێت، هەتا باکـوور نەبزوێ ئامانج و دەستکـەوتەکانی شۆڕش ناگـەنە جێگای

٢- جەنگیز چاندار – شەمەندۆفێری میزۆپۆتامیا – گەشتەیکی مێژوویی (تورکیا – کوردەکان – بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست – خۆرئاوا) و: زریان ڕۆژهەڵاتی لە بڵاوکراوەکانی کوردستانی نوێ ٢٠١٤ – چاپخانەی پیرەمێرد.

٣- جنكيز تشاندار .. قطار الرافيدين السريع.. رحلة في التاريخ (تركيا – الكورد – الشرق الأوسط - الغرب) الطبعة الاولى ٢٠١٤.

٤ – گفتوگۆی شۆرش لەگەڵ میری ئامادەکردنی مەکتەبی سیاسی، چاپی ١٩٨٥ – چاپخانەی شەهید جەعفەر.

خۆیان، بێگومان لە ساڵی (١٩٨٤)دا مام جەلال ناوی پەکەکەی بیستبوو، یان ناوی ئۆجەلانی بیستبوو[٥]، بەڵام رەنگە کەم کەس لە باشووری کوردستان بیستبێتی، پرسیار ئەوەیە بۆچی باکووری کوردستان لە سۆنگەی مام جەلالەوە هێندە گرنگە و لەبەرامبەر ناوهێنانی بڵێت "کوردستانی باکوور وەکو میسر وایە بەنیسبەت نەتەوەی کوردەوە"، چونکە ئەو بەشە لە کوردستان کە هەڵسێتەوە و رابوونێکی گەورە لەوێ روو‌بدات، مەسەلەی کورد بە جۆرێکی دیکە بەرەو چارەسەر دەڕوات، بەو مانایەی هەموو گۆڕانکارییەك لە ئاراستەی دەستکەوتەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی لە هەر چوار پارچە، هەر دەبێت بە باکوردا تێپەڕێ.

## کلیل و کۆد سەبارەت بە مام جەلال و رۆژهەڵاتی کوردستان

سەبارەت بە کۆدەکانی تێگەیشتن لە بیرکردنەوەی مام جەلال لەبارەی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە، ئەوا کتێب و بەرهەمی بەشێك لەتێکۆشەرانی رۆژهەڵاتی کوردستان ئەمە روونەکەنەوە، خۆ ئەگەر بەتایبەتی بمانەوێت مام جەلالی گەنج، چەپ، ماوی و یارمەتیدەری رۆژهەڵاتی کوردستان بناسین، ئەوا کتێبەکەی (حەسەنی قازی) بەناوی (سازمانی ئینقلابی کوردستان)[٦] گرنگترینە، کتێبی ناوبراو قۆناغێك لەژیانی ئەو رابەرە دەگێڕێتەوە کە مام جەلالی گەنجە و مێژووی تێکۆشانی ساڵانی شەستەکان باسدەکات، فۆکەس دەخاتە سەر ئەو رۆڵەی کە ئەو گێڕاویەتی لەیارمەتیدانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، هەڵبەت ئەو کتێبە زۆر بابەت روون دەکاتەوە. کاتی خۆی هەمان کتێب کە لە ئەوروپا چاپکرابوو، لە کوردستانیش بە هاوکاری مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتی چاپمان کردووە. بێگومان باسی هاوکاری هێزی پشتیوان بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان لەولاوە بوەستێ.

---

٥- بۆ پەیوەندی دێرینی نێوان مام جەلال و ئۆجەلان، یەکێتی و پەکەکە، بڕوانە کتێبی (لە رۆما کەوتە بەرچاوم کوردستانی عوسمانی و تورکیا – لاپەڕەکانی ٣٥٦ – ٣٧٤ دیدار لەگەڵ (ئاوات عەبدولغەفور) چاپی ٢٠١٣ – چاپخانەی شڤان.

٦- سازمانی ئینقلابی و کوردستان – حەسەن قازی، چآپی دووەم – ساڵی ٢٠٢٢ چاپخانەی شڤان.

## کۆدەکانی ئەندێشەی مام جەلال بۆ باشووری کوردستان

سەبارەت بە مام جەلال و خەباتی لە باشووری کوردستان، کە چەقی خەبات و تێکۆشانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و مام جەلالە، کۆمەڵێك کتێب دەشێت وەك کلیلی سەرەکی تەماشا بکرێت، یەکێك لەو کتێبانە (دیداری تەمەن)ە[7] کە (سەڵاح ڕەشید) گفتوگۆی لەگەڵ مام جەلالدا سازداوە و لە زاری سەرۆك مام جەلالەوە وورد و درشتی سیاسەت و خەباتی کورد و یەکێتی لە باشووری کوردستان بە ئەزموونی دەوڵەمەندی خۆی گێڕاوەتەوەو دەتوانرێت بە کلیلی تێگەیشتن لە ئەندێشەی مام جەلال بۆ خەباتی باشووری کوردستان تەماشا بکرێت.

کتێبی دووەم چەند بەرگ بیرەوەرییەکانی (نەوشیروان مستەفا)یە[8] لە باسکردنی خەباتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. زۆر لایەنی گرنگی لەبارەی تێڕوانین و دیدگا و تێزە بیرییەکانی مام جەلالی لە خۆگرتووە. جگە لەوانیش دوو کتێبی دیکــە هــەن، یەکێکیان (چرای ڕێی خەبات) ە[9]،کە باڵیۆز (محەمەد سابیر) نووسیوویەتی و بریتییە لە نامەکانی مام جەلال بۆ ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کـوردستان لە دەرەوە

---

٧- دیداری تەمەن... لە لاوێتییەوە بۆ کۆشکی کۆماری – چاپی سێیەم ٢٠١٧ – چاپخانەی کارۆ.

٨- ئەم چوار کتێبەی نەوشیروان مستەفا ئەمین بە زنجیرە و لەسەر یەک ڕووداوەکانی شۆڕشی نوێ و دونیابینی یەکێتی و، لە ناویشیاندا بەشێک لە دونیابینی مام جەلال دەگێڕێتەوە.
-(لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ، دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عیراق ١٩٧٥-١٩٧٨).
-(پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عیراق ١٩٧٩-١٩٨٣).
-(خولانەوە لە ناوبازنەدا، دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عیراق ١٩٨٤-١٩٨٨).
-(خەون یان مۆتەکە! دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عیراق ١٩٩٢-٢٠٠٢).

٩- ئەم کتێبە دوو بەشە کە ئەدەبیاتی دەوڵەمەندی نامە نووسین لە ئەزموونی شۆڕشگێڕی یەکێتی نیشان دەدا، بڕوانە: { چرای ڕێی خەبات: کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: جەمال لۆلۆ، ساڵی ٢٠٢٢، چاپخانەی پیرەمێرد}.

یان بۆ هەڤاڵەکانی و لە ئەرشیفی نووسەر پارێزراون و دەتوانرێت پشتیان پێ ببەسترێت بۆ بەشێك لە کۆدەکانی ئەم بوارە، دیسان کتێبەکەی (هـۆمەر شێخمووس) دیدارێکـی دوورو درێژە لەگەڵ مام جەلال، ئەمیش پێشتر لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ چاپمانکردووە[10]، کتێبەکە بەشێك بوو لە تێزی ئەکادیمی نووسەر کە قسە لەگەڵ مام جەلال دەکات هەم وەك ژیاننامەی، هەم وەکو ئەندێشە و بیرکردنەوەی سیاسی و چۆنیەتی رامانی لە پرسە کوردستانییەکان و خستنەڕووی چارەسەری ئەو پرسانە لە دیدی مام جەلالەوە.

کاروانی بیری مام جەلال دورو درێژە و ساڵانێکی زۆر ئەو بەرهەمانە، هەر هەڵگری تێزە بە پیت و بەرەکەتەکانی مام جەلال بوون لەبارەی کوردایەتییەوە، بێگومان یەکێکی تریش لەکتێبەکان (كتابات في المسألة الكرديه)[11] یە، کە پێشتر بەشی یەکەم و دووەمی بنکەی (ژین) چاپیان کردووە، بەشی سێهەمیشی بەخۆشحاڵییەوە مەکتەبی راگەیاندن بەهاوکاری بنکەی ژین چاپیکردووە. ئەم کتێبە نامیلکە یان ووتار یا لێکۆڵینەوەی جیاجیای لەخۆگرتووە، لەناویاندا چەند لێکۆڵینەوە و موحازەرەی پوختەکراوی مام جەلالی تێدایە، یەکێك لەوانە سیمینارەکەی مام جەلالە لە جەزائیر، یەکێکی دیکەشیان ئەوی مەدریدە، کە لەوێ بۆ یەکەمجار دەڵێت چارەسەری مەسەلەی کورد، ئەگەر لەچوارچێوەی عیراقدا قسەی لەسەر بکەین، بە فیدراڵی دەبێت، ئەگەر نا، دەبێت دەوڵەتی کوردستان دروست بکەین. بێگومان دەڵێت "لەم قۆناغەدا پێویست دەکات بە فیدراڵی چارەسەری کێشەکان بکەین". ئەمە خۆی تێزێکی فکریی دەوڵەمەندە و بە راستیش ئەگەر بمانەوێت بەشێك لە ئەندێشەی مام جەلال لە بواری فیکریدا بدۆزینەوە. چونکە ساڵی ١٩٨٧ لە مەدرید تێزی فیدراڵی خستەڕوو و ساڵی ٢٠٠٤ لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا فیدراڵی بووە یاسایی و دوایی لە دەستووری ٢٠٠٥ جێگیرکرا.

---

١٠- کتێبی (رامانی مام ... دیداری دوو دۆست. هۆمەر شێخ مووس)، لە بڵاوکراوەکانی رۆژنامەی کوردستانی نوێ- چاپی ساڵی ٢٠١٧ ، چاپخانەی کارۆ.

١١- كتابات في المسألة الكردية ثلاثة أجزاء الطبعة الثانية (منقحة و مزيدة) اعداد رفيق صالح - تقديم ستران عبدالله - السليمانية ٢٠٢٢

ئەو شتانەی کە باسم کرد، چەند قۆناغێکی جیاجیا و ناونیشانی جیاجیای مام جەلالمان پێ نیشان دەدات، مام جەلال ئەو کاتەی کە گەنجە لەناو ریزەکانی پارتی، ئەو کاتەی لەناو مەکتەبی سیاسی پارتییە، مام جەلال ئەو کاتەی سکرتێری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە، ئەوکاتەی کە لە شۆڕشە، هەروەها ئەو کاتەی کە لەدوای راپەڕینەوە خۆی و حزبەکەی حکومڕانی بەشێك لە کوردستان دەکەن، لەوەش بەدواوە ئەو کاتەی کە دەبێتە سەرۆك کۆماری عیراق، لەناو ئەو تایتڵە جیاجیایانە، ناونیشانی دیکەشمان هەن: بۆ نموونە ئەندامێتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سۆشیال ئینتەر ناسیۆنال، ئەوەش موحازەرەی تایبەتی خۆی هەیە. جا ئەمانە هەم جوگراڤیا پیشان دەدەن، هەم ناونیشانی جیاجیای مام جەلال نیشان دەدەن، هەروەها تەمەنی جیاجیای مام جەلالمان لەو خەباتەدا بۆ دەگێڕنەوە.

یەکێکی دیکە لە کتێبەکان کە پیبلوگرافیا و پێڕستی مام جەلال لەکتێبی کوردیدا پیشان دەدەن، واتە ئەوەی کە مام جەلال نووسیویەتی و ئەوەی لەسەر مام جەلال نووسراوە، تەنانەت ئەوەی دژی مام جەلالیش نوسراوە، ئەمەیان کتێبێکە[١٢] (بوار نورەدین) نووسیویەتی و ساڵی (٢٠١٤) لەلایەن کوردستانی نوێوە چاپکراوە، کە ناونیشانی سەرجەم ئەو کتێبانەی تێدایە کە لە ساڵی (١٩٦٤)ەوە بەکوردی نووسراون تا ساڵی (٢٠١٠) و ئاماژەی بە هەموویانداوە.

---

١٢- مام جەلال تاڵەبانی بیبلیۆ گرافیا و پێڕستی لە کتێبی کوردیدا ١٩٦٤-٢٠١٠

## چۆن موحازەرە و وتاربێژی مام جەلال لە جۆشدانەوەی جەماوەر دەبێتە کلیل

ئێستا دێینەسەر ئەوەی باسی کام جۆر لە گوتار و گوفتار و نووسینی مام جەلال دەکەین؟ هەڵبەت مام جەلال جۆرەها ئەدەبیاتی هەیە و ئەگەر بمانەوێت لە بەخششەکانی تێبگەین، یەکێکیان تەکنیکی (جۆشدانی جەماوەری) یە لە وتارەکانیدا، هەڵبەت هەموو سیاسییەك بەوە دەناسرێتەوە تا چەند وتاربێژێکی سەرکەوتووە و دەتوانێ کاریگەری لەسەر خەڵك و رای گشتی بەجێ بهێڵێ، لە کوردستان و ناوچەکەش هاوتای مام جەلال لە وتاربێژیدا نەبووە، بەرزی و نزمی دەنگی، خوێندنەوەی قووڵی ستراتیژی، پێشبینی و شرۆڤەی زانستیانەی دیاردەکان، بەکارهێنانی ئیدیۆم و شیعر، بەکارهێنانەوەی رووداوە مێژووییەکان، لە خەسڵەتە سەرەکییەکانی وتارەکانی مام جەلال بووە. کورت یان درێژ قسەی کردبا، هەر بەو تامەزرۆیی و حەسرەتەوە گوێی لێدەگیرا.

بۆ نموونە لەوتاری کۆبوونەوەی جەماوەریی (سورداش)ەوە تاوەکو وتارەکانی لەدوای راپەڕین کە لە سلێمانی و بەدیاریکراوی لە (٩/١١/ ١٩٩١) دا پێشکەشی کرد، دواتر لە هەولێر رۆژی کۆتاییهاتنی مانگرتنەکەی ساڵی (١٩٩١)، بەمشێوەیە، یان ئەو وتارانەی کە مام جەلال لەناو جەماوەری گەورەدا داویەتی و هەروەها بەشێك لەوتارەکانی لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنی ساڵی (١٩٩٢) و پاشتریش ساڵی (٢٠٠٩)، جگە لەوانەش ئەو وتارانەی مام جەلال لە هۆڵی گەورەدا پێشکەشی کردون و تۆمارکراون، لەوانە لە یادی رزگارکردنی کەرکوك لە کۆتایی نەوەدەکان لە هۆڵی رۆشنبیری لە سلێمانی، کە وتارەکە سەلماندنی کوردستانیبوونی کەرکوك و خستنەڕووی بەڵگە مێژووییەکان بوو.

ئەمانە بەشێك لەئەدەبیاتی مام جەلال دەردەخەن، سروشتی موحازەرەکانی دەرەوەی جوگرافیای کوردستان جیاوازن، چونکە رووی لەخەڵکی دیکەیە، بۆ نموونە لە کۆنگرەی جەزائیر لە ساڵی (١٩٦٧) رووی لەچەپی عەرەبی و بزووتنەوەی

سۆشیالیستی عەرەبییە، بەڵام موحازەرەکەی لە مەدرید (ساڵی ١٩٨٧) رووی لە دنیایە، بە هەموو جیاوازییەکانەوە، و جۆرێکی دیکەیە. بێگومان موحازەرەکەی لە لەندەن بۆ خوێندکاران کە وەك سەرۆك کۆمار قسە دەکات، لەهەردووکیان جیاوازترە، چونکە بەرپرسیارییەتەکەی جۆرێکی دیکەیە و جیاوازترە.

جۆر و فۆڕمێکی تری ئەدەبیاتی مام جەلال لەناو ئۆرگانە رێکخراوەییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان خۆیدایە، کە لەخولە جیاجیاکانی کادران وەك جۆرێك لە پەروەردەی سیاسی و حزبی پێشکەشی کردوون، بەنموونە موحازەرەکەی مام جەلال کە لە خولی کادرانی ناو شۆڕش پێشکەشکراوە[١٣]، هەروەها ئەو موحازەراتانەی کە لە خولی پێگەیاندنی کادران لە قەڵاچوالان و ناو هێزی پێشمەرگەی کوردستان پێشکەشکراون، دیارە ئەم تێکەڵەیەکە هەم لە جۆشدانەوە و هەم لە بواری ئەندێشەی فیکری، پاشان موحازەرەی لە خولی ساڵی (٢٠٠٠) کە باسی ئەزموونی رۆژنامەنووسی خۆی دەکات، ئەوە خەسڵەتی هەمەلایەنی رابەرە وەك چۆن لەگەڵ پێشمەرگە باسی پێشمەرگایەتی

خۆی دەکات و لەگەڵ راگەیاندنکارەکانیش باسی راگەیاندن[١٤] و لەگەڵ رێکخستنەکان باسی رێکخستنەکان دەکات، بۆ نمونە موحازەرە و وتەکانی لە کۆنفرانسی مەڵبەندەکانی سلێمانی و راپەڕین و کۆنفرانسی مەڵبەندی پێشمەرگایەتی کە لەوێ باسی حزبایەتی و رێکخستن و کارەکانی یەکێتی دەکات. ئەمە جگە لەوەی لەگەڵ حکومەتیش کۆبوونەوەی هەیە دەربارەی سروشتی حوکمڕانییەکی تەندروست. هەڵبەت ئەگەر ئەو بەرهەم و ئەندێشە جەلالیانە پۆلێن بکرێن یارمەتیمان دەدەن بۆ ناسینی ئەدەبیاتی مام جەلال.

---

١٣- شۆڕشی نوێ لە پراکتیکدا...لە سونگەی دیدارێک و کۆبوونەوەی کادیرانی ١٩٨٢ -جگە لە موحازەرەکە ئەم کتێبە دیدارێکی ناساندنی یەکێتی تێدایە کە وەفا کرماشانی لەگەڵ مام جەلال سازی کردووە. لە بڵاوکراوەکانی بۆردی هۆشیاری سەر بە مەکتەبی راگەیاندن و هۆشیارییە، چاپی ساڵی(٢٠٢٤)

١٤- بڕوانە کتێبی رۆژنامە و رۆژنامەنووسی ئاوا بن چاپی ساڵی (٢٠٢٥).

## دیدارە ڕۆژنامەنووسییەکانی مام جەلال لەگەڵ میدیای بیانی

لقێکی دیکەی ئەدەبیاتی مام جەلال دیدارە ڕۆژنامەنووسییەکانیەتی، بەپێی سروشت و جۆرەکانیان. ئەو گفتوگۆ و هەڤپەیڤینانەی سەرۆك مام جەلال کردوونی بۆ سێ بەش پۆلێن دەکەم، یەکێکیان ئەوانەن کە بۆ میدیای (عەرەبی، فارسی، تورکی، بیانی)[15] کردوونی، ئەم جۆرەیان کە بەزمانی ئەو نەتەوانە تۆمار و نووسراونەتەوە، جۆرێکە لە موخاتەبە لەگەڵ ئەوانی دیکەدا، دەکرێت ئەمە ترۆپکی کارزانی و لێوەشاوەیی مام جەلال بێت لە بەکارهێنانی میدیا بۆ هەناردەکردنی پەیامەکان، بەو مانایەی لەگەڵ تۆ باسی چی دەکات و چۆن باسی دەکات، لەکاتێکدا لەگەڵ فارس و عەرەب و تورکیش باسی چی دەکات و بە چ شێوەیەکیش باسی دەکات، هەر ئەمجۆرە لە مەسجی سیاسی و دیپلۆماسیی، بەڵگەیە لەسەر دەوڵەمەندیی ئەدەبیاتی سیاسی سەرۆك مام جەلال.

هەر پەیوەندی بە گفتوگۆ ڕۆژنامەنووسییەکانی مام جەلال، جۆرێکی دیکەیان دەچێتە خانەی سەرد و گێڕانەوەی شێنەیی، کوردەواریی گوتەنی بە شێنەیی و ئیسراحەتتر ئەنجام دراون. لەوێ مام جەلال بەشێك لەژیانی خۆی دەگێڕێتەوە، بۆ ئەمە ڕەنگە گفتوگۆکەی (عومەر شێخمووس) و دواتریش (سەلاح ڕەشید) و ئەوانی تریش جۆرێك بن لەو تایپە دیدارانە. با نموونەیەك بگێڕمەوە، (ك. بەهار) کە فیلمێکی هەیە بەناوی (گەلی کورد سواڵکەر نییە)، دەڵێت گفتوگۆیەکی جەنابی مام جەلالم هەیە تا ئێستا بڵاوم نەکردۆتەوە، دەی خۆ سەرۆك مام جەلال شتی زۆری هەبووە و زۆری ماوە دەربکەوێت، کاتی خۆشی کوردسات لەسەر بابەتە جیاجیاکانی مێژوو کۆمەڵێك دیداری هەبووە، ئەو چەپکە دیدارە چڕ و پڕانە بیرکردنەوەی سیاسی مام جەلال دەردەخەن، کاتی خۆی لەبارەی ئەندێشە و سیاسەتەکانی مام جەلال بەر مەبنای قۆناغە مێژووییەکان موحازەرەیەکم لە پەیمانگای کادیران و پاشان لە

---

١٥- بڕوانە کتێبی جلال طلباني.. مواقف وآرء إعداد وتقديم صلاح بروارى (چاپی دووەم نیسانی ٢٠١٠)

مـەڵبەندی پێشمەرگــە لەسەر تێزیناميلكەی (يەكێتيی نيشتمانيی كوردستان بۆچی؟) پێشكەشكرد كە ناميلكەكەم بەسەر دۆخی ئەمڕۆدا پراكتيزە كرد. (لە فەسڵی سێيەم ئەم كتێبە موحازەرەكەم داناوەتەوە).

## نموونەی پراكتيكيی وتارە رۆژنامەنووسييەكانی مام جەلال

واتا ئەو نووسينانەی كە مام جەلال خۆی نووسيونی، هەڵبەت ئەوە چيرۆكێكی دوور و درێژە و شتی زۆری لە بارەيەوە هەيە، هەم سەبارەت بە ناوی خوازراوی نوسينەكانی و هەميش دەرهەق بە شێواز و ميتۆدی نووسينەكانی. بەپێی ساغكردنەوە مێژووييەكانيش بێت مام جەلال لە پەنجاكانەوە ناوی ديكەی لە نوسينەكانی بەكارهێناوە، سەرەتا بەناوی (ئاگر)ەوە شتی نووسيوە و لە قۆناغێكی تردا بەناوی (پيرۆت). بێگومان نووسين جياوازە لەگوتار، خۆشمان كە لە قسەكردندا جياوازين لە وتارداندا، يان لەوتار نووسيندا، بۆيە ئەم بابەتەم بەتايبەتی لەسەر وێستگەيەكە لە وێستگەكانی نووسينی مام جەلالە. هەڵبەت نووسين لای مام جەلال و لای هەموو كەسێكيش وەهايە كە پێشتر خۆی بۆ ئامادە دەكات، وەك ئەوە نييە كە قسە ئەنجامی پرسيارێك بێت كە روبەڕووی بكرێتەوە، بەڵكو نووسين پرۆسەيەكی درێژتر و ئامادەسازيی زياتری دەوێت، تەنانەت بۆی دادەنيشێت و رێوشوێنی نووسينەكە دادەنێيت و هێڵە گشتييەكانی رێك دەخاتەوە. لەبيرم دێت لە موحازەرەكەی مام لە خولی (٢٠٠٠) شێوە و ميتۆدی نووسينی خۆی بۆ گێڕاينەوە و ئەوەی بيرم مابێت وتی: "من لەپێشدا بيری لێدەكەمەوە، ئينجا دوايی لەمێشكی خۆم دەينووسمەوە"، ئەمە خۆی شەرحی حاڵی بەرپرسياريەتی نووسينی جەلاليانەيە، ئەوەتا كاك كاميل ئەحمەد فەرەج لە تيمی سكرتاريەتی سەرۆك مام جەلال لێرەيە و باش دەزانێت، جار بەجار كە مام جەلال بە باخچەكەدا دەهات و دەچوو واباوبوو دەيانووت، "مەچن بەلايدا بير لەنووسين دەكاتەوە"، كە دەشينووسی بە خەتێكی جوان و گەورە دەينوسی، بەڕاستيش خەتی مام جەلال زۆر خۆش بوو، بەڵام زۆر دەستكاری نووسينی دەكرد، جاروبار ئەستێرەيەكی بۆ دەكرد و لەپشتەوە پەراگراف و رستەی زيادەی دەخستە سەر نووسينەكەی، كەسانێك هەن ئيديعای ئەوە دەكەن گوايە لە سكێچی ووتار

و ئەستێرە و پەراوێزەکانی تێدەگەن، بەڵام بەش بە حاڵی خۆم کە گوایە خەتی مام دەخوێنمەوە و گوایە لێی تێدەگەم بەئاسانی لێی دەرنەچووین و توشی هەڵە دەبووین، دەی خۆ هەموومان ئیدیۆمە ناسراوەکەی مام جەلالمان دێتەوە یاد کە بە زارەکی و نوسینیش پێی وتووین "ئەزی تێدا شەرمەزارم"، چونکە ووشە هەبووە لێی تێنەگەشتووین و بە مانایەکی تر بەکارمان هێناوەتەوە.

بە گشتی خەتی مام جەلال لەنووسیندا خۆش بوو، پێمانوابوو دەتوانین ئەگەر وشەیەکیش روون نەبێت بە ئەندێشەی خۆمان لێکی بدەینەوە، داخۆ چ مانایەکی هەیە و لە وتارەکەدا چ دەگەیەنێت؟ بەڵام بەردەوام تێیدا مۆفەق نەدەبووین، یەکێك لەو شتانەی بەردەوام رەخنەی لێدەگرت، دەیووت بە "تەریقەی هانی هانی مەنووسن"، ستایلی نووسینی هانی هانی ئەوەیە بەبێ سەرچاوە یان بەمەزەندەی خۆت و خەیاڵی خۆت بنووسی، یان شتێك کە بەشداریت تێدا کردووە و وا دەزانیت لەبیرتە، دواتر سەیر دەکەیت لەبیرت نییە، ئەم جۆرە نووسینەی پێباش نەبوو، رەنگە برادەران لەبیریان بێت ریشەی دەستەواژەی (هانی هانی) ئەو تەشویشە بووە کە حکومەتی عیراق دەیخستەسەر رادیۆی شۆڕش بۆ ئەوەی دەنگی شۆڕش نەگات، ئێستاش لەکوردەواری خۆماندا ئەگەر بمانەوێت بڵێین تەشویشم مەخە سەر دەڵێین هانی هانیم لەسەر مەکە. مام جەلال حەز ناکات بەم شێوازە ووتار بنووسرێت کە کوردەواری پێیدەڵێت "جەڵەبی"، بەو مانایەی هەروا بنووسیت بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکەیتەوە بزانی هێڵەکانی نووسینەکەت چین.

ئەو نووسینانەی مام جەلال کە بە ئەڵقە نووسراون زۆر گرنگن، چونکە ئەشێ وتارێك بنووسێت و تەواو بینێرێت بۆ بڵاوکردنەوە، بەڵام کە نیەتی ئەڵقە و زنجیرەی لێنا شتێکی ترە، هەڵبەت نووسەر دەزانێت بۆچی ئەم ئەڵقەیە لێرەدا کۆتایی دێت و خاڵێك دادەنێت لە سەری، دەشزانێ ئەڵقەی پاشتر بۆچی لەوێدا کۆتایی پێ دەهێنێت، ئەمەش پێی دەوترێت "شێوازی تەعبینە" یان پەسیج و سازدان و جۆشدان. هەڵبەت میتۆد و شێوازی فێرکاریشی پێدەوترێت. واتە ئەزموون بەخشییە، دەزانرێت کە مام جەلال لە نووسیندا زۆرجار ئەم زاراوانە دووبارە دەکاتەوە "هەروەکو لە پێشوودا باسمانکرد ئەم مەسەلەیە ئاوها و ئاوهایە"، ئیجا دێتەوە سەر تەواوکاری قسەکەی.

ئەگەر بێینە سەر بەراوردکاریی لەنێوان مام جەلال و قەڵەمەکانی تری دنیای نووسین لە کوردستان، دەبێت دان بەوەدا بنێین میتۆدی نووسینی مام جەلال جیاوازە لە شێوازی نووسینی کاك نەوشیروان مستەفا، زمان و قەڵەمی نەوشیروان مستەفا تۆزێك وردترە بەڵام ڕەقە، کەچی میتۆدی مام ئیلهام بەخش و تەشویقییە، بۆ نموونە کە دەنووسێت سەرەڕای پێداچوونەوە، بەڵام دەستکاری ناکات یان ئیدیۆمێکی تایبەت بە خۆی بەکاردێنێ و دەڵێت بۆ نموونە "کاك یوسفەکەی خۆمان" ئیدی ڕۆژنامەنووسی بە سەلیقە دەبێت بزانیت مەبەستی "یوسف زۆزانییە"، هەڵبەت کە پێداچوونەوە و موراجەعەشی دەکاتەوە دەتوانێت دەستکاری بکات و بنووسێت یوسف زۆزانی. بەڵام مەبەستێتی موحیبەتێك پیشان بدات، بۆیە باشوایە سیاقی نووسینی مام جەلال دەستکاری نەکرێت، یان دەڵێت "میریی خۆمان" یان "فەرماندەیی خۆمان" تەنانەت لەکتێبی "گفتوگۆی شۆڕش لەگەڵ میری" هەمان ئەو چەمکە بەکاردێنێتەوە، بەڵام میری کێیە؟ ئەوە پرسیارێکە و پێویستی بە ووردبوونەوە هەیە، چونکە مام جەلال کاتێ دەستەواژەی "خۆمان" دەخاتە پاڵ ناوی میری، بۆ ئەوەیە جیای بکاتەوە لەو وێنە زەینیەی کە بەدرێژایی مێژوو بۆ بەعس بەکاریهێناوە و لە شوێنی تر پێی وتووە "ڕەفتار فاشی"و شتیتریش، ئەوە میتۆد و شێوازی مام جەلالە و دەبێت لێی حاڵی بین.

لەم باسەدا وەک مۆدێلی وێستگە دەمەوێت سەرنجتان بۆ نموونەیەك ڕاکێشم، ئەویش وێستگەی نێوان کەوتنی سەدام حسێن لە ساڵی ٢٠٠٣ و گەڵاڵەکردن و پەسەندکردنی دەستووری عیراقە لە ساڵی ٢٠٠٥. ئەم وێستگەیە ماوەی دوو ساڵ دەگرێتەوە و لەو ماوەیەدا مام جەلال بەکامی دڵ و قەڵەم کاری کردووە تاوەکو بنەما و چەمکە هاوچەرخەکان بکاتە بەشێك لە دەستووری عیراق و ئەندێشەی پەسەندکراو، یان با بڵێین دانپێدانراو لە عیراقدا. دیارە خەیاڵی بەرین و لۆژیکی مام جەلال شتێکە و بیرکردنەوەی خەڵکی دیکەش شتێکی تر ڕەنگە لەناو کورددا هەبووبێ بیری لە ئیمپراتۆریایەکی کوردی کردبێتەوە، لەوانەشە شیعەیەك خەیاڵی بۆ جۆرێك لە بنەما چووبێت و سوننەش بە هەمان جۆر، بەڵام بیرکردنەوەی سەرۆك مام جەلال شتێکی ترە، ئەو باوەڕداربووە بە خەباتێکی شێنەیی بۆ چەسپاندنی بنەماکان. ڕاستە

پێشتر ووتمان لەماوەی ئەو دووساڵە ئاداری ٢٠٠٣ بۆ کۆتایی ٢٠٠٥، بەڵام خۆ مام جەلال لەدوای راپەڕین، لەسەرەتای نەوەدەکانەوە، هەر هیمەتی بۆ چەمکە باڵاکان کردووە. دەزانن ساڵی (١٩٩٢) دوای دەرچوونی یەکەم ژمارەی رۆژنامەی (الاتحاد) کە ناوی رۆژنامەکە هەم مانا و ئاماژەیە بۆ یەکێتی و هەمیش هێمایە بۆ فیدراڵی و یەکێتییەکی ئارەزومەندانە، ئەودەم مام جەلال وتارێك دەنووسێت بە زمانی عەرەبی[١٦]، لەوتارەکەدا بۆ مێژوو ئەوەی تۆمارکردووە کە "هەموو هێزە سیاسییەکانی عیراق بیر لە هەڵوەشاندنەوەی عیراق دەکەنەوە، تەنها گەلی کورد بیر لە یەکێتی خاکەکەی دەکاتەوە، ئەویش لە رێگەی ئیتیحادێکی فیدراڵییەوە"، لێرەدا مام جەلال نموونە دەهێنێتەوە و دەڵێت حزبی شیوعی عیراق حزبێکی ئومەمییە، ئەم حزبە بیر لە وڵاتێکی گەورەی سۆشیالیستی دەکاتەوە، واتا هەموو دنیا بکات بە یەك وڵاتی گەورەی سۆشیالیستی، ئەمە سەروەختێك ئەو قسەیە دەکات کە ساڵی (١٩٩٢)ەو سۆشیالیستی نەماوە، بەس مام جەلال گریمانەی فیکری باس دەکات، هەروەها دەڵێت "حزبی ئیسلامیی عیراقی باوەڕ بەوە دەکات کە خەلافەت زیندوو بکاتەوە و میسر و عیراق و یەمەن هەمووی یەك وڵات بێت و هەرچی موسڵمانە لەسەر زەوی یەك وڵاتی هەبێت و بیرکردنەوەیان لەسەر زیندوکردنەوەی ئەو خەونەیە"، سەبارەت بە ئەندێشەی شیعەکانیش دەنوسێت "بیر لە سیستمێکی سیاسی دەکەنەوە شیعە تێیدا حاکم بێت و لە چوارچێوەی عیراقێتی دەردەچن و بیرکردنەوەیان فراوانخوازییە"، پاش راڤەی هەڵوێستی ئاراستە سیاسی و نەتەوەییەکانی عیراق لەو باوەڕەدایە پێکهاتەیەك کە یەکێتی عیراقی مەبەستە تەنها کوردە، چونکە کورد لەم قۆناغەدا ناتوانێت ئەم وڵاتانەی تر (تورکیا، ئێران، سوریا) دابەش بکات و کوردستانەکان یەک بخات.

گرنگی نوسینەکەی مام جەلال لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە بە عەرەبیە و بەهەمووان دەڵێت کە "تۆمەتەکانتان بەرامبەر کورد ناڕەوان و ئەوەی لە عیراقدا ئینیفساڵی نیە تەنها کوردە، چونکە ئێمە دەمانەوێت مافەکانی خۆمان لەگەڵ ئەو نەخشەیە

١٦- ئاماژە بە الاتحاد ژمارە: ٥ ساڵی١٩٩٢.

بگونجێنین کە عیراقی رەسمی تێیدا دەژی، بۆ ئەوەی مافەکانمان بەدەستبهێنین و ژێردەستە نەبین، ئێمە ئیتیحادی فیدراڵی داوادەکەین". ئەمە بنەما و تێزی تەرحکراوی مام جەلالن، بەڵام لەبەرئەوەی مام جەلال نەخشەڕێگای ئۆپۆزسیۆن و سکێچی خەباتەکەی دادەڕشت ئەم نەخشەیە دەبنە پرانسیبی سەرەکی یەکەم کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عیراقی لەسەر خاکی کوردستان کە بە کۆنگرەی سەلاحەدین دەناسرێتەوە، هەروەك چۆن فیدراڵی لە پەرلەمانی کوردستان لە (١٩٩٢/١٠/٤) وەك بنەما بۆ داهاتووی عیراق پەسەند دەکرێت، بەشدارانی کۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی عیراقی تەنها ئەوەندەیان پێ پەسەندە بڵێن رێز لە ئیرادەی گەلی کوردستان دەگرین، بەڵام لە کۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی عیراقی لەساڵی (١٩٩٩) پرسەکە دەگۆڕێ و زیهنییەتی عەرەبی عیراقیش ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت و خواستی فیدراڵی "لە ئیحتیرامەوە دەبێتەوە ئیقرار"، دواتریش لەگەڵ روخانی سەدام دەبێتە بەشێك لە دەستووری عیراق.

بیرمان نەچێت ئەوە پرۆسەیەکی سانا و ئاسان نەبوو، بەڵکو لە کۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقیشدا لە لەندەن ئیقرارەکە دووبارە دەبێتەوە، بەڵام کاتێك کۆنگرەیەکی ئۆپۆزیسیۆنی عیراقی لە ناسریە دەکرێت کە هێشتا رژێمی سەدام حسێن بەتەواوی نەکەوتووە، بە ناڕوونی باسی فیدراڵییەت دەکرێت کە رەنگە ئەوە سەرەتای ئۆینبازی شەریکەکانی عیراق بێت کە بیانەوێت عیراق بەرەو فیدراڵی پارێزگاکان ببەن، ئینجا لەناو قانوونی ئیدارەی دەوڵەتدا (ئازاری ساڵی ٢٠٢٤) پەسەند دەکرێت بە ناونیشانی فیدراڵی و دواتر لە دەستووری عیراقیشدا دەکرێت بە هەرێمێکی فیدراڵی دەستوری ساڵی ٢٠٠٥ من دەمەوێت بەگشتی لەسەر ئەم بابەتانە قسە بکەم، بەتایبەت ئەو کۆششە تەعبەوییە، واتا (پەسیج) سازییەی کە مام جەلال کردوویەتی بۆ ئەو خەونانەی گەلی کورد  لە بزوتنەوەی رزگاریخوازیدا (لە بەشی عیراق) هەیبووە، بیخاتە چوارچێوەی ئەم نەخشە تازەیەی عیراقی لەسەر بینا دەکرێت، وەك روانگە و دەستەواژە ناوم ناوە "تاشتکردنەوەی جوگرافیا و مێژوو"، واتا تۆ دێیت جوگرافیای عیراق دەهێڵیتەوە، بەڵام مێژووش رەچاو دەکەیت کە تەواوەتی باشووری کوردستان ئەوەیە کە ئێمە داوای دەکەین، واتا کەرکوك و ناوچە دابڕێنراوەکانی دیکە لە چوارچێوەی دەستوور و مادەی (١٤٠) دا جۆرێك لەئیقراری

تێدایە کە بەشێکن لە کوردستان.

ئەو رۆژگارە ئێمە سەرمەستی روخانی سەددام بووین، بەڵام پڕ دەرس و پەندیش بوو، لە (٩)ی نیسانی (٢٠٠٣) کاتێك پەیکەری سەدام حسێن لە بەغدا دەکەوێت و دەڕمێت. دەبینین پۆشاکێکی سەوزی سەربازی لەبەردایە، لە (١٠) ی هەمان مانگ و ساڵ، واتا رۆژی دواتر، کە پەیکەرەکەی لە کەرکوك دەڕمێت جلێکی عەرەبی لەبەردایە، ئەم شەڕی ئاماژانە زۆر گرنگن، سەدام حسێن لەبەغدا پیاوێکی عەسکەرییە کە خەڵکی عیراق بە هاوکاری ئەمریکییەکان دەیڕوخێنن بۆ ئەوەی بتوانن دیموکراسی بچەسپێنن، بەڵام لە کەرکوك سەدام حسێن بەعەگاڵی عەرەبییەوە کە رەمزە بۆ تەعریب، دەکەوێت.بیرمە دوو رۆژ دوای ئەوە لە (١٢)ی نیسان مام جەلال دەچێت بۆ کەرکوك و دواتر دەچێت بۆ خانەقین و دووزیش، لەشاری کەرکوکی رزگارکراو لەوێ سەرۆکی عەشیرەت و هۆزەکان و تورکمانەکانی کەرکوك دەبینێت و قسەیان لەگەڵدا دەکات. سەرجەم قسەکانی لە نامیلکەیەکدا هەیە کە مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتی چاپیکردووە، لەوێ مام جەلال دەڵێت "دەمانەوێت ئیتر تەعریب کۆتایی پێبێت، عەرەب لە کەرکوك هەیە، تورکمان هەیە و دەبێت مافەکانی خۆیان وەربگرن"[١٧]، بەڵام ناڵێت لەسەر حیسابی گەلی کورد، بۆیە لەکۆتایی دیدارەکەدا دەڵێت"ئەمە سیاسەتەکەی ئێمەیە، لەکەسیش شاراوە نییە و بۆ هەمووولایەك روون و ئاشکرایە، وتوومانە و دەشیڵێینەوە و ئینشەڵڵا جێبەجێشی دەکەین". لەم نامیلکەیەدا مام جەلال باسی داواکارییەکانی تورکیا و ئێرانیش دەکات لە کەرکوك، ئەم دەستوەردانە ئیقلیمییانە زۆرجار مام جەلالی توڕە دەکرد و بیرمانە کە وتی "ئەگەر ئێران باسی کەرکوك بکات، ئێمەش باسی سنە و مهاباد، ئەگەر تورکیاش باسی کەرکوك بکات ئەوا ئێمەش باسی دیاربەکر دەکەین". بەدڵنیاییەوە هەمان پەیامی لە سەردانەکەی خانەقین و دووزخورماتوش دوپاتکردەوە.

هێشتا هەر لەو سەردەمەدا دەمێنمەوە، وەلێ دێمەوە سەر نووسینەکانی مام جەلال روونتری دەکاتەوە لە (٧)ی شوباتی ساڵێك دوای کەوتنی سەددام، ئەوکاتەی

---

١٧- خطاب التعایش – مام جلال، چاپی ٢٠٠٣.

گفتوگۆ دەستپێدەکات، جۆرەها هێزی تازە پەیدا دەبێت،کە هەریەکە و داوای شتێك و باسی شتێك دەکات، ئەوکاتە مـام جـەلال بە ئەندێشە سیاسییە قووڵەکەی لە رۆژنامەی (شەرق ئەلئەوسەت) وتارێك بە ناوونیشانی "فیدراڵی کوردستان، فیدراڵییەکی کەڵەگەتە، کەس ناتوانێت زەفەری پێبەرێت" دەنووسێت، لێرەدا مام جەلال چەند بەڵگەیەك باس دەکات بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە فیدراڵی شتێکی باشە بۆ عیراق و شوێنەکانی دیکەش، دەڵێت "ئەمە فیدراڵییەتە و ئەمە دەستکەوتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە لەو ماوەیەی کە بیناکراوە، چەند پرۆژە لەئیدارەی سلێمانی کراوە"، بەڵام کە دێتە سەر باسی بزووتنەوە رۆشنبیرییەکان مەبەستەکەی فراوانترە و دەنوسێت "دەزگای سەردەم و چاودێر و دواتر دەچێت بۆ لالش و هەولێر و ..."، ئەمەش مانای ئەوەیە نایەوێت لەشوێنێك بووەستێت و بەئاراستەی ئەوەی کە ئیدارەی هەولێریش چی هەیە و چی نییە؟ ئەمانەش دەکاتە دەسکەوت بەڵام بە گشتی ئەمەش بەهۆی ئەوەوە کە داتای ئەوتۆی لەبەردەست نەبووە، لێرەدا باسی نمونەی هەردوو حکومەتەکە دەکات و دەیهێنێتەوە.

وتاری مام جەلال سەبارەت بە پرسەکان زۆرن، نموونەیەکی دیکەم هاتەوە یاد، مانگێك دوای ئەو مێژووە لە(٨)ی ئاداری ٢٠٠٤ (یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت) ئیمزا کرا، مام جەلال وتارێك بڵاودەکاتەوە، لێرەدا ئێمە باسی مام جەلالێکی سەرقاڵ دەکەین کە لەوکاتە لە بەغدایە و خەریکی ئەم هەموو جوڵە دیپلۆماسی و دیدارە گرنگانەیە و ئەمریکی و ئێرانی و تورك و حزبە عیراقییەکان هەمووی لەدەوری مام جەلالن بۆ ئەوەی هاوبەشی بن و هاوبەشیان بێت لە نەخشەڕێگای داهاتوو.

با شتێکی سەرنجڕاکێش لە یەك رۆژی ئەندێشەی مام جەلال بخەمەڕوو، لە (٧) شوباتی ساڵی (٢٠٠٤) مام جەلال لە رۆژنامەی (شەرق ئەلئەوسەت) ئەو وتارەی هەیە کە باسمان کرد (کوردستان فیدراڵییەکی کەڵەگەتە ...) لەهەمان رۆژدا وتارێکی هەیە لە رۆژنامەی "ئەلمەدا" تایتڵی وتارەکەی ئەوهایە " کامەیان لەقازانجی عیراقە، لکـاندنی زۆرەملـێ یان ئیتیحـادێکی ئیختیاری؟"[١٨]، بەمەش مـام جــەلال لەیەك

١٨- رۆژنامەی المدی ٢٠٠٤/٢/٧.

رۆژدا دوو وتاری نووسیوە، لەهەموو ئەو وتارانەدا نموونە دەهێنێتەوە، "فلاّن کەس وا دەڵێت وەك ئەوەی ئاماژەبێت بۆ ئەوەی کـە ئەوە هەڵەیە، واتا بۆنەی گفتوگـــۆکە بەشداری مـــام جەلال لە دیالۆگەکانی دیکە، یان دەڵێ شیعەیەك وای وتووە، هەروەها لە وەڵامی وتاری خ(سوبحی عەبدولحەمید) وتارێکی نووسیوە، یان خۆپیشاندان کراوە لە باشوری عیراق دژی فیدراڵی، مام وتارێکی لەسەر ئەمە نووسیووە، واتا بەشی زۆری کارلێکە لەگەڵ روداوەکان، بەلاّم لەرێگەی وتارەوە. سەرنجی دروست ئەوەیە کە مام جەلال لەو قۆناغەدا لەسەر ئەوە نەوەستاوە کەی وتارەکەی دەنووسێت؟ بەڵکو بە قسەش کردوویەتی و رێنمایی و سەرنجی داوەتە راگەیاندن و رێکخستنەکان و بەهەموو دەزگاکانی یەکێتی کە وابکەن و وا بڵێن، بە دیپلۆماتکارەکانی یەکێتی وتووە بڕۆن لە فلاّن جێگا لەگەڵ فلاّن کەس وا قسە بکە و بڵێ فلاّن و فلاّن هەڵەیە و خراپە و قبوڵی ناکەین، رەنگە هەندێك دیپلۆماتی ناردبێت بۆ دۆست و برادەرەکانی بۆئەوەی بیرۆکەکان قبوڵ بکەن، بەلاّم سەرەڕای هەموو ئەم رێکارانە لایەنێکی گرنگ لەبیر ناکات، کە پێویستە ئەمە بەوتار بنووسرێت، بێگومان هەندێکی بەناوی خۆیەتی وەك باسمکرد و هەندێکیشی بەناوی ئەو دەزگایە، یان رۆژنامەیە، کە نووسیویەتی، بەزۆری "الاتحاد" و مەکتەبی راگەیاندن کردوویەتی.

یەکێك لەو وتارانەی مام جەلال بە نووسین گفتوگۆی لەسەر دەکات، وتارێکی (سوبحی عەبدولحەمید)ە، سوبحی عەبدولحەمید لە شەستەکانی سەدەی رابردوو وەزیر بوو لە حکومەتی ناسرییەکان لە عیراقدا، واتا حکومەتی عەبدولسەلام عارف و ئەوان، وەك نوێنەری رەوتی قەومی عەرەب بوو، سوبحی وتارێکی نووسیوە دوای کەوتنی سەدام حسێن لەسەر دەستی ئەمریکا ئەوان عروبین و پێیاناناخۆشە و بەداگیرکردنی دەزانن و ئێمەش بەرزگارکردنی دەزانین، لەوتارەکەیدا دەڵێت "مام جەلال و کاك مەسعود خەریکی دابەشکردنی عیراقن"، مام جەلالیش وتار دەنووسێت و لەسێ شوێن و بەزنجیرە وەلاّمی دەداتەوە، لە رۆژنامەی (الاتحاد) کە جەریدەی حزبەکەی خۆیەتی، واتە زمانحاڵی یەکێتییە، لە رۆژنامەی (ئەلمەدا) کە دەتوانین بڵێین جەریدەی دیموکرات و چەپی عیراقییە و لە جەریدەی (سەباح) کە رۆژنامەیەکی رەسمی دەوڵەتی عیراقە، لەهەر سێکیاندا ئەم وتارە بلاّودەکاتەوە، رەنگە

زۆر کەس ئەو کاتە بڵێت جا ناو و پێگەی سوبحی عەبدولحەمید کوا ماوە لە عیراقدا؟ ڕاستێکەی سوبحی بیانووە بۆ باسی بیرۆکەکانی. ئەمەی بە نموونە هێناوەتەوە بۆ ئەوەی گفتوگۆ دروست بکات، تەنانەت تەشویقیش دەکات و دەڵێت هیوادارم ئەگەر ئەیەوێت بەبێ دەستکاری مەقالەکانی بۆ بلاوبکەینەوە ئەوا ئێمە بۆی بلاودەکەینەوە، ڕەنگە ئەمەش ئەرکێکی پەرۆشی میدیایی و تەشویق بێت بۆ ئەوەی نووسەر پەیدا بکات بۆ رۆژنامەکەی خۆمان، ئەو ماوەیە ماوەی شەڕی جێگیرکردنی فیدراڵییە، واتا ئەو قەوارەیەی هێشتا پێنەگەشتووە، سەیربکەن! ئێمە باسی هەرێمی کوردستان دەکەین کە ئەوکاتە دوو حکومەت هەبوو لە سلێمانی و لە هەولێر، بەلام کە پەسەندی دەستوور دەکرێت دەڵێت فیدراڵی بۆ کوردستان لەبەر ئەم هۆکارانە باشە. واتا باسی یەک حکومەتی کوردستانی دەکات. مام جەلال لەیەک کاتدا خەمی فیدرالییەتی و خەمی پەیداکردنی دۆست و نووسەرێتی بۆ میدیای یەکێت دێتە سەر گفتوگۆ لەسەر کەرکوك بەتایبەتی، پێشتر باسی ئەو قسەیەی مام جەلالمان کرد کە وتی "ئەمە بیرکردنەوەی ئێمەیە، ئیشی لەسەر دەکەین و جێبەجێشی دەکەین"، ئەم بۆچوونە دەکاتە ناو چوارچێوەی گفتوگۆی نووسینێکی دوورو درێژەوە بەناوی "این تکمن مصالح القومية التركمانية؟" [19] ئەمە بە زنجیرە لەرۆژنامەی الاتحاد بلاوبۆتەوە، سەرەتا بەناوی خۆیەوە نەبوو، بەلام دواتر بەناوی خۆیەوە بلاوکرایەوە، ئەمە باسێکی گشتی مورەککەزە، جا مام جەلال وەها بوو کە بە خەیاڵ بیری لێبکەینەوە دەیوت "بچن لەسەر تورکمان ژمارەکانم بۆ بێنن، شتێك نوقستان بوایە دەیوت ئەمە نوقستانە، تەلەفۆن بۆ مامۆستا جەلال جەوهەر بکە بزانە بۆ وەهایە؟ واتا هەموو ڕاستییەکان هاتۆتە بەردەستی و ئەم جۆرە وتارانەی لێکەوتووەتەوە، بەرژەوەندییەکانی کورد لەکوێیە و بەرژەوەندییەکانی تورکمان لە کوێیە؟، ژمارەی کورد لە سەرژمێری چەندە؟ ئەمە هەمووی بەڵگەی لەگەڵدایە و ڕەقەمەکانیش باس دەکات، لە کۆتاییدا دەپرسێ برایەتی کورد و تورکمان لەکوێدا جێگیر بکرێت و چۆن ئیشی لەسەر بکرێت، ئەی

١٩- ناميلكەی این تکمن المصالح القومية چاپی ساڵی ٢٠٠٤

بەرەی تورکمانی بەرەو کوێ دەڕوات؟ وەك وتمان ئەم وتارەی بە چوار ئەڵقە بڵاوکردەوە لە رۆژنامەی الاتحاد و مەدا و سەباح. واتە دابەشیکردووە، یەکێکیان بەرگریکردنە لەو فیدراڵییەتەی کە ئەوکات لە سلێمانی و هـەولێر هەبووە، بەڵام هاوکات بەرگریکــردنە لە کوردستانی ئازاد، دووەمیشیان فراوانکردنی کوردستانی ئازادە بۆ ئەوەی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکانی دیکەش بگرێتەوە.

ڕاستییەکەی ئەم پرسە راماندەکێشێت بۆ قووڵبوونەوەی زیاتر لە پرسی کەرکوك و بەڵگەنامەکان، ئێمە هەموومان بەشێکی رووداوکانمان لە بیرماوە، بەڵام هەندێکی کە لێکیدەدەینەوە و پێکەوەی گرێ دەدەینەوە، دەزانین کە ئەمە ئیشێکی فیکری و سیاسی گەورەی لەپشتەوە بووە، یەکێك لەوانە: کتێبەکەی (کەمال مەزهەرە) لەسەر کەرکوک. ئەم کتێبە یادێکی کۆنتری هەیە لەسالآنی نەوەدەکان کە ئەوکات مفاوەزاتی حکومەتی عیراقی و بەرەی کوردستانی هەبووە، مام جەلال مامۆستا کەمال مەزهەری بینیووە، داوای لێدەکات و دەڵێت کتێبێکمان بۆ بنووسە لەسەر موڵکییەتی کەرکوك کە هی کێیە و هی کێ نییە؟ ئەو دەست بەنووسین دەکات و سەرچاوە کۆدەکاتەوە، ساڵی (٢٠٠٢) پێش کەوتنی سەدام حسێن، بەشێك لەو کتێبە لەڕێگەی مامۆستا (عەبدوڵلا حـەسـەن زادە) وە دەنێرێت بۆ مـام جـەلال. بەناونیشانی "کـرکـوک حکـم الــتاریخ و الضمیر"[٢٠]، ئەوکات جەلسەی دووەمی کۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی عیراقی لە هاوینەهەواری سەلاحەدین لە کوردستان دەکرێت، نزیکەی حەفتا لاپەڕەیە، ئەوکات ئێمە لەئەنجومەنی وەزیران تایپمان کرد و ئامادەمان کرد بۆ چاپ بەناوی "کوردێکی خاوەن ویژدان ـ پێموابێت ئەو ناوە بوو" چونکە د.کەمال مەزهەر ئەوکاتە لە بەغدا بوو،

ئەم کتێبە بەقەدەر ژمارەی ئەندامانی کۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی عیراقی چاپ دەکرێت و مام جەلال یەکی نوسخەیەکیان دەداتێ، کاتێك رژێمی سەدام دەکەوێت تەواوی بەشی یەکـەمی کـتێبەکـە دێت و لەسـەر بڕیاری مام جەلال دە هـەزار نوسخە چاپ

---

٢٠- د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، کرکوک حکم التأریخ و الضمیر چاپخانەی ڕێنوێن چاپی ساڵی ٢٠٠٣

دەكرێت كە ڕێژەیەكی زۆربوو بۆ كتێبێكی كوردی، بە فەرمانی مام جەلال هەموویم دابەشكرا بەسەر مەكتەب و مەڵبەندەكان، سەفارەتەكان، هەتا ساڵی (٢٠٠٩) كە بەندە هاتمەوە ڕۆژنامەی "كوردستانی نوێ" مام جەلال بەردەوام تەلەفۆنی دەكرد و دەیوت "ئەرێ نوسخەت لەلا ماوە؟" ئاخر جار وتم "جەنابی مام جـــەلال چوار نوسخەم ماوە، هەقی خۆمە لەو دە هەزار نوسخەیە ئەو چوارە نوسخەیەش لای من بێت. ئەگەر برادەرێك داوای كرد بیدەمێ" مام جەلال وتی "بێگومان هەقی خۆتە، سێ دانەكە بۆ مامی خۆت بنێرە و ئەوەكەیان بۆ خۆت" واتە سێدانەكەشی لێوەرگرتم، تەبعەن ئێستا ئەو نوسخەیەم لەلا ماوە و نایدەم بەهیچ كەسێك، چونكە ئەبێت لەشوێنێكی دیكە پەیدای بكەمەوە، لێرەدا مەبەستم ئەوەیە كە مام جەلال شوێن نەما ئەم كتێبەی تێدا دابەش نەكات، ئەو كارەی بۆیە دەكرد چونكە پشتی دەبەست بە بەڵگەی مێژوویی و كۆششی مێژوونووسێكی كورد كە دەیان سەرچاوەی بەكارهێناوە.

ئێوە دەزانن بەتەنیشت ئەم كتێبەوە، پرسی نەخشەكەیە كە خۆتان دەزانن بنەما و كەرەستەی مورافەعەكەی مام جەلالە لە ئەنجومەنی حوكم، دەزانن ئەم نەخشەیە چۆن پەیدابووە و چۆن گەیشتۆتە دەست مام جەلال، چۆن لە مورافەعەیەكی گەورەدا نیشانی هەمووانیدا و چۆنیش لە دانیشتنەكە (عەدنان پاچەچی) یارمەتی مام جەلالی دا بۆ ئەوەی بەتەواوی رایبخات لەسەر مێزەكەی بەردەمیان، چونكە خۆی وەك نوێنەرێكی ڕەوتی قەومی بەشێكە لەتاوانەكە و باوكیشی "مزاحم پاچەچی" بەشێكە لەتاوانی تەعریب و تەرحیلی كوردستان، مام جەلال لەوێ شەرحی دەكات، دوای ئەو شیكارییە و دوای ئەو گفتوگۆیە، یاسـای كاتیی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عـیراق پەسەند دەكرێت كە تێیدا مادەی (٥٨) بۆ ناوچە دابڕاوەكان ئیقرار دەكرێت. دووەم راپۆرتێكی ئەمنیستی نێودەوڵەتی هەیە كە باسی ئەو تەعریبە دەكات لەكەركوك كراوە، یەكسەر دەنێردرێت بۆ چاپكردن، ئەوە بەشێكی دیكەی كۆششی مام جەلالە كە دەبێت باسی بكەین. سێیەم وتارێكی دوو بەشی عادل عەبدولمەهدییە كە ڕەفیقی دێرینی مام جەلالە ئەوكاتەی كە چەپ بوون و ئەوكاتەش كە دوایی بووە ئەندامی مەجلیسی ئەعلای ئیسلامیش، عەبدولمەهدی لەم وتارەدا باسی ئەوە دەكات كە گەلی كورد مافی خۆیەتی، نەك فیدراڵی، بەڵكو مافی چارەی خۆنووسینیش داوا

بکات و دەوڵەتی کوردی ئیعلان بکات، ئەم وتارە لەرۆژنامەی الاتحاد لەساڵی ٢٠٠١ بە دووبەش بڵاوبۆتەوە[٢١].

مام جەلال لەکاتی گفتوگۆکانی نووسینەوەی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت کە بە نزیکەیی هەموو شیعەکان پەشیمان بوونەوە لەعەهد و بەڵێنەکانی خۆیان، داوا دەکات بۆ سبەی دەقی ئەو وتارە بڵاوبکەنەوە، جارێکی دیکە لە الاتحاد بڵاودەبێتەوە و نوسخەیەك دەبەن بۆ عادل عەبدولمەهدی، ئیدی عادل عەبدولمەهدی شیعە کە وتارەکەی خۆی دەبینێ دەڵێت "مام جەلال گرتمی بە تاوانەکەی خۆمەوە، کاتی خۆی ئەو وتارەم نووسیووە و واجارێکی دیکە بڵاوی دەکاتەوە"، ئەمە بەشێکە لە کۆششەکانی مام جەلال کە بۆ ئەم بوارە داویەتی.

هەر پەیوەند بە کەرکوك کۆششێکی دێرین وەبیردێنینەوە. لە ١٩٩٩/٣/٢٢ کۆمەڵەی روناکبیری کەرکوك بەبۆنەی رزگارکردنی کەرکوکەوە کۆبوونەوەیەکی فراوان سازدەکات، مام جەلالیش لەوێ وتار پێشکەش دەکات، ئەگەر وێنەکانی ئەوکاتتان بینیبێت مام جەلال ژمارەیەکی زۆر کتێبی بەدەستەوەیە کە هەرچی خۆرهەڵاتناسەکان لەسەر کوردستانییەتی کەرکوك نووسیویانە لەگەڵ خۆی هێنابووی و بڕگە بە بڕگە لەوێ دەیخوێندەوە و رای هەموویانی دەخستەڕوو، دواتر خۆیشی بە کاك شێخ محەمەد شاکەلی دەڵێ و داوای لێکرد کتێبی کێشەی موسڵی (فازڵ حسێن)[٢٢] وەربگێڕێتە سەر زمانی کوردی و مام جەلال خۆی پێشەکی بۆ نووسی، کاتی خۆشی پێشەکییەکەیمان لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکردەوە، لەراستیدا مورافەعەکەی مام جەلال ئەوکاتە نییە کە لە ئەنجومەنی حوکم پێشکەشی دەکات، مورافەعەکەی مام جەلال لەو کۆبوونەوەیەی کەرکوکە کە باسمکرد و دەکرێت بڵێین پرۆڤەی مام جەلال بوو بۆ ئەو کۆبوونەوەی دوای کەوتنی سەدام حسێن هاتەپێشەوە لە بەغدا و خەریتەکەشی لەبەردەستدا بوو، بەکورتی لە زووەوە خۆی بۆ ئەو بەڵگانە حازرکردبوو، ئەوەبوو بەڵگەکانی پێشکەش کرد و بەردەوام ئیشی لەسەر دەوڵەمەندکردنی دەکرد

٢١- رۆژنامەی الاتحاد، زمانحاڵی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

٢٢- کێشەی موسڵ نووسینی فازل حوسێن.

کە وەربگێڕدرێت و بڵاوبکرێنەوە، دووبارەی دەکەمەوە لە کـۆبوونەوەکەی کەرکوکـدا ژمارەیەکی زۆر کتێبی بەدەستەوەبوو و هەموو ئەو بەڵگانە دەردەخات کە کوردستانییەتی کەرکوك چییە و خانەقین چییە و جەبەل حەمرین کوێیە و سنووری کوردستان تا کوێیە؟ مام جەلال ئەو ماوەیە ئیشی لەم بوارانەدا کرد، گرنگترین شت ئەوەیە لەو فەترەیەی کە من باسی دەکەم تا مەجلیسی قانوونی ئیدارەی دەوڵەت و دواتر هەڵبژاردن کرا، دوای ئەو هەڵبژاردنەش مام جەلال بووە سەرۆك کۆمار، بەڵام کۆششی کورد لە لیژنەی دەستوور بەشێك بوو لە کۆششی تیمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزوتنەوەی کوردایەتی "ئەوکاتە هاوپەیمانی حزبە کوردستانییەکان بوو"، لە ئەنجامدا هەم فیدراڵی ئیقرارکرا، هەم مادەی ١٤٠ بووە مادەیەکی دەستووری، ئێستا خەڵکیش هەقی خۆیانە بڵێن کەمە یان زۆرە؟ بۆ چیمانە؟ من تەئکیدی ئەوە دەکەم بەکورتییەکەی کە ئەوەی (شێخ مەحمود) هەوڵی بۆدا، ئەوەی کە (مەلا مستەفا) هەوڵی بۆدا، ئەوەی کە (ئەمین زەکی بەگ) لە مورافەعەی دوو تەقەلای بێسوودا هەوڵی بۆدا، ئەوەی کە پەرلەمانتارێکی وەك (ئیسماعیل بەگی رواندزی) هەوڵی دەدا لەبەغدا داوای بکات، هەموو ئەو ئەندێشانەی هەر کوردێك لەهەر شوێنێکی دنیا، مام جەلال هەموو ئەوانەی کرد بە چوارچێوەیەکی دەستووری و بردییە ناو دەستووری عیراقەوە، ئەو موحازەرەیەی کە مام جەلال ساڵی (١٩٨٧) لە مەدرید پێشکەشی کردووە، دوای شانزە ساڵ لەو موحازەرەیە لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت و ساڵی (٢٠٠٥) لەدەستووردا ئیقرار دەکرێت. ئەم چەمک و ئایدییایانەی مام جەلال باسی دەکات کە فیدراڵیکردنی عیراقە دەبن بە بەشێك لەدەستووری عیراق و ئێستا لەدەستووری عیراقدا نووسراوە، ئەوەی کە دەیەوێت دەستکاری ئەم دەستوورە بکات دەبێت ئەم سەد ساڵە لەخەباتی دیموکراتی عیراقییەکان و لە خەباتی نەتەوەیی گەلی کورد لەبیربکات، چونکە ئەوەی لەنووسینەکاندا مام جەلال گفتوگۆی دەکات تەنها بیر و ئایدیاکانی کورد نین، تەنانەت گفتوگۆی بیرەکانی هێزە سیاسییەکانی عەرەبیش دەکات، بەو قەومییانەی عەرەبی عیراق (بیرۆکەی پارێزەری قەومی هیلال ناجی) پێیانوابوو پێویست ناکات گەلی کورد یان گەلی عەرەب شەڕ لەسەر کەرکوك بکات؟ نەوت لە دونیای عەرەبیدا زۆر زۆرە بۆ دەبێ ببێتە کێشە، لەو دیدارەی کاك سەلاح

رەشید لەگەڵ مام جەلال کردوویەتی مام دەڵێت: لە پەنجاکاندا کەسایەتی نەتەوەیی عەرەبی (ئەکرەم حۆرانی)م بینیوە، دەڵێت مام جەلال ئێمە لە حەرەکەی قەومی کوردی و حەرەکەی قەومی عەرەبی دەتوانین پێکەوە کاری هاوبەش بکەین و دواتر ئەگەر هەردوو نەتەوە رزگاربوون لەدەستی ئیستیعمار، دەتوانین، وەکو ئەزموونی تورك و یۆنانییەکان زەوی بگۆڕینەوە، بەکورتییەکەی دەڵێت تۆ کەرکوك وەربگرە، رەنگە منیش داوای بەسرە بکەم، ئەمە وەك بیرۆکە لەگەڵ مام جەلال باسی دەکات، ئەم دیالۆگەی مام جەلال نیقاشێکە کە لەگەڵ نەتەوەی عەرەب کردوویەتی و لەگەڵ نەتەوەی تورکیش کردوویەتی، ساڵی ٢٠٠٤ کە وردە وردە ئیسلامییەکان لە تورکیا هاتنەسەر حوکم تەرحێکیان هەبووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، "لەسەردەمی ئەردۆغانی گەنجدا" لەوێ مام جەلال دەڵێت عەرەبی سوننە دونیای عەرەبی هەیە، عەرەبی شیعە ئێرانی هەیە، بەداخەوە بەس ئێمە کەسمان نییە، ئەردۆغان بە دەق پێیدەڵێت چۆن ئێوە کەستان نییە؟ ئێوە تورکتان هەیە، چونکە ئێوە کوردن و سوننەن و ئێمە لەگەڵتان دەبین، بەڵام بەداخەوە دوایی ئەم قسانەی ئەردۆغان بەگەنجی کردی بەپیری جێبەجێی نەکرد و تا ئێستا کێشەی کورد وەك خۆی ماوەتەوە.

ئەوەی من باسم کرد کەسێك کە بیرۆکەیەکی هەیە پەنجا - شەست ساڵ خەباتی بۆ دەکات، لەدوای کەوتنی سەدام حسێن بەتایبەتی دوو ساڵی تەمەنی خۆی بۆ تەرخان دەکات بۆئەوەی بیخاتەناو دەستووری عیراقەوە، ئەوەی لەدەستووری عیراقدا هەیە بیرۆکە و رەنج و خەباتی دەیان تێکۆشەرە لە شێخ مەحمودەوە بۆ مەلا مستەفا، لە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد بۆ مام جەلال خۆی و بۆ هەموو ئەندامانی پەرلەمان و بۆ ئەمین زەکی بەگ و هەموو کەسێك کە رۆژێك لە رۆژان هەرچی بۆی کرابێت چ بەخەباتی چەکداری چ بەخەباتی سیاسی، چ بە خەباتی دپلۆماسی و چ بە خەباتی پەرلەمانی، ئەوەندەی عیراق دەرفەتی دابێت مافەکانی کورد ئیقرار بکات، هەموو ئەم ئەفکارانە مام جەلال لەدەستووری عیراقدا جێی کردەوە.

نامەوێت لەمە زیاتر قسەی لەسەر بکەم، بەڵام دەتوانم بڵێم کە گرنگترین شت لەو قۆناغەدا، نووسینە لە ژیانی مام جەلالدا، زۆریش گرنگە ئێمە لەوە تێبگەین بۆچی مام جەلال کە بە عەرەبی و فارسی و کوردی دیدار و قسە دەکات لەسەر هیچ

پەکی ناکەوێت. بۆچی ناچاربوو هەندێك لەم ئەفکارانەش بە وتار بنووسێتەوە؟ هەموو کەسێك کە لە کۆبوونەوە لەگەڵ مام جەلال بەشداری کردبێت دەزانێت مام جەلال بەردەوام وەرەقەیەکی لەبەردەست بووە و کۆمێنت و تێبینی هەموو کەسێکی نووسیوەتەوە، بۆ نموونە لەگەڵ کادردا شتێکی لەسەر نووسیوە و دواتر وەرەقەکەی داوەتە دەست جەماعەت و وتوویەتی ئەمەم بۆ هەڵبگرن، بۆچی مام جەلال کە بەردەوام دەیان رۆژنامەنووس لەبەردەم دەرگاکەی ڕاوەستاون کە موقابەلەی بکەن هەر بەنەتیجە هاتووە بەشێك لەم بیرۆکانەی کردووە بە چوارچێوەی وتار و چوارچێوەی نووسین، چونکە دەزانێت نووسین ئەندێشەی دەوێت و دانیشتنی دەوێت، مام جەلال باسی هەموو شوێنەکانی کوردستان دەکات، چونکە دەینووسێتەوە کە کوێ و کوێ کوردستانە؟ بەڵام لەقسەکردندا رەنگە مرۆڤ شوێنێکی لەبیربچێت، ئێستاش لەبیرمە هەموو جارێك مام جەلال کە قسەی دەکرد هەوڵی دەدا بە کوردەوارییانە قسە بکات، دەیوت کەرکوك و خانەقین و شەنگال، قسەکەی درێژەی دەکێشا و دەیگوت سەرتان نەیەشێنم مەندەلی و .... (هەمووجارێك بە مامۆستا بەندەرم عەلی ئەکبەرم دەوت شارەکەی ئێوە هەر لە سەرەتاوە کێشە بووە، چونکە مام جەلال دەیوت سەرتاننەیەشێنم") ئەمە لەقسەکردندا ئەبێت بە کوردەواری بیڵێ بەڵام لەنووسیندا دەبێت ناوچە بەناوچە بیڵێ. ئەو نەخشەیەی کە مام جەلال لەمەرافەعەکەدا پێشکەشی کرد لەهەموو وتارەکانیدا وەك فەقەرات دووبارەی دەکاتەوە، مەخمور و دیبەگە و هەموو ناوچەکانی دیکە کە بەشێکن لە کوردستان، بەڵام لە نووسینەکانیدا وەك نەخشە دەستنیشانی کردووە.

بەڕێزان ئەمە بەشێکە لەئەندێشەکانی مام جەلال، بۆیە وتوومە "یەك لە دە" مەبەستمان ئەوە نییە "نۆ"کەی تریش من دەیڵێم، ئەگەر سبەینێ هەڤاڵێکی دیکە ویستی لەسەر لایەنێکی دیکەی خەباتی مام جەلال قسە بکات، دەتوانێت بەشێکی تەواو بکات، ئەوەی تائێستا نەمتووە لەسەر مام جەلالی رۆژنامەنووسەکە ئەوەش رەنگە رۆژێکی بۆ تەرخان بکەم، مام جەلال کێوێکی کەڵەگەتە ئێمە هەریەکەمان لەگۆشەیەکەوە سەیری بکەین، رەنگە من سەیری مام جەلال بکەم لەرووی فەرهەنگی و زمانی کوردییەوە چی وشەیەکی هێناوەتەناو زمانی کوردییەوە؟ رەنگە یەکێکیتر

سەیری بکات لە رووی دیپلۆماسییەوە، رەنگە یەکێك سەیری بکات لە رووی پێشمەرگایەتییەوە، یەکێکی دیکە سەیری بکات لە رووی ئەمنییەوە و یەکێکیتر سەیری بکات لە رووی عەرەبییەوە، یەکێك سەیری بکات لە رووی موخاتەبەی فارسەوە، بەڵام لە راستیدا ئەم کێوە بەرزە پێویستی بەوەیە هەر یەکێك لەشوێنێکەوە سەیری بکات، سەرەنجام کۆی دیمەنێکمان بداتێ کە دیمەنی مام جەلالی کامڵە، وەك ئەوەی مەحمود خۆشناوی هونەرمەند جارێکیان رەسمی هەموو شەهیدەکانی یەکێتی ریز کردبوو، لە دووریشەوە سەیرت دەکرد رەسمێکی مام جەلالی لێدەردەچوو.

هیوادارم کۆی خەباتەکانی گەلەمەکان و کۆی ئەو تێکۆشانەی کە میللەتەکەمان کردوویەتی لە یەکێتی و غەیرە یەکێتیش، لەشێوەی جیاجیاوە کە سەیری دەکەین ئەم مێژووە بگێڕێتەوە، هیواداریشم بەشێك لە ئیشەکانی دامەزراوەی سەرۆك جەلال تاڵەبانی ئەوەبێت کە ئەم مێژووانە کۆبکاتەوە، بەڵام بێگومان پۆلێنکردنی و تەفسیرکردنی و شەرحکردنی لەڕێی سیمینارەوە رەنگە یارمەتیدەر و کارێکی باش بێت.

## فەسڵی سێیەم

# جارێکی تر یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆچی؟
# پرسیاری هەموو وێستگە و قۆناغەکانی خەبات

ئەم بابەتە دەقی کۆڕێکە کە ساڵی (٢٠١٣/٣/١٢) لە خولێکی بەشی هۆشیاری مەڵبەندی رێکخستنی پێشمەرگە پێشکەشکراوە. بۆیە داڕشتنەوەکەی گێڕانەوە و زمانی سمیناری بەسەردا زاڵەو راستەوخۆ گواستراوەتەوە سەر کاغەز لە کوردستانی نوێ و جارێکی تریش لەگۆڤاری نوێبوون لە ژمارە (١٩) ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٣ بڵاوکراوەتەوە. لە کتێبی (تێبینییەکانی حوزەیران - چاپی ٢٠١٧) وەک بەشێک لە نووسراوەکانی تایبەت بە یەکێتی دانرا و ئێستاش لەم کتێبە بۆ تێگەیشتن لە ئەدەبیاتی مام، پێم باشبوو دووبارە داینێمەوە.

هەریەکێك لەئێمە لەخولێکی بیرو هۆشیارییەوە دەچینەوە ئۆرگانەکانی خۆمان، لەو ساتەوە بڕیارە وەکو کادرێکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەڵسوکەوت بکەین، ئەرکمان چییە؟ بۆچی دەچین تا ئەو ئەرکانە جێبەجێ دەکەین و چۆنی بکەین؟

هەموو ساتێك ئێمە رووبەڕووی ئەم پرسیارانە دەبینەوە، ئێمە بۆچی و هەروەها یەکێتی بۆچی؟ ئەرکی سەرشانی یەکێتی و یەکێتییەکان چییە؟ بۆیە دەبێت هەر کادیرێك لە ئێمە لەگەڵ خۆیداو لەگەڵ یەکتریدا گەنگەشەی ئەم بابەتە بکات و ئەم پرسیارانە بکاتەوە، ی.ن.ک بۆچی؟

نامەوێ لێرەدا مێژووی یەکێتی بگێڕمەوە، بەڵکو ئەوەیە چەند نموونەیەك لەمێژووی یەکێتی دەهێنینەوە بۆ ئەوەی تێبگەین داخۆ ئەمڕۆ و سبەی ئەرکەکانی سەرشانمان چین؟

## شرۆڤەکردنی ڕەوشی ئەوێ ڕۆژێ

لەگەڵ دامەزراندنی ی.ن.ك لەساڵی ١٩٧٥دا، هەڤاڵ مام جەلال نامیلکەیەکی نووسی بەناوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆچی؟ نامیلکەکە بەعەرەبی بوو (الاتحاد الوطني الكردستاني لماذا؟) کە دوای ئەوە شەهید ئارام وەریگێڕایە سەر زمانی کوردی. لەو نامیلکەیەدا مام جەلال وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە کە دامەزرێنەرانی ی.ن.ك مەبەستیان چییە لەدامەزراندنی یەکێتی؟ بیانوویان چییە بۆ دروستکردنی ڕێکخراوێکی سیاسیی؟ چونکە لەو هەلومەرجەی یەکێتی تێدا دروست بوو، شۆڕشی کورد تواوبۆوە، کە یەکێتی دروست دەبێت، خۆ دەبێ بۆ خەڵکی روون بکاتەوە کە بۆچی دروست دەبێت؟، چی دەوێت‌و چی دەکات؟ لەو نامیلکەیە ڕەوشی ئەوێ ڕۆژێی کوردستان شرۆڤە دەکات، هەرکەسێك ئەو نامیلکەیە بخوێنێتەوە پرسیار دەکات، "من ئەو نامیلکەیە بۆ بخوێنمەوە؟" گرنگ ئەوە نییە تۆ ئەوەی لەو نامیلکە دێرینەدا هەیە بیلێییتەوە. گرنگ ئەوەیە تۆ لێکیبدەیتەوە، بڵێی ئەو نامیلکەیە خەسڵەتەکانی چین؟ یەکێك لەخەسڵەتەکانی باسی ئەوە دەکات، وەزعی ئەو ڕۆژەی کوردستان چۆنە؟ لە(ساڵی ١٩٧٥)؟ دەڵێ حزبی بەعس کۆنترۆڵی هەموو کوردستانی کردووە، سیاسەتی بەعەرەبکردن‌و بە بەعسیکردن و ڕاگواستن هەیە لەناوچەکانی (شریتی تەعریب) لەکەرکوك، خانەقین... هتد کە وردە وردە ئەو شوێنانە تەعریب بکات. هەروەها لەناوبردنی هەرچی پێی دەووترێت سیاسەتی کوردی لەژێر پەردەی شتێك بەناوی حوکمی زاتییەوە، لەکاتێکدا ئەوەی دەکرێت، نەحوکمی زاتییە‌و نە مافەکانی گەلی کوردە.

## سەرکوت لەژێر پەردەی حوکمی زاتیدا

(ی.ن.ك) لەم نامیلکەیەدا دێ ئەو هەلومەرجە روون دەکاتەوە. خەڵك لەدێهاتەکانی کوردستان رادەگوازرێن، دەردەکرێن، سەر سنوورەکانی کوردستان بەمین چێنراون، گەلی کورد کەمترین مافی پێنەدراوە، شارە گرنگەکانی وەکو کەرکوك و خانەقین و ئاکرێ ناچنە چوارچێوەی ئەو حوکمی زاتییەی تەنانەت کارتۆنیشە، سیاسەتەکانی حکومەتی عیراقی بریتییە لەسەرکوتکردن لەژێر پەردەی حوکمی زاتی، ئا بەم شێوەیە هەلومەرجی سیاسیی ئەوکاتەی کوردستان کە لەژێر دەستی حکومەتی بەعسدایە، روون دەکاتەوە.

دیوی دووەمی دێ باسەکە چی دەکات؟ دەڵێ باشە لەبەرەی کوردەوە چی هەیە؟ دەڵێ شورشێکی کوردستانی هەبوو، بەداخەوە هەڵوەشایەوەو لەناوچوو. واتە روونکردنەوە دەدات لەسەر ماجەرای بەرەی کورد، بۆیە دەڵێ ئێمە وەکو ی.ن.ك بڕیارماندا دابمەزرێین بۆئەوەی خەبات بۆ گۆڕینی ئەم هەلومەرجە بکەین، خەبات بکەین دژی تەعریبکردن و راگواستن، بۆ بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی راستەقینە، ئەمەی هەیە ئۆتۆنۆمییەکی درۆیینەیە.

## کایەی خەباتی نیشتمانی

کوردستانیش وەکو هەر کۆمەڵگەیەکی تر، هەژارو دەوڵەمەند، جووتیارو کرێکاری تێدایە، ئەم توێژانە ئەمانە پێویستە بەشێوەیەك لەشێوەکان رێکبخرێنەوە، بۆئەوەی بەشداریی بکەن لەخەباتی رزگاریخوازی گەلی کوردستان، بۆئەوەی کوردستان لەژێر داگیرکاریی و زوڵم و زۆری دەوڵەتی عیراق دەربازی بێت و بەمافەکانی خۆی شاد ببێت. بەم شێوەیە ئێمە روونکردنەوەی هەلومەرجێکمان هەیە، کە کوردستان لەسایەی بەعس چۆن دەژی، سیاسەتی کوردستانی و شۆڕشگێڕانی کورد چی دەکەن؟ چۆن هەڵسەنگاندنیان بۆ بکەین؟ ئێمە یەکێتییەکین دروست دەبین لەسەر بنچینەیەکی تازە. بۆیە روونی دەکاتەوە ئێمە حزبێك نین بەتەنیا، ئێمە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانین کە لەچەند باڵ و رێکخراوێك پێکهاتووە، باڵی کۆمەڵە،

سۆسیالیستە، هێڵی گشتییە، بەم شێوەیە هەموو ئەو کەسانەی ئامادەن خەبات بکەن بۆ ئەم ئامانجە هاوبەشانەی کە (ی.ن.ك) دیاریی کردووە، دەڵێن فەرموون باپێکەوە خەبات بکەین، لەئەنجامی ئەوەشدا خۆتان دەزانن، پاش کەمتر لەساڵێك شۆڕش لەکوردستان دەستی پێکردەوە.

## گۆڕانکاریی لەبەرنامەو دروشمەکان

ئەم نامیلکەیە دێ هەلومەرجی کوردستانمان بۆ شیدەکاتەوەو لەسەر بنچینەوەی ئەوە وەکو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان خەبات دەکەین بۆ ئەم ئامانجانە ئێمە بۆ نموونە کەموکوڕییەکانمان چییە لەماڵی خۆمان؟ بەیانیان کە دەردەچین دەچین کاسبی دەکەین، دەڵێین زۆر باشە ئەمە ماڵمانە، ئەمە کەسوکارمانە، دەچین بۆ چی کار دەکەین؟ بۆئەوەی پێداویستییەکانی ماڵەکەمان پڕبکەینەوە، لەچیمان کەمە، وردە وردە کاسبی دەکەین بۆ ئەوەی ئەمە پڕ بکەینەوە.

ئێمە وەکو ی.ن.ك لەو ساتەدا وتمان ئەمە وەزعی کوردستانە و ئەمە بەعسە، با دەست بەخەبات بکەین بۆ گۆڕینی ئەم هەلومەرجە. چونکە ئەم هەلومەرجە لەقازانجی ئێمە نییە، پێویستە هەوڵی گۆڕینی بدەین‌و دەستکاریی بکەین. لەسەر بنچینەی ئەمە شۆڕشی کوردستان دەستی پێکرد. ئەمە ماوەی لە ١٩٧٥/٦/١ بۆ ١٩٧٦/٦/١-ی خایاندووە، بۆ ئەوە نییە ئێمە هەر بیگێڕینەوە، بۆ ئەوەیە کە بزانین چۆن سوود لەڕۆحی چیرۆکەکە وەربگرین، بۆئەوەیە وەکو کەسێك کە لەمڕۆدا دەژیت، سوودی لێوەربگری. لە زۆر قۆناغی تردا کە ی.ن.ك دێت ئەم پرسیارە دەکاتەوە، بۆچی موفاوەزات دەکەین لەگەڵ بەعس کە ساڵی ١٩٨٤ یەکێتی موفاوەزات دەکات. بۆ نموونە روونکردنەوە لەسەری دەدات: چونکە هەلومەرجی کوردستان بەم شێوەیەیە، بەعس بەم شێوەیەیە، داوای موفاوەزات دەکات، مانای ئەوەیە دان بەکوردستان‌و شۆڕشی کوردستاندا دەنێت، ئێمە خەبات دەکەین، بەچەك خەبات دەکەین، چونکە بەعس بەچەك نەبێ ناتوانین دانوستانی لەگەڵ بکەین، بەعس بەئاگرو ئاسن دێتە سەر کوردستان، ئیتر ئاوا تۆ هەموو جارێك هەلومەرجەکە روون دەکەیتەوەو شێوەی خەباتەکەی خۆت بۆ قۆناغەکەی داهاتوو دیاری دەکرێت.

## سڕینەوەی دەستەواژە بەسەرچووەکان

بۆ نموونە لەدوای راپەڕینەوە، شێوازێکی تر دێتە پێشەوە، کە بریتییە لەوەی ئیتر حکومەت دابمەزرێنین، چونکە زیاترلەسێ شاردەکەوێتە بندەستی شۆڕشی کوردستانەوە، هەلومەرجی کوردستان چۆنە؟ بەعس لەکوردستان کشاوەتەوە، ئەو ناوچانە کەوتۆتە ژێر دەسەلاتی ئێمەوە، پێویستە ئیدارەی بکەین، پێویستە ژیانی خەڵك ببەین بەڕێوە، پێویستە هەوڵبدەین ئەزموونێك دروست بکەین بۆئەوەی خەڵك بڵێت کورد دەتوانێ خۆی ببات بەڕێوەو دەتوانێ ژیانی خۆی مسۆگەر بکات. سەرنج بدەن، کاتێك سەدام دەڕووخێت، شێوەی خەباتەکە دەگۆڕێت، ساڵی ٢٠١٠ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کۆنگرەی خۆی کرد، لەپەیڕەوو پرۆگرامی رابردوومان‌دا عیبارەیەك هەبوو، رووخاندنی رژێمی عیراق‌و جێگیرکردنی رژێمێکی دیموکراسی فیدراڵی، ئەم عیبارەتە بۆ بمێنێت؟ پێویست ناکات بمێنێ، لەبەرچی؟ لەبەرئەوەی ئێمە ئەو رژێمەمان رووخاند، دەبێ یەکێتی خەباتەکەی بگۆڕێ، ئێمە چۆن حکومەتێك بڕووخێنین سەرۆك کۆمارەکەی سکرتێری گشتی خۆمانە؟ هەلومەرجەکە گۆڕانی بەسەردا هات. ئێمە چۆن خەبات دەکەین بۆ نموونە حکومەتێك بڕووخێنین کە فیدڕاڵییە؟ ئێمە دێین چی دەکەین؟ ئامانجەکان دەگۆڕین. ئامانجەکانمان دەکەینە: پتەوکردنی ئەو فیدراڵییەی کە هەیە، زیاتر دیموکراتیزەکردنی عیراق، بەم شێوەیە بڕیار دەدەین. ئیتر ناڵێین سیاسەتی تەعریب هەڵدەوەشێنینەوە، چونکە ئەو سیاسەتە ئێستا نەماوە. ئێستا دەڵێین ئەو بڕیارو سیاسەتانەی تەعریب دروستیکردبوو، هەڵوەشاوەتەوەو ئیتر بەبڕیار لەپەرلەمان‌و لەملاو لەولاش هەڵیدەوەشێنینەوە. واتا ئێستا ئامانجەکان گۆڕانکارییان بەسەردا هات، کەواتە بۆهەر هەلومەرجێکی تازە، ریزەکانی ی.ن.ك، توانای سیاسی و توانای دارایی و راگەیاندنی بەگوێرەی ئەمە رێکدەخەینەوە.

## ئامرازەکان پیرۆز نین

وەکو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بیر لەوە دەکەینەوە کەرکوك بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی کورد خۆیەوە. بۆ ئەمە چیمان پێویستە؟ دەبێ تواناکانی یەکێتی بەجۆرێك رێك بخەینەوە، ئەم ئامانجانە بێنێتەدی. واتە شتێك نییە لەئامرازەکانی بەردەستمان پیرۆز بێت.

## دانانی قورسایی بەپێی دۆخەکە

ئەگەر وای دابنێین لەناوچەیەکی کوردستان شەڕی عەشایەریو کۆمەڵایەتی وا بەهێز دەبێ کە پێویست دەکات یەکێتی بەشداریی بکات لەچارەسەرکردنی بۆ ئەمە ئێمە مەکتەبێکی کۆمەڵایەتیمان هەیە، دەبێ یاساو هەموو توانا کۆمەڵایەتییەکان بخەینەگەڕ، بۆیە ئەگەر مەکتەبی کۆمەڵایەتیی ی.ن.ك بریتییە لە ٧ ئەندام، ئەوکاتە یەکێتی پێویستە بیکاتە ٢٠ ئەندام. ئەگەر توانای دارایی مەکتەبی کۆمەڵایەتی بۆ نموونە ٤٠ ملیۆن دینارە، پێویست دەکا یەکێتی ٤٠٠ ملیۆن دیناری بۆ تەرخان بکات، بۆئەوەی مەکتەبی کۆمەڵایەتییەکەی بەشداریی بکات لەچارەسەری کێشەکانی ناوچەی شارەزوور. ئەگەر وای دابنێین یەکێتی لەقۆناغی داهاتوودا پێویستی بەوەیە خەڵکی کوردستان قەناعەت پێبکات کە ژینگە بپارێزین، پێویستە یەکێتی بەشێکی تواناکانی خۆی لەم بوارەدا خەرج بکات. چۆن؟ یەکێتی کادری هەیە کە دەرچووی کۆلێژی زانستین، لەو بوارانەی پەیوەستن بەژینگەوە، دەبێ ئەو کادرانەی کار لەسەر ژینگەپارێزی بکەن. وای دابنێین یەکێتی ٤٠- ٥٠ کادری هەیە کە مەلان، واتە لەمزگەوت خوتبە دەدەنو قسە دەکەن، ی.ن.ك بەهەر پەنجا مەلاکە دەڵێت: "پەنجای دیکەش پەیدا بکەن، بڕۆن لەمینبەری مزگەوتەکانەوە باسی ژینگەپارێزی بکەن بۆ خەڵك، چونکە ژینگەی کوردستان لەمەترسیدایە". مەلا چی دەکا؟ دەڵێ لەقورئاندا هاتووە کە دەبێ ژینگە بپارێزین، ئەم زەمینە خوای گەورە بۆ ئێمەی دروست کردووە، بەم شێوەیە مەلا لەبەشەکەی خۆیەوە دەچێت سیاسەتی یەکێتی جێبەجێ دەکات لەبواری ژینگەدا. ڕەنگە دەیان کادرمان هەبێ حەزیان لەگرنگیدانە بەگوڵ و ژینگە،

ئەم کادرانە بنێرین بۆ کوێ؟ دەبێت بیاننێرین بۆ ئەو ئاڕاستەیە لەشاری کەرکوك یان سلێمانی یان جێگایەك بۆئەوەی کار بۆ ئەو مەسەلەیە بکەن کە پەیوەندیی بەخەباتی ژینگەیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە هەیە. ئێمە بۆ ئەم حاڵەتە ئەو کادرانە بەکار ناهێنین کە حەز دەکەن لەبواری فرۆکەوانیدا کار بکەن. واتە تواناکانی یەکێتی بەو ئاڕاستەیە دەبەین کە بتوانێ ئەو ئەرکە جێبەجێ بکات. ئەو وزەو توانایەی یەکێتی هەیەتی لەو بوارەدا بەکاری دەهێنین کە بریتییە لەبواری ژینگە. سەیری خەباتی (ی.ن.ك) بکەن، لەسەردەمێکدا مامەڕیشەو هەموو ئەو تێکۆشەرە ئازایانەی لەخەباتی پارتیزانی یەکێتیدا رۆڵیان گێڕاوە، شەهید شەهریارە، شەهید مامەڕیشەیە، هەموو ئەو شەهیدانەی کە یەکێتی لەبواری خەباتی پێشمەرگایەتیدا داونی. ئەمانە لەسەردەمانێکدا کە بەعس بە ئاگر و ئاسن وەڵامی خەڵکی دەداتەوە، هێز و توانای یەکێتیی دەردەخەن. بۆیە بەشێکی زۆری وزەو توانای یەکێتی بەئاڕاستەی خەباتی چەکداریدا دەچێت.

ئەمڕۆ سەردەمەکە گۆڕاوە، رەنگە ئەمڕۆ ی.ن.ك پێویستی بەدەیان و سەدان کادربێت کە لەبواری هەڵبژاردندا کاربکەن. ئێمە پتر لە مامەڕیشەیەکمان دەوێ، بەڵام شارەزای یاساکانی هەڵبژاردن بن، شارەزای کۆکردنەوەی جەماوەربن بۆ بردنیان بۆ سەر سندوقی دەنگدان، بتوانن لەشوێنێك خیتاب بدەن و حەماسەتی خەڵك بەرزبکەنەوە و بڵێن بڕۆن دەنگ بەیەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بدەن. واتە ئاڕاستەکە دەگۆڕدرێ. بۆیە ئەگەر مەترسیی سەربازی لەسەر کوردستان کەم بێتەوە، بەشی زۆری تواناکانی یەکێتی دەچێ بۆ بوارەکانی دیکەی غەیرە سەربازی، ئەگەر کوردستان رۆژێك لەڕۆژان خۆی ببێتە خاوەنی هێزێکی چەکداری رەسمیو ببێتە خاوەنی هێزێکی پێشمەرگەی پتەو کە دامەزراوەیەکی نیشتمانیی تەواوەتی بێت، ئەوکاتە یەکێتی لەخەم دەڕسکێ، ئەوە حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە خەم لەلایەنی پاراستنی سەربازیی کوردستان دەخوات. ئێمە دێین ئەو توانایەی یەکێتیی هەیەتی لەبواری دیکەدا خەرجی دەکەین، بۆ نموونە دێین لەبواری راگەیاندندا خەرجی دەکەین، لەبواری گەیاندنی کادری پیشەییدا خەرجی دەکەین، لەبواری پێگەیاندنی کادری دیپلۆماسیدا خەرجی دەکەین.

## گەڕانەوە بۆ پرسیارەکە

ئێمە کۆمەڵێك وزەمان هەیە لەبوارە جیاجیاکاندا، بەگوێرەی هەلومەرجە تازەکان گۆڕانکاریی دەکەین. دەڵێین ئێستا وەزعی کوردستان چۆنە؟ پێویستی بەچییە؟ ئێمە ئامانجمان چییە؟ با بەگوێرەی ئەمە ی.ن.ك بۆ هەموو سەردەمێك رێك بخەینەوە، بۆئەوەی وەڵامی پرسیارەکانی ئەو سەردەمە بداتەوە، بۆ نموونە پێویست بکات تۆ لەمفاوەزاتدا بیت لەگەڵ حکومەتی عیراقی لەسەر پرسێکی تایبەت، ئیتر پێویست ناکات هەر لەخۆتەوە بچیت شەڕێك هەڵبگیرسێنیت، بۆ نموونە لە١٩٨٤ کە مفاوەزات بوو ئێمە تووشی رووداوی لەملاولەولا دەهاتین، پێشمەرگەیەك تەقەیەکی دەکرد، کە مفاوەزاتەکە، تەواو دەبێت، نەبەردی دەست پێدەکاتەوە.

ی.ن.ك خاوەنی نەبەردییەکانی دابان هەلاج و شەڕی قەیوان ماوەتە، هەموو ئەو شتانەی کە یەکێتی وەکو خەباتی پێشمەرگایەتی پێی دەناسرێتەوە، کە دێتەوە سەر هەڵبژاردنیش، یەکێتی ئەو هێزەیە کە خۆی لەبواری هەڵبژاردندا تاقی دەکاتەوە، بۆیە ئەگەر دەبینین لەبوارێك لەبوارەکاندا کەموکوڕی هەیە، یەکێتی دەبێ بگەڕێتەوە سەر پرسیارەکە، بڵێ دۆخەکە چۆنە؟ ئێمە چیمان دەوێ، چۆن ئەو ئامانجە بهێنینە دی؟ هێزمان بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە چۆن بخەینەگەڕ؟ ئەگەر ئێستا بێینە سەر ئەمڕۆ، کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پەیامەکەی چییە؟ ئەرکەکەی سەرشانی چۆنەو چۆنی جێبەجێ دەکات؟ ئێمە هەر لەسەر ئەو بنچینەیە دەڕۆین کە یەکێتی بۆ ئێمەی بەجێ هێشتووە، دێین دەڵێین پەیامەکەی یەکێتی بریتییە لەو پەیامەی لەدوا کۆنگرەدا دیاری کراوە، دوا کۆنگرەی یەکێتی لە مانگی ٦ی ساڵی ٢٠١٠، دوو شتی بۆ ئێمە بەجێهێشتووە، یەکێکیان راپۆرتی سیاسییە، دووەمیان پەیڕەو پڕۆگرامی ی.ن.ك-ە، ئەمڕۆ یەکێتی حزبێکی سۆسیال دیموکراتە، نابێ یەکێك بڵێ من حەزم لێیە یەکێتی خەبات بکات بۆ بەدەستهێنانی مەدالیای ئاڵتونی لە ئۆڵۆمپیادی فلان، ئێمە پێی دەڵێین نەخێر، وەکو کادری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەهۆڵێك کۆبووینەوە، بڕیارماندا ئامانجمان بۆ قۆناغی داهاتوو بەم شێوەیەی خوارەوە بێت. ئێمە پابەندین بەو ئامانجەوە کە هی ئۆلۆمپیادە.

## ئێمه پەیمانێک کۆمان دەکاتەوە

سێ خاڵ هەیە زۆر گرنگە، یەکەم پابەندبوون بە ئامانجەوە، دووەم ئاشکراکردنی خودی ئەو ئامانجە، سێیەم کارکردن لەسەری. زۆرجار ئێمە تووشی ئەو شڵەژانە دەبین، بۆ نموونە دەبینی کەسێك دەڵێ ئەی باشە یەکێتی بۆ خەبات ناکات بۆ رزگار کردنی کوردستانی تورکیا؟ پێی دەڵێین ئێمە لەسەر بنچینەیەك دروست بووین، کۆمەڵە خەڵکێکین کە لەهۆڵی دوا کۆنگرە کۆبووینەوە چەند بڕیارێکمانداو چەند ئامانجێکمان بۆ ئەم قۆناغە پەسەند کرد، بڕیار نییە ئێمە شتێکی تر بکەین. ئێمە کۆنگرەکان بۆچی دەبەستین؟ کۆنگرەکان دەبەسترێن بۆئەوەی پێداچوونەوە بەبەرنامەکاندا بکرێت، لەکۆنگرەدا ئێمە دەنگ بەبەرنامەیەکی نوێ دەدەین، ئەم بەرنامەیە حەکەمە لەنێوان منو تۆو هەموو ئەندامانی یەکێتی و جەماوەری کوردستانیش، تا کۆنگرەی داهاتوو. ئێمە خۆ کەتیبەیەکی سەربازی نین بەزۆر کۆکرابینەوە، بڵێ بڕۆن شەڕ بکەن لەفلان جێ، ئێمە کۆمەڵە هەڤاڵێکین پێکەوە گرێبەستێك کۆمان دەکاتەوە، پەیمانێك کۆمان دەکاتەوە، پەیمانێك کە بەیەکێتیمان داوە، هەرکەسێك لەناو ئێوەدا هەبێت کە بەشداریی کۆنگرەی کردبێت، یان کەسێك بەنوێنەرایەتی کۆمەڵێك هەڤاڵی تر دێتە ناو کۆنگرەوە، لەناو کۆنگرە لەسەر بەرنامەیەك رێکدەکەون، بۆ نموونە دەڵێین پێتان باشە ئەندامانی سەرکردایەتی بریتی بێت لە ٤٥ کەس، هەموو دەست بەرزدەکەنەوە، دەڵێن "بەڵێ". دەڵێین بۆ نموونە پێنج کەسی تریش هەبێت وەك یەدەگ، بۆئەوەی حزبی تر بێتە ناوەوە، یەکێتییەکان دەست بەرز دەکەنەوە، دەڵێن "بەڵێ". ئەمە عەهدو بەڵێنێکە داوتە، ئیتر سبەی نابێ یەکێك هەر لەخۆیەوە پێشنیاز بکات یان لەرۆژنامەیەك وتارێك بنووسێتو بڵێت: من پێشنیاز دەکەم سەرکردایەتی یەکێتی ببێتە ١٠٠ ئەندامی سەرکردایەتی، یان کۆمیتەی یەکێتی بەم شێوەیەبێت، ئەمە نابێ! بۆچی؟ لەبەرئەوەی لە کۆنگرە ئەمەی تر پەسند کرا.

## سەرکردایەتی لەجیاتی تۆ بڕیار دەدات

پێشنیازت هەیە؟ هەڵیگرە بۆ کۆنگرەی داهاتوو. کەواتە کۆنگرە گرێبەستی من و تۆ، تۆو ئەوە، هەتا کۆنگرەی داهاتوو. بەرنامەکەمان چییە، ئێمە ئەو بەرنامەیە جێبەجێ دەکەین لەم قۆناغە و پابەندی ئەو بەرنامەیە دەبین، لەوانەیە، بۆ نموونە، کادرێکی ی.ن.ک-یت، منت بەدڵ نەبێت کە سەرنووسەری کوردستانی نوێ-م، ئەمە کێ دەیگۆڕێت؟ سەرکردایەتی دەتوانێ من بگۆڕێت. بۆ تۆ من ناگۆڕی؟ لەبەر ئەوە نییە کە تۆ بۆت نییە من بگۆڕی، لەبەر ئەوەیە کە تۆ ئەرکی بەڕێوەبردنی یەکێتیت داوە بەسەرکردایەتییەك، ئەو سەرکردایەتییە لەجیاتی تۆ بڕیار دەدات، داخۆ من بهێڵێتەوە یان من لاببات. لەکۆنگرەی داهاتوودا تۆ دەڵێی من دەنگ نادەمە تۆ کاکی سەرکردایەتی، چونکە تۆ ئەرکی سەرشانت جێبەجێ نەکرد، پیاوێکی خراپی، چونکە ستران عەبدوڵڵات لەکوردستانی نوێ لانەبرد.

کەواتە یەکەم شت بۆ ئێمە گرنگە بزانین گرێبەستەکەمان لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئەوەیە کە بەم شێوەیە لێرەوە تا کۆنگرەی داهاتوو، سکرتێرێکمان هەیە ناوی هەڤاڵ مام جەلال-ە، دوو جێگرمان هەیە، مەکتەبێکی سیاسیمان هەیە، سەرکردایەتییەکمان هەیە و دامەزراوەی جیاجیای ی.ن.ک-مان هەیە کە بریتییە لەمەڵبەند و کۆمیتەکان. دەمانەوێ بیگۆڕین، قەیدی چییە؟ تۆ دەتوانی بیگۆڕی، لەکۆنگرەی داهاتوو کۆمیتەکانی یەکێتی بکە بە ٥٠ کۆمیتە لە کەرکوك، ٢٠٠ کۆمیتە لە سلێمانی، بەڵام لەکۆنگرە بڕیاری لێدەدەی. ئەمە وەکو تەشکیلات، ئامانجەکانت چین؟ ئامانجەکانی ی.ن.ك بریتین لەبەدیهێنانی مافەکانی گەلی کورد لەچوارچێوەی عیراقێکی دیموکراتی فیدراڵیدا، ئەو ئامانجەی کە ئێمە هەمانە، مافی چارەنووس لەم قۆناغەدا یەکسانە بە جێبەجێکردنی فیدراڵی، جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ بەو جۆرەی کە لە دەستووری عیراقدا هاتووەو کۆمەڵێك ئەرك هەیە لەناو پەیڕەوو پڕۆگرامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا هاتووە کە ئێمە خەبات دەکەین بۆ ئەوە. باشە، هەتاکەی؟ هەتا کۆنگرەی داهاتوو. لەکۆنگرەی داهاتوو دەشێ پەیامەکەمان بگۆڕدرێ و

ئەرکەکانی سەرشانمان بگۆڕدرێ و ئامانجەکانیشمان گۆڕانکارییان بەسەردا بێت. بەڵام قەت ئامانجمان رۆژێك لە ڕۆژان وای لێنایەت، بۆ نموونە ئێمە حزبێکی کوردستانین ئامانجمان رزگارکردنی نایجیریایە لەژێر دەسەڵاتی فلان حکومەت. ئەمە گۆڕانکاریی نییە، ئەمە ئینقیلابە، چونکە ئێمە حزبێکین لەکوردستانداین. کەواتە ئامانجە سەرەکییەکانمان وەك خۆی دەمێنێتەوە.

## ئامانجە سەرەکییەکە

ئێمە لە ساڵی ١٩٧٥، دامەزراین ئامانجە سەرەکییەکانمان لەژێر تایتڵی رزگارکردنی کوردستان دەمێنێتەوە، بەڵام وردەکاریی تێدایە، گۆڕانکاریی دەکرێت، بۆنموونە کاتی خۆی دەمانووت بەگرتنەبەری رێبازی مارکسی - لینینی کوردستان رزگار دەکەین، ئەمڕۆ دەڵێین بەگرتنەبەری رێبازی سۆسیال دیموکرات، بەڵام ئامانجە سەرەکییەکە یەك شتە، کە ئەویش ئەوەیە گەلی کوردستان خۆی حوکمڕانیی خۆی بکات و کوردستان رزگار بێت، ئینجا ئەو رزگارییە لەچوارچێوەی فیدراڵیدا رێکیدەخەیت، لە چوارچێوەی وڵاتێکی سەربەخۆدا رێکی دەخەیت، ئەوەیان وردەکارییەکەیە، بەڵام ئامانجە سەرەکییەکە ئەوەیە ئێمە دەمانەوێت مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی کورد بەدیبهێنین، کە کاتی خۆی لەچوارچێوەی حوکمی زاتیدا داوامان دەکرد، دوایی کردمان بەفیدراڵی، رەنگە سبەینێ هەنگاوێکی دیکە بچێتە پێشەوە بۆ سەربەخۆیی.

با بێینە سەر شتێکی دیکە، ئێمە پابەندین لەم کۆنگرە بۆ ئەم کۆنگرە بڕۆین. بەڵام ئەگەر لەناکاو شتێکی تازە هاتەپێشەوە، بۆ نموونە حکومەتی تورکیا داری لەسەر بەرد نەما، بۆ نموونە حکومەتی عیراقی تەفروتونا بوو و شیعەو سوننە هەموویان لەناوچە دابڕاوەکان رایانکرد، لێرە ئامانجی تازە دێتە پێشەوە، بەگوێرەی ئەو گۆڕانکارییانەی کە هاتۆتە پێشەوە، یەکێتی چی دەکا؟ سێ رێگای لەپێشە، یان کۆنگرەیەکی پێشوەخت دەکات، زۆر جار دەبیستن حزب کۆنگرە ناکات، پلینۆم دەکات. زۆرجاریش پلینۆم ناکات، رووداوەکان ئەوەندە بەپەلەن کۆبوونەوەیەکی فراوانی گشتی دەکات، واتە کادرە سەرەکییەکانی بانگ دەکات، دەڵێ کاکینە هەلومەرجێکی تازە هاتۆتە پێشەوە، پێویست دەکات ئێمە بەم شێوەیە کار بکەین. بۆ نموونە کاتی خۆی کە لە ٢٠١٠

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کۆنگرەی کرد، بەهاری عەرەبی روویندابوو. لەمیسر حوسنی موبارەك حوکمی دەکرد. لەسوریا بەشار بۆخۆی پاڵیدابۆوە، لەتونس و لەیەمەن-یش هەروەها، لەبەر ئەوە بۆچی ئێمە پەیوەندیی لەگەڵ ئیخوان موسلیمین دروست بکەین؟ خۆ نەهاتوونەتە سەر حوکم، بەڵام کە هاتنە سەر حوکم هەلومەرجێکی تازەیەو پێویست دەکات ئێمە بەجۆرێکی دیکە مامەڵە بکەین، ئەمە حکومەتەو حزبەو ئێمە نووسینگەیەکمان لەوێ هەیە، خۆ دەبێ پەیوەندییەکمان لەگەڵ میسر هەبێ کە دەوڵەتێکی گەورەی دنیای عەرەبە، ڕاستە میسر کوردستانی داگیر نەکردووەو حەقمان لای میسر نییە، بەڵام حەقمان لای عیراق و سوریایە کە میسر کاریگەری بەسەریانەوە هەیە. وەك ئەوە وایە بۆ نموونە دوو کوڕی گەنج حەقیان لای یەکتری هەیە، من براگەورەی ئەم کاکەیەم، تۆ دێی لای من باسی دەکەی، هەقەکەت لای من نییە، بەڵام من کاریگەریم بەسەر براکەمەوە هەیە، دێی، دەڵێی کاکە من کێشەیەکم هەیە لەگەڵ براکەت، برادەرمە، بەڵکو بۆم چارەسەر بکەیت. لەم چوارچێوەیەدا ئێمە پەیوەندیی دەکەین لەگەڵ میسر، کاتی خۆی کە کۆنگرەمان کردووە، شۆڕش نەکراوە لەدژی بەشار ئەسەد، بەڵام ئێستا شۆڕش لەدژی کراوەو ئێستا بەشێکی کوردستانی سوریا رزگار کراوە، گەلی کورد لەوێ هەستاوەتەوە داوای مافەکانی دەکات، باشە ئێمە واجبمانە یارمەتییان بدەین یان نا؟ واجبمانە، باشە بەچی یارمەتییان دەدەین، بەشێکی ئەو وزەو توانایەی کە یەکێتی هەیەتی، داراییە، راگەیاندنە، سیاسییە، تەرخانی دەکەین بۆ بەشی کوردستانی سوریا، بۆچی؟ چونکە ئەو بەشە دوایی حەقەکەی ئێمە دەداتەوە، چۆنی دەداتەوە؟ ئەگەر لەوێ ماف وەربگرن، ئێمە دراوسێی سوریایەکی دیموکرات بین باشترو خۆشترە، یان سوریایەکی شۆڤێنیو دیکتاتۆری؟ گەلی کورد لەوێ مافەکانی خۆی بەدەست بێنێو بەسەربەرزی بژی باشە، یان ناچاری راوەدوونان و دەرکردن بێت و بێن لەکوردستانی ئێمە ناچار بین لەلاوازیدا هاوکارییان بکەین؟ بێگومان ئەوە باشترە کە ئەوان لەسەر ماڵی خۆیان و خاکی خۆیان بن و ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵیان هەبێ. بۆیە بەشێکی سیاسەتەکەی یەکێتی دەبێ بەو ئاڕاستەیە بڕوات کە یارمەتیدانی کوردستانی سوریا بێت و چاوەڕوانی بێت بۆئەوەی کە گۆڕانکاری گەورەتریش روو دەدات.

## لە کۆنگرە بۆ کۆنگرە

بۆ جێبەجێکردنی ئەمە ئێمە چەند رێگایەکمان لەپێشە، سەرکردایەتی رادەسپێرین دەڵێین ئێمە تۆمان هەڵبژاردووە، فەرموو بڕۆ ئیشەکە بکە، یاخود هەلومەرجەکە لەوانەیە ئەوەندە گەورە بێت کە پێویست بکات یەکێتی کۆنگرە ببەستێت، کەواتە ئێمە بەگوێرەی ئەم هەلومەرجانە بڕیار دەدەین ئەرکەکانی سەرشانمان گۆڕانکاری بەسەر بێت، بەڵام کە گۆڕانکاری نایەت، ئێمە وەفادارین بەو تەوقیتانەی دامانناوە، سەعات ١٠ مەوعیدم لەگەڵ تۆ هەیە، پێویستە سەعات ١٠ بێم، لەکۆنگرە بۆ کۆنگرە مەوعیدێکمان دیاریکردووە پێویستە ئێمە پابەند بین پێوەی، ئێمە کە هەڤاڵین پێکەوە، هەوڵ دەدەین ئەو بەڵێنەی بەیەکەوە دەیدەین بیپارێزین، پێکەوە خەبات دەکەین و پێکەوە دەیپارێزین. لێرەوە ئێمە بەگوێرەی ئەم بارودۆخە کە دێتەپێشەوە بڕیار دەدەین، بۆ نموونە بۆ جێبەجێکردنی ئەرکی قۆناغی داهاتوو پێویستمان بەچییە؟ ئەگەر بڕیارماندا کە پێویستمان بەوەیە بەشێك لەتواناکانمان تەرخان بکەین بۆ کوردەکانی سوریا، دەبێ لەشوێنێکیەوە بیگێڕینەوە. بۆ نموونە دەڵێین برادەرانی کوردستانی ئێران ئێوە جارێ ماوتانە شۆڕش بکەن، وەختێك هەلومەرجێکی تر دێتەپێشەوە، بۆیە بەشێکی ئەو یارمەتییەی داومانە بەئێوە، بەئاڕاستەی کوردستانی سوریای دەبەین، یاخود بۆ نموونە ئێستا عەدەد جیهازمان نەماوە، لەبەرئەوەی ئەو کادری عەدەد جیهازە تەرخانی دەکەیت بۆ شوێنێکی تری دەبەیت. ئێستا من لەڕێگای مۆبایلەوە، لەڕێگای ئیمەیلەوە، لەڕێگای فەیسبووکەوە، پەیوەندیی بەتۆوە دەکەم، کەواتە شێوازی پەیوەندییەکانمان گۆڕاوە. باشە ئەو کادرەی عەدەد جیهاز بووە چی لێدەکەی؟ دەیکوژی یان دەڵێی بڕۆ دانیشە لەماڵەوە؟ چۆن شتی وادەکەی لەگەڵ کادرو هەڤاڵی یەکێتی؟ بەڵکو دێی سەرلەنوێ دەیخەیتەوە گەڕو تەوزیفی دەکەیتەوە. دەڵێی کاکە حەزت لێیە ببیتە مەسئولی ئیمەیلی مەکتەبی سیاسی، یان سەرکردایەتی، یان لەپەیوەندییەکان لەجێگایەکی دیکە ئیش بکەیت؟ هەمان ئەو شتە بۆ ئەو خەباتەی ئێمە دەیکەین دەبێ رەچاوی بکەین و کاری لەسەر بکەین.

## بۆ هەموو هەلومەرجەکان دەبێت یەکێتی پرسیار بکات

دێینە سەر ئەوەی بۆ ئەمڕۆ چی بکەین و هەلومەرجەکەمان چییە؟ بۆ نموونە ئێستا من لە ئێوە دەپرسم وەزعی کەرکوك چۆنە؟ ئایا ئەمن و ئیستخباراتی بەعس ماوە؟ نەماوە. کەواتە ئێمە ئێستا موناقەشەی ئەوە ناکەین چۆن رووبەڕووی بەعس و جاسوس و ئەمن ببینەوە. سەیر بکەن هەندێك خاڵ هەیە دەیکوژێنینەوە لەگفتوگۆکەماندا. دەپرسم خەڵك بەزۆر دەکرێ بەعەرەب؟ ئێوە جوابم دەدەنەوە "نەخێر"، بەڵام عەرەبەکان ناڕۆنەوە. سەیر بکەن وەزعەکە گۆڕاوە، شێوەی پرسیارەکەشمان گۆڕاوە. کەواتە پێویست ناکات دە کەسمان تەرخان بین بۆ ئەوەی کە بچین بۆ بازاڕی رەحیم ئاوا بڵێین "ئێمە کوردین ناتوێینەوە". پێویست ناکات ئەوە بڵێین. بەعس رووخاو کەوت. ئێمە دەبێ شێوەی خەباتەکە بگۆڕین. چۆن وابکەین عەرەب ناچار بکەین بڕواتەوە شوێنی خۆی؟ چیمان هەیە لەبەردەست؟ لەڕووی یاساییەوە مادەی ١٤٠مان هەیە، لەڕووی هۆشیارییەوە چیمان هەیە؟ چۆن کار لەسەر ئەمە بکەین؟ ئەگەر لەمن بپرسن بۆ نموونە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەداهاتوودا دەبێ بیر لەوە بکاتەوە ئەرکەکانی قۆناغی داهاتوومان چییە؟ چی لەو ئامانجانەی دامانابوو بەدیهاتوون و چ ئامانجێکی تازە هاتۆتە پێشەوە کە ئێمە دەبێ کاری لەسەر بکەینو هێزی بۆ ئامادە بکەین؟ بەڕای من ئێستا هەلومەرجێکی تازە هاتۆتە پێشەوە لەکوردستانو لەعیراق و ناوچەکە، دەبێ یەکێتی دیراسەی ئەم هەلومەرجە بکاتو بەگوێرەی ئەمە سیاسەتەکانو ئیشەکانی خۆی رێکبخاتەوە. بۆ نموونە ئێستا لەعیراق هەلومەرجێکی وا هاتۆتە پێشەوە کە کێشەیەکی گەورە هەیە لەناو هێزە سیاسییەکانی عیراقدا. دەبێ (ی.ن.ك) ئەم پرسیارانە لەخۆی بکات: لێی بگەڕێم بۆ ئەوەی ئەم کێشانە بەردەوام بێو من سوودی لێوەربگرم و عەرەبەکان سەرقاڵ بن؟ یان نەخێر بەشداری بکەم لەچارەسەرکردنی ئەم کێشانەدا؟ دەڵێم من حزبم، بەیاننامە دەردەکەم، کادرم هەیە بەشداری دەکات، بەڵام لەهەمانکاتدا لەحکومەتم، سەرۆك کۆمار لەخۆمە، جێگری سەرۆك وەزیرانی عیراق لەخۆمانە، چەند ئەندام پەرلەمانێك هەیە لەسەر لیستی (ی.ن.ك) لەبەغداو

بەشداری دەکەن لەداڕشتنی سیاسەتی عیراقی، هاوپەیمانێتیمان لەگەڵ پارتی و چەند حزبێکی تری کوردی هەیە، ئەمانە کەرەستەی بەردەستمانە، چۆن وابکەین ئێمە بەشداری بکەین لەچارەسەری کێشەکانی عیراق؟ وای دابنێن ئێمە پێمان باش نییە کێشەکانی عیراق چارەسەر بن، چۆن وابکەین کێشەکانی عیراق چارەسەر نەبێ؟ ئایا لێیگەڕێین و بێینەوە سلێمانی لێی دانیشین؟ هەندێك جار رەنگە واپێویست بکات بەچەشنێکی تر سیاسەت بکەین بۆ نموونە لەسیاسەتی عیراقی. بەشداری دەکەین بۆئەوەی سەرکەوتوو نەبێ، بەشداری دەکەین بۆئەوەی بیانوو بهێنینەوە، لێرەدا سیاسەت دادەڕێژین بۆ یەکێتی، من دەڵێم ئەزموون نیشانیداوە هەتا کێشە لەعیراق هەبێ کێشەکانی کورد دوادەکەوێ، هەندێك کەسیش دەڵێن نەخێر، ئەزموون نیشانیداوە هەتاوەکو شیعەو سوننە ناکۆك بن بۆ کورد باشە، هەتا یەك دەگرنەوە دژی کورد دەردەکەون، ئەمەش رایەکە، من و تۆ گفتوگۆ لەسەر ئەم بۆچوونانە دەکەین بزانین کامی باشترە، خۆ هەڵبەت شتێك نییە سەد لەسەد لەدڵی خۆمان بێ، بەڵام قازانجی یەکبوونی عیراقییەکان زیاترە یاخود قازانجی ئەوەی کە عیراقییەکان یەك نەبن و هەروا کێشەو گرفتیان هەبێ لەگەڵ یەکترداو، پێچەوانەکەشی؟ ئەمانە هەمووی لێکدەدەینەوە بەگوێرەی زیان و قازانجی میللەتەکەمان، بەمجۆرە بڕیار لەسەر سیاسەتەکان دەدەین، من رام وایە هەتا کێشە هەبێ لەعیراق، کێشەکانی کوردستان زەحمەتتر چارەسەر دەکرێن، بەتایبەتی کێشەی ناوچە دابڕاوەکان، بۆچی؟ لەبەرئەوەی ئەو کێشانە پەیوەندیی بەعیراقەوە هەیە، عیراق دەبێ جێبەجێیان بکات، ئەگەر عیراق کێشەی هەبێت، کێشەکانمان دوادەکەون، بۆ ئەو رۆژەی شیعەو سوننە یەك بگرنەوە، ئەگەر شیعە و سوننە یەکی گرتەوە، هەردیسانەوە ئەو کێشەیە دێتە پێشەوە کە بەهێزن دژمان دەوەستن، نەخێر زووتر بگەینە ئەو قۆناغەی بزانین کێشەکانی ئێمە چۆن چارەسەر دەکەن؟. باشترە.

## پرسیار نەمرە

بەڕای من پرسیاری (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆچی؟) کە سەرۆک مام جەلال لەناملیکە بە ناوبانگەکەی خۆیدا کردی، پرسیارێکی نەمر و جاویدانە، بەڵام وەڵامەکەی هەمیشە نوێیە و بە گوێرەی سەردەمەکان دەگۆڕێت.

(بۆچی؟) پرسیاری ئەو کاتەیە کە جەدوا و پێویستی دروستبوونی یەکێتیی روون دەکاتەوە. جا ئیتر کە خەبات پێش دەکەوێت و یەکێتیی و کوردستان گەشە دەکەن قۆناغەکانی تر وەڵامی تریان ویستووە. پەنجا ساڵە تێکۆشەرانی یەکێتیی وەڵامی تازەی ئەم پرسیارە نەمرە دەدەنەوە.

هەر وەختێک وەڵامەکە کورتی هێنابێت یەکێتیی پاشەکشە و پێکوتەی کردووە، هەر وەختێک پڕ بە پێستی قۆناغەکە بووبێت گەشە و نەشەی کردووە.

قۆناغی پەنجا ساڵە، لەسەردەمی هەڤاڵ بافڵ جەلال تاڵەبانی سەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، هەمان پرسیاری دێرین، نەمر و نە گۆڕی هەیە، بەڵام گرەو لەسەر وەڵامەکەیە.

وەڵامەکە هەر دەبێ هی سەردەمەکە بێ، نوێباو و گۆڕاو بێت. واتا هەر وەکو کەرکوکی ئەیڵێن؛ تازە و جدید (طازج و جدید) بێت.

**٢٠٢٥/٦/١**

## فەسڵی چوارەم

# مام جەلال
# لە پەراوێزی ئەدەبیاتی مورافەعەی کەرکوکەوە

رۆژی (٢٠٠٤/٢/٩) سەرۆک مام جەلال مورافەعە مێژووییەکەی خۆی لەسەر کەرکوک و سنووری کوردستانی جنوبی پێشکەش کرد، ئەم مورافەعەیە جگە لە دیوە مێژووییەکەی کە مێژوویەکی پوختی تێکۆشانی گەلەکەمان دژی داگیرکاری و تەعریب دەگێڕێتەوە و بەڵگە مێژووییەکان دەخاتە خزمەت ئەو تێکۆشانەوە، هەروا بووە مایەی پاڵنانێکی سیاسی بۆ دانپیانانی دەستەبژێری سیاسیی عێراق بە قەوارەی فیدرالی کوردستان و یەکلایکردنەوەی جوگرافیاکەی بە نەخشەڕێیەکی دەستووریی، لە پێشدا بە پێی مادەی ٥٨ لە قانونی ئیدارەی دەوڵەت لە ساڵی (٢٠٠٤)و سەردەمی پۆل بریمەر (حاکمی مەدەنی ئەمەریکا لە عێراق) وئینجاش بە گوێرەی ماددەی (١٤٠) لە دەستوری دایمی عێڕاق لە ساڵی (٢٠٠٥).

ساڵانە ناوەندەکانی راگەیاندنی کوردستانی، بە تایبەتی راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان یادی ئەم راوەستانە مێژووییە دەکەنەوە، بەندەش وەک میدیاکار و پێشمەرگەیەکی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان، لە قوڵی یەکێتییەوە، لەسەر ئەمە قسەم هەبووە و وتارم نووسیوە. لە ناویاندا ئەم بەشدارییە فەقیرانەم لە سەکۆی کەناڵی کوردساتەوە.

لەم بەژدارییەدا کە رۆژی ٢٠١٩/٢/٩ ساز کراوە، دەرفەتم وەرگرت کە لە رەهەندێکی مێژووییەوە مانایەکی دیرۆکی بە تێکۆشانی مام جەلال لە دۆسێی کەرکوک و دەستوری کوردستانی جنوبی بدەم.

ساڵی ٢٠٢٢ داوام لە هاوپیشەم کاک جەمال ئاریز کرد و ئەویش زەحمەتی کێشا دیدارەکەی هێنایە سەر کاغەز و خۆشم پێداچوونەوەیەکم تێدا کرد.

تا لەم کەینوبەینە تەواوبوم یادی ئەمساڵی مورافەعەکە تەواو بوو، کە خۆشی یادکردنەوەی میدیایی هەر وایە.

دوایی بیرم کردەوە ئەسڵەن بەندە ئەم تەکلیفەم لە کاک جەمال کرد چونکە دیدارەکەی کوردسات هەر خۆی باسوخواسی مێژووە، دەنا زۆر دیداری ترم هەن و قەتیش بیرم لە پاک و پوختکردنی نەکردۆتەوە.

جا ئێستا کە مانگی یادی مورافەعەکە نییە، روانینەکانی لەسەر مورافەعەکەی مام جەلال بۆ بڵاوکردنەوەی درەنگ وەختیش دەست دەدا، لێرەوە پێشکەشی خوێنەرانی گۆڤاری (کەرکوک تیڤی) دەکەم بەو ئومێدەی رەوتی گێرانەوەکە یارمەتی نووسەرانی لاومان بدات توێژینەوەی شێنەیی تر و دوورمەودا تر لەسەر (مام لە دۆسێی کەرکوکدا) بنووسن .

ئەوەی من لێرە دەیڵێم هەر بەرکوڵە و گەرەکمە قەوسی نووسینیان بۆ بکاتەوە .

# مورافەعەکەی مام،
# تایتڵێک بۆ زیاتر لە ٣٠ ساڵ خەبات

ئەو مورافەعەیەی سەرۆك مام جەلال لە رۆژی ٢٠٠٤/٢/٩ لە ئەنجومەنی حوکمی عیراقدا خستییەڕوو، تاکە مورافەعە نەبوو، بەتایبەتیش لەسەر پرسی کەرکوك، چونکە زۆربەی تەمەنی خەباتی سیاسیی مام جەلال خەباتە لەپێناوی سەلماندنی کوردستانی بوونی کەرکوك و ئەوە چەندەمین مورافەعە بوو، بەڵام جیاوازییەکەی ئەوەی ناو مەجلیسی حوکم لەگەڵ ئەوانی دیکەدا ئەوەیە کە ئەوە یەکەم مینبەرە کە لەدوای رووخانی رژێمی سەدام حسێن، ئەو رژێمەی کە لە ساڵی ١٩٦٣ وە و دواتریش قۆناغی دووەمی گەڕانەوەی رژێمی بەعس بۆ سەر دەسەڵات لە ساڵی ١٩٦٨، کە لە قۆناغی یەکەمی حوکمڕانییەوە لە ١٩٦٣ وە دەستیکردووە بە پیادەکردنی سیاسەتی تەعریب لە شاری کەرکوك، هەربۆیە مەسەلەی کەرکوك لەژێر سایەی ئەو رژێمی بەعسەدا تەشەنەی سەندووە و تا ئەو کاتەش کە کۆبوونەوەکەی مەجلیسی حوکم کرا، بەبێ چارەسەر مایەوە، ئەوە یەکەمجار بوو کە مام جەلال مینبەری حکومڕانیی عیراقی دەکەوێتە دەست و ئەو مورافەعەیەی خۆی کە لە شاخەکانی کوردستانەوە، لە کۆڕ و کۆبوونەوە جیاجیاکانی کە کاری بۆ سەلماندی کوردستانی بوونی کەرکوك دەکرد، توانی بیگوێزێتەوە بۆ ناو مەجلیسی حوکمی عیراق.

## بە بەڵگە سەلماندی کەرکوک کوردستانییە

ئەگەر دیققەت بدەن لەو کۆبوونەوەیەدا کە مام جەلال نەخشەکە دەکاتەوە، یەکێك لەو کەسانەی کە بەشدارە عەدنان پاچەچی-یە کە ئەندامی مەجلسی حوکمە لەو کاتەدا. عەدنان پاچەچی ئەگەر خۆشی نەزانێت، باوکی کە ناوی موزاحیم پاچەچی بووە، لە سییەکان و چلەکانی سەدەی رابردوودا دەیزانێت کە مەسەلەی کەرکوك هێندەی مێژووی دەوڵەتی عیراق کۆنە، جگە لەوەش مورافەعەکەی مام جەلال بە

تەنها لەسەر کوردستانیبوونی کەرکوک نەبوو، بەڵکو لەسەر دیاریکردنی هەموو سنووری کوردستانی جنوبی بوو، چونکە کە سەلمانی کەرکوک کوردستانییە، ئەوەشی سەلماند کە چیای حەمرین سنووری کوردستانی جنوبییە، ئەو عیراقە فیدراڵییەی کە سەرۆك مام جەلال لەو کاتەدا داوای دەکرد، دەبوو سنوورەکەی دیاری بکرێت، بۆیە بەو نەخشەیە ئەو سنووره دیاری دەکات و بەو سنوورەش کوردستانی بوونی کەرکوك دیاری دەکات، وەك ئەوەی کە بەرگریی لێ دەکرد.

بێگومان مورافەعەکانی بەڕێز مام جەلال زۆر لەپێشترە لە مورافەعەکەی مەجلیسی حوکم، چونکە لە هەر کۆڕو کۆبوونەوەیەکدا جا حزبی بووبێت یان حکومی، یان جەماوەریی و لەهەر شوێنێکیش بووبێت، دەرفەتی بۆ هاتبێتە پێشەوە، مام جەلال ئەو مورافەعەیەی پێشکەش کردووە، بۆیە کە رۆژی مورافەعەکە هات، باکگراوندەکەی مام جەلال ئامادەبوو بۆ پێشکەش کردن و بەدەستوربرد هێنانەوەی بەڵگە و دیکۆمێنتی پێویست بۆ ئەو پرسە تا بیخاتە بەردەم هەموو ئامادەبووان، بەوانەشەوە کە نەیاری ماف و خواستەکانی خەڵکی کوردستانن و توانی بۆ هەموویان عەرەب بە شیعە و سوننەوە، بۆ تورکمان، بۆ نوێنەرانی هەموو پێکهاتەکانی روون بکاتەوە کە دەبێت کێشەی کەرکوك بەو شێوەیە دەستنیشان بکرێت و داهاتووی کەرکوکیش بەم شێوەیە چارەسەر بکرێت. کەواتە دەتوانرێت بووترێت ئەو گفتوگۆیەی لەناو مەجلیسی حوکمدا کرا، مام جەلال زیاتر لە ٣٠ ساڵ بووە خۆی بۆ ئامادە دەکرد، بەڵام ئەوەی لە رۆژی کۆبوونەوەکەی مەجلیسی حوکمدا روویدا، بە بەڵگە و وردەکارییەوە ئەوەی خستەڕوو کە ئەمانە بەڵگەی کوردستانێتیی کەرکوکن.

بۆ بەڵگەی ئەو قسانەش چ لە تەلەفزیۆنی خاك یاخود کوردسات یان لە هەر کەناڵێکی دیکە کە بەرنامە کرابێت لەسەر مەسەلەی کوردستانیبوونی کەرکوك، مام جەلال قسەی تێدا کردووە و بەڵگە و دیکۆمێنتی مێژوویی لەو بارەیەوە خستۆتەڕوو.

## پرۆڤەی پارێزەرێگ لە رێگەی راگەیاندنی یەکێتییەوە

لەو کاتانەی کە سەرۆك مام جەلال جگە لە مینبەری راگەیاندن هیچ مینبەرێکی دیکە نەبووە کە ئەو بەرگرییەی لێوە بکات، ئەوە هەمووی وەکو پرۆڤەی پارێزەرێك بووە بۆ ئامادەکردنی لائیحەی دیفاع بۆ رۆژی دادگا و لەوێ کە شوێنی راستەقینە بووە، مورافەعە گەورەکەی کرد.

لەبیرمان نەچێت کە لە کۆڕ و کۆبوونەوە یان کۆنگرەکانی کۆمەڵەی رووناکبیریی کەرکوکدا لە ساڵی ١٩٩٧ کە لەسلێمانی بەسترا، هەڤاڵ مام جەلال زۆربەی ئەو بەڵگەنامانەی هێنایە ناو کۆبوونەوەکان و بۆ ئامادەبووانی خوێندەوە کە جگە لە بەڵگەنامەکان، قسەی زۆربەی ئەو گەڕیدانەی تێدابوو کە هاتوونەتە کوردستان لە گەڕیدە ئینگلیزەکان، فەرەنسییەکان و عوسمانییەکان و ئەوانی دیکە و هەمیشە مام جەلال ئەو بەڵگەنامە و نووسراوانەی پێبوو بۆ ئەو کۆبوونەوانەی لەگەڵ کەرکوکییەکان دەیکرد، یان بۆ ئەو کۆبوونەوانەی کە تایبەت بوون بە کەرکوك و رەوشی ئەو شارە کە ئەو کتێب و بەڵگەنامانە کوردستانی بوونی کەرکوك دەسەلمێنن، کە دواتر هەموویان لە دووتوێی کتێبێکدا بە هاندانی مام جەلال لەلایەن شێخ محەمەدی شاکەلییەوە کۆکرانەوە و هەر مام جەلال-یش پێشەکیی بۆ نووسی.

دەتوانین ئەوە دووپات بکەینەوە کە ئەوەی لە مورافەعەکەی ٩ ی شوباتی ٢٠٠٤ دا روویدا، بەری پرۆڤەی ٣٠ ساڵ زیاتری خەباتی سەرۆك مام جەلال بوو چ لە خەباتی شاخ لە شۆڕشی نوێدا و چ لە گفتوگۆ و دانوستاندنەکاندا بۆ گەیاندنی ئەو راستییانە لەشێوەی مورافەعەیەکی دادگادا، کە هیوادارم ئەمە رۆژێك بێت و هەمووی بنووسرێتەوە.

## لە گفتوگۆی ١٩٨٤دا بە بەعسییەکانی سەلماند

جگە لەوەش یەکێك لە سەرکەوتنەکانی یەکێتی لە گفتوگۆکانی ساڵی ١٩٨٤ وروژاندن و خستنەڕووی بەڵگەی تایبەت بە گۆڕینی دیمۆگرافی و پێداگریی بوو لەسەر ئاساییکردنەوەی هەلومەرجی کەرکوك و ناوچە تەعریبکراوەکانی تر، ئەگەرچی حکومەتی عیراقی ئەوکات زۆر هەوڵیدابوو کە ئەو بەڵگەنامە ئیمزاکراوانەی وەربگرێتەوە، بەڵام وەفدی یەکێتی هەرزوو ناردبوویانەوە بۆ سەرکردایەتی. بۆیە وەك لەسەرەتاوە ئاماژەمان پێدا، مورافەعەکە بەری زیاتر لە ٣٠ ساڵ خەبات بوو، بەڵام تا ئەو کاتە عیراق دیموکراسیی تێدا نەبوو تا لە پێگەی شەراکەتی سیاسییەوە مام جەلال ئەوە بخاتەڕوو.

لایەنێی گرنگی ئەو مورافەعەیە ئەوەبوو کە بووە بناغەی چەسپاندنی سیستمی فیدرالی لەلایەك و داواکردنی دیاریکردنی سنووری ئەوەی پێی دەوترێت کوردستانی جنوبی، کە ئەوەش بە دوو قۆتاغ لە یاسای کاتی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق و دواتریش لە دەستووری هەمیشەییدا جێگیرکرا لە مادەکانی ٥٨ی قانونی کاتی ئیدارەی دەوڵەتی عیراق و مادەی ١٤٠ی دەستووردا کە بەبێ ناوهێنانی گێڕانەوەی کەرکوك بۆسەر هەرێمی کوردستان، سنووری کوردستانی جنوبی لەناو ناوچە جێناکۆکەکاندا جێی دەکرێتەوە.

## ڕەنگدانەوەی مورافەعەکە لە قانونی ئیدارەی دەوڵەت و دەستووردا

ئەگەر بڕوانینە کاتەکە، ڕێك مانگێك دوای ئەو مورافەعەیە کە قانونی ئیدارەی دەوڵەت پەسەندکرا لەلایەن ئەنجومەنی حوکمەوە دوو خاڵی زۆر گرنگی تێدا بەرجەستە بوو:

**یەکەمیان:** سەلماندنی هەرێمی کوردستان وەك قەوارەیەکی فیدراڵ و ڕەتکردنەوەی تێزی فیدراڵیی پارێزگاکان کە ئەو کاتە لەلایەن ئەمریکاییەکان و هەندێك لە لایەنە عیراقییەکانیشەوە باسی لێ دەکرا.

**دووەمیان:** جگە لە داننان بە هەرێمی کوردستان و حکومەت و پەرلەمان و یاساکانی و دەزگا دادوەرییەکەی تا ٢٠٠٣/٣/١٩، جگە لەوەش تێکەڵکردنی هەموو سنووری

کوردستانی جنوبی بەو ناوچانەی بە کێشە لەسەر دانران چ لە مادەی ٥٨ ی قانونی ئیدارەی دەوڵەت و چ مادەی ١٤٠ی دەستووری هەمیشەیی.

هەر هاوکات لەگەڵ ئەو موناقەشە و کۆبوونەوانەی کە بەدرێژایی ساڵانی ٢٠٠٣ و ٢٠٠٤ لە نێوان مام جەلال و لایەنە سیاسییە عەرەبییەکانی عیراق، مام جەلال وتارێکی لە رۆژنامەی (شەرق ئەلئەوسەت) دا بڵاوکردەوە کە هەڵایەکی گەورەی نایەوە و قسە و باسی زۆری بەشوێن خۆیدا هێنا. لەنێوان رابەرانی بیری ناسیۆنالیزمی عەرەبی و بەتایبەتی ناسرییەکان کە ئەوان بە پێشەنگی بیری ناسیۆنالیزمی عەرەبی هەژمار دەکرێن، لەو وتارەدا و مام بە راشکاوانە دەڵێت ئەو فیدرالییەی کوردستان مەزنە، فیدرالییەکی (عیملاقە) و ئەوە نییە کە لە چوارچێوەی ئیداریی بچووکدا پۆلێنی بکەن، هەروەها ئەو زنجیرە چاوپێکەوتنەی کە مام لەگەڵ سوبحی عەبدولحەمید دەیکات، کە یەکێکە لە مونەزیر و بیرمەندە ناسرییەکانی عەرەب، سەرچاوەکەی ئەو موناقەشە و گفتۆگۆیەیە کە لە شەستەکانی سەدەی رابردووەوە مام جەلال لەگەڵ نەتەوەییە عەرەبەکان و ناسرییەکاندا کردۆیتی و بۆی روونکردوونەتەوە کە کەرکوك خاکی کوردستانە و ئەو تیژ و تەرحانەی کە کەسانێکی ناسیۆنالسیتی عەرەبی وەکو هیلال ناجی دێتە سەر ئەو باوەڕەی کە دەڵێت: کەرکوك بدەنەوە بە کوردەکان، ئەوە خاکی کوردستانە و خاکی ئەوانە و نەوت لە وڵاتە عەرەبییەکاندا زۆر زۆرە. واتە هاوکات لەو کاتەی کە مام جەلال لە مەجلیسی حوکمدا مورافەعەی دەکرد، لە چەند قۆڵێکی دیکەشەوە خەریکی مورافەعە بوو، لە رێگەی نووسینی وتاری سیاسی و دیداری رۆژنامەنووسییشەوە مام جەلال مورافەعەی پێشکەش دەکرد.

## وەلانانی تێزی فیدراڵی پارێزگاکان

هەروەها بیرۆکەی پێشکەش دەکرد تا لە گەشەپێدانی عیراقی دیموکراتیدا ئەو بابەتانە بخرێتە گفتوگۆوە، بەجۆرێك لە ڕاڕەوەکانی سیاسیی عیراقدا ئەوەی بۆ تەرح دەکردن کە دەبێت هەرێمی کوردستان وەك یەك یەکەی سیاسی و ئیداریی یەکگرتوو مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و لە یاساو دەستووردا شوێنی بکرێتەوە، نەك وەك ئەوەی بکرێتە فیدرالیی پارێزگاکان کە ئەوکات بەشێکی زۆر لە لایەنە عیراقییەکان بیریان لێ دەکردەوە، واتە ئەو مورافەعە و بەرگرییەی کە مام جەلال لەسەر کوردستانی بوونی کەرکوك پێشکەشی کرد، بابەتێك نییە تەنها تایبەت بێت بە کەرکوك، بەڵکو بابەتێکە لە چوارچێوەی کۆی مەسەلەی کوردستان، کە دیاریکردنی چارەنووسی کەرکوك، واتە دیاریکردنی سنووری کوردستان، واتە دیاریکردنی ئەو چوارچێوە سیاسییەی کوردستان لەڕووی مێژووییەوە، یان بە کورتی و بە کوردی دەکرێت بڵێین ئەوەی مام جەلال تەرحی دەکرد، ئاشتکردنەوەی مێژوو و جوگرافیا بوو، واتا بە عیراقییەکانی دەوت: باشە با کوردستان بەشێك بێت لە عیراق، بەڵام با کۆی کوردستان بەشێك بێت لە عیراق، بۆچی ئێوە بەشێکی لێ دادەبڕن ئەگەر پێتانوایە عیراق وەك یەکەیەکی سیاسی پێکەوە دەمێنێتەوە؟ بۆیە وا باشترە کوردستان بەیەکچاو سەیر بکەن، نەك کەرکوك و هەندێك ناوچەی دیکەی لێ دابڕن، واتە بڵێن ئەم سێ پارێزگایەی سلێمانی و هەولێر و دهۆك کە سەدام حسێن دانی پێداناوە، هەر ئەوە کوردستانە، بۆیە ئێمە دەبێت ئەو پەیامەی مام جەلال وا بخوێنینەوە کە تەرحێکە بۆ تەواوی خاکی کوردستانی جنوبی، ئەوکاتە ئەگەر کوردستان لەگەڵ عیراقدا بوو، ئەوا وەك یەك یەکەی جوگرافی و سیاسی دەکرێت لەگەڵ عیراقدا لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدرالیدا بێت.

## ناسری و ناسیۆنالیستەکانی عەرەب و سەرەتای مورافەعەکە

که دەڵێین ئەم مورافەعەیە لە شەستەکانی سەدەی رابردووەوە بەردەوامە، ئەوەیە کە سەرۆك مام جەلال لە کاتی مفاوەزاتی نێوان کورد و حکومەتی عیراقی سەردەمی عەبدولسەلام عارف لەلایەك و گفتوگۆی میسر و عیراق و سوریا بۆ پێکهێنانی یەکێتیی عەرەبی کە لەوکاتەدا لەگەڵ وەفدی عیراقدا دەچێتە میسر و ئەوکاتە تەرحی ئەوە بۆ جەمال عەبدولناسر دەکات کە ئەگەر ئەوان دەیانەوێت ئەو یەکێتییە یەکێتییەکی فیدرالی بێت کە لەنێوان ئەو سێ وڵاتەدا دروستی بکەن، ئەوا بۆ ئەوەی کورد بکەنە پشتیوانی ئەو یەکێتییە، پێشنیاز دەکەم با کورد لەو یەکێتییەدا ببێتە فیدراڵیی چوارەم، کە ئەوکاتە کوردستانی سوریاش دەگرێتەوە. واتە ئەگەر لەو یەکێتییە عەرەبییەدا عیراق هەرێمێکە و سوریا هەرێمێکە و میسر هەرێمێکە، ئەوا با کوردستان ببێتە هەرێمی چوارەم. خۆ ئەگەر وەك یەك وڵاتی یەکگرتووش دەیکەن، ئەوا ئێمە پێشنیاز دەکەین کوردستان هەرێمێك بێك لەناو ئەو دەوڵەتە یەکگرتووەدا.

واتە لەو کاتەی کە ناسیۆنالیزمی عەرەبی جەمال عەبدولناسری هەیە و تەرحی یەکێتیی عەرەبی دەکات، کوردیش مام جەلالی هەیە کە تەرحی ئەوە بۆ عەبدولناسر دەکات کە بۆئەوەی ئێمەی کوردیش پشتیوانی ئەو یەکێتییە عەرەبییە بکەین و پێکەوە بەئاشتی بژین، ئەوا ئێمەش پێمانباشە بەڵام بە سەلماندی کوردستانیبوونی کەرکوك و کوردستانییەتی هەموو خاکی کوردستانی لە چوارچێوەی ئەو یەکێتییە عەرەبییەدا.

## سەرکردایەتی سیاسیی کورد جووڵەی مام جەلالانەی گەرەکە

ئێستا پێمانوایە لە پاش ١٨ ساڵ لەو مورافەعەیە سەرەتا دەبێت مادەی ١٤٠ی دەستوور بەرچاوڕوونییەکی باش بێت هەم بۆ لایەنی عیراق و بۆ سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستانیش بۆئەوەی کە ئەو مەسەلەیە بە رێوشوێنی دەستووریی خۆی چارەسەر بکرێت، جگە لەوەش ئەوە فیکرێکی سیاسیی مام جەلالانەی دەوێت بۆ بیرکردنەوە و تەگبیرکردن لە چۆنێتی چارەسەرکردنی، چونکە ئەگەر دیقەت بدەین، رەهەندی مێژوویی هەمیشە لە تەرحەکانی مام جەلالدا، ئامادەیی هەیە، بۆنموونە لە کتێبی دیداری تەمەندا بلاوکراوەتەوە دەڵێت: کە کاتێك لەگەڵ ناسیۆنالیستەکانی سوریادا قسەم کردووە پێیانوتووم "ئەگەر نەتەوەی کورد و نەتەوەی عەرەب پێکەوە هاوپەیمان بن و پێکەوە کاربکەن، ئەوا ئەوکاتە دەتوانین خاك و خەڵك بگۆڕینەوە"، واتە ئەو تێزەی کە ئێستا ئێمە پێی دەڵێین ناوچە دابڕێنراوەکان و چارەسەرەکەی ئەوەبێت کە عەرەبە هاوردەکان بڕۆنەوە و کورد بگەڕێتەوە، ئەوە تەرحێکی زۆر کۆنە، تەنانەت لە مفاوەزاتی ١٩٨٤دا لە باسکردنی ئاساییکردنەوەی دۆخی کوردستاندا باسی ئەو بابەتانە کراوە، هەر لەو مفاوەزاتەدا وەرەقەی ئاساییکردنەوە هەیە کە ئەوکات لە راگەیاندنەکانی یەکێتیدا بلاوکراوەتەوە و تێیدا هاتووە کە دەبێت کێشەی ئەو ناوچانە بەم شێوەیە چارەسەر بکرێت، پێش هەر شتێك سیاسەتی تەعریب رابگیرێت و پرۆسەی ئاساییکردنەوە دەستپێبکات، هەر لەو رووەشەوە دەبێت ئاماژە بەوەش بدەین کە ئەگەر ئاساییکردنەوە لە ١٩٨٤دا جێبەجێ بکرایە، ئەوا تەعریب بەو شێوەیە تەشەنەی نەدەکرد و زۆر نەدەبوو، یان ئەگەر لە ١٩٩١ ئاساییکردنەوە دەستپێبکرایە، بەو جۆرە زۆر نەدەبوو، یان لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦ مەخمور نەخرایەتە سەر سنووری عیراق، تەعریب بەو جۆرە تەشەنەی نەدەکرد و ئاساییکردنەوە ئاسانتر دەبوو، ئێستاش هەتا زووتر ئاساییکردنەوە بکرێت و کەرکوك بگەڕێتەوە سەر سروشتە مێژووییەکەی خۆی، بەو دەستپێشخەرییەی کە سەرۆك مام جەلال کردی، یان بەو ئەندێشەیەی کە لە فیکری مام جەلالدا هەبوو، پێموایە مەسەلەکانی عیراق و کوردستانیش لە چارەسەر

نزیك دەبنەوە، بۆیە هیوادارم هەر یەکێتییەك لای خۆیەوە بە شێوازی پەرۆشیی مام جەلال و هەر کوردێکی دڵسۆز بە هەر جۆرێك بۆی دەکرێت بەهەمان شێواز و خەمخۆریی ژیرانە کار بۆ چارەسەر و کردنەوەی ئەو گرێ کوێرەیە بکات.

## مورافەعە لەسەر کەرکوک، مورافەعەیە لەسەر سنووری کوردستان

رۆژی مورافەعەکەی مام جەلال رۆژێکی گرنگە، وێستگەیەکی چۆنایەتیشە لە چەندین وێستگەی خەباتی مام لە رێی کوردستانێتی کەرکوك و دیاریکردنی سنووری کوردستانی جنوبی و پێشینەی پێکهاتنی دەوڵەتی عیراق لە سەدەی بیستەمدا.

ئەم مورافەعەیە هی پارێزەر و سەرکردەیەکە بایەخی بەڵگە و حوجەی مێژوویی بۆ چارەسەری پرسی مێژوویی دەخاتە بواری پراکتیکەوە.

ساڵی ١٩٢٦ باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ - کوردستانی جنوبی) بە چەند مەرجی دابینکردنی مافەکانی گەلی کوردستان دەلکێنرێت بە عیراقەوە. ئەم لکاندنە ئەو کاتە شەرعییەتی عوسبەتولئومەم وەردەگرێت کە پادشایی عیراق و مەنداتی ئینگلیز بەڵێن دەدەن مافی کورد لە عیراقدا زامن بکرێت. کە دوایی ئەو مافە نەدرا عیراق شەرعییەتێکی هەشتا ساڵەی خستە ژێر پرسیارەوە و بەم نیگەرانییەوە مێژوورییەکی رەش و خوێناوی بەڕێکرد تا حوکمڕانییەکەی لە ٩-ی نیسانی ٢٠٠٣ دا داری لەسەر بەردی نەما.

عیراقی رۆژگاری مورافەعەکە (٩ی شوباتی ٢٠٠٤) چانسێکی تر بوو کە بۆ کوردو عەرەب هەڵکەوت تا سەرلەنوێ عیراق وا دابمەزرێننەوە هەڵەکانی رابردوو دووبارە نەکاتەوەو عیراقێك بێت کوردستان وەك خۆی بە ناسنامەی کوردستانیی و سنووریی حەلاڵی خۆیەوە بناسێنێت، لەسەر ئەو بنچینەیە مام جەلال داوایکرد بە گوێرەی نەخشەی مێژوو، بەڵگەکانی دەرودراوسێ و نووسراوە بە ئیعتیبارەکانی مێژوونووس و گەڕیدەکان و تۆماری نێودەوڵەتی ئەم عیراقە رێکبخرێتەوە بە جۆرێك جوگرافیای رەسمی و مێژووی راستەقینە ئاشتبکرێنەوە، فیدراڵی و یەکێتییەکی ئارەزوومەندانە پێك بێت کە نەخشەرێی ئاساییکردنەوەی رەوشی کەرکوك و ناوچە تەعریبکراوەکان

لەگەڵدا هاوپێچ بێت.

عیراقی دەستووری بە خۆیی و سنوور و دەستوورییەوە رێك ئەو عیراقەیە کە پارێزەرەکەی کورد لە رۆژی مورافەعەکەدا بانگەوازی بۆ کرد (عیراقێکی فیدرالی کە ماددەی ١٤٠ سنوورەکانی رەنگرێژ بکات)، ئەو عیراقە دەتوانێ لەسەر زەمینەی واقیعیش پێك بێت ئەگەر میراتگرەکانی ئەمڕۆی میراتگری دووپاتکردنەوەی هەڵەکانی نەبن.

مێژووی مام جەلال لە بزووتنەوەی کوردایەتی و دیموکراتیدا، لەگەڵ ئەو داخوازییانەی لە رۆژی مورافەعەکەدا خرانەڕوو چەندین وێستگەی پرشنگداری خەبات بۆ رەوایی کوردستانێتی کەرکوکی تێدایە.

لەو وێستگانەش دەشێ ناوی کتێبە مورافەعەیەکی باس بکەین کە کتێبی (أغد و دیمقراطي و حرمان شعب حتی من حق الحلم)ە و ساڵی ١٩٨٧ چاپکراوە.

ئەو کتێبە مورافەعەیەکە لە چیاکانی کوردستانەوە، بە زمانی شۆڕشگێڕیی و پاڵپشت بە بەڵگەو ئاماژە مێژووییەکان لەسەر مەسەلەی کوردستان و شێوەی لکاندنی بە عیراق و شێوەی چارەسەر کردنی پرسەکەی لەسەر بنچینەی مافی چارەنووس.

وێستگەیەکی تریش ناساندنی هاواری کەرکوك بوو بە کۆڕو کۆمەڵی نێودەوڵەتی و بە نەتەوە یەکگرتووەکان و زلهێزەکانیش لە هەموو سەفەرێکی دیپلۆماسی مام بۆ پایتەختەکانی بڕیار بەدەست.

وێستگەیەکی تر وێستگەی کۆبوونەوەی فراوان و دەوری و ساڵانەی سەرۆك مام جەلال بوو لە یادی رزگارکردنی کەرکوکدا کە لەو کۆبوونەوانەدا کتێب و ئاماژە و بەڵگەی کوردستانێتی کەرکوکی وەك راستی مێژوو دەهێنایەوەو نەوەیەکی زیندووی خەڵکی کوردستانی بەم تێڕوانینانە گۆشدەکرد کە ئەگەر رۆژی عیراقی دیموکرات و ئازاد هات چۆن مورافەعە ئاساکەی خۆی داکۆکی لە خەڵك و خاکی کوردستان بکەن.

رۆژی مورافەعە مێژووییەکە رۆژێکی گەورەیە، رۆژێکە لە دیرۆکێکی دوورو درێژی خەباتی سیاسیی دیپلۆماسیی، رۆشنبیریی، بەڵگەنامەیی و نووسراو و نەخشەکێشان و نەخشە نیشاندانی مام جەلال کە لە هەموو ئاستەکاندا کردویەتی. وەکو خۆی لە هێنانەوەی نموونەی زمانەوانە عەرەبییەکەدا باسی دەکرد (وفي قلبي شيء من

حتی) هەمیشە دەیگوت (وفي قلبي شيىء من كركوك).

ئەمڕۆ یادکردنەوەی ڕۆژی مورافەعەکە ئیلهامبەخشە بۆ بەردەوامی خەبات لەڕێی کوردستانێتی کەرکوك و ڕێکخستنەوەی عیراق بەجۆرێك شوێنی کوردستانی ڕاستەقینە و مێژوویی تێدا ببێتەوە بێ گوێدانە بەربەستەکانی ئەمڕۆ، وەگەر نا گەلی کوردستان تەنها ئەوکاتە (دوا ڕۆژی) دیموکراتی بە دیموکراسی دەزانێت کە مافی خەونی فێنککەرەوەی دڵی تێدا ڕەچاوکرا بێت هەروەکو مام لە کتێبی (اغد ديموقراطي) دا ئاماژەی پێداوە.

ڕۆژی مورافەعەکە، ڕۆژی هیوای زوو گەڕانەوەی خاوەنی مورافەعەکەشە تا درێژە بە مورافەعەکەی بدات و (حتی) کەرکوك لە باوەشی ڕاستی مێژوویی و سنووری ڕاستەقینەی خۆی، کوردستانی جنوبی، دەگیرسێتەوە.

**کوردستانی نوێ: ژمارە (٥٩٩٩) ڕۆژی ٢٠١٣/٢/١٠**

## رۆژی مورافەعە

- مەنەلۆجێک لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ

نەخەشە بەردەستە،
و مێژوو شاهیدە، جەنابی قازی!
ئەگەر ڕاست دەکەیو
نابی فێڵبازی
ئەوە سنوور و
ئەوە کەرکوك و
ئەوەش چارەسەر، بگرە
رێبازی.

❊ ❊ ❊

جەنابی قازی،
خۆم دەناسێنم
پارێزەری گەل، پێشمەرگەی هەقخواز
ناوم جەلالە، مامە نازناوم
بۆ دیموکراسییو دۆستی میللەتان
سەر لەپێناوم
بەڵام بە رێی ڕاست
نەك فێڵ و فەرج، تەعریبی تەڵەکەباز

❊ ❊ ❊

جەنابی قازی! شارەکەی کەرکوك
هی پێکەوەژیان
ئینگلیز دەیزانێ، هەم ئالی عوسمان
ئەولیا چەلەپیو گشت گەریدەکان
قاموسی ئیعلام،
لەبەردەم ڕاستی، هەموو هاتنە چۆك.
کەرکوك تا حەمرین
مەندەلیو خانەقین
گشت کوردستانن
خیلافی نییە
لێی نەبن، ناکۆك

* * *

عوسبەت ئەلئومەم
ئەدمۆنز و صاحب،
هەم ئەبو ناجی
زۆریان هەوڵدا، لەتلەتی بکەن
نیشتمانی مە
گشتیان تیاچوون
نەما بە جارێ
تەختو تاراجی

* * *

ئەبو عەدای هات،
زۆر بە پرتاو هات
وتمان: کاکە گیان
تا ببی نەجات
بەسیبە تەعریبو تەرحیلو
تەبعیس
ڕێی هاتو نەهات.
ئەمە باشترە
لە کورد کوشتنو
کیمیابارانو
ئەو تاوانانەی
بەرەو فەلاکەت،
فەوتانی وڵات
ڕاپێچتان دەکات،

❊ ❊ ❊

جەنابی قازی! سەددام پێی وتم:
باپیرانی تۆ
باپیرانی مەی
قوتار کرد، بە جارێ
لە برسێتیو مەرگ
لە قڕیو لە قات،
حەرام بێ لە تۆ
عەفواتی بەعسو

ئاوی سازگاری
ناو دیجلەو فورات
❊ ❊ ❊

جەنابی قازی: وەك پارێزەرێك
عافواتم ناوێ،
با بنیات بنێین وڵاتێکی نوێ،
فیدرال‌و دیموکرات
لە دیکتاتۆری، پشوو دەین تاوێ
وڵات ئازاد بێ، هیچ شەڕی ناوێ
رێگای کەرکوکیش
بۆ شاخی حەمرین
رێی دەستوری بێ
تا سەربەست بژین،

❊ ❊ ❊

دەرسێك وەرناگرن،
بەغدای مەرکەزی
لە مورافەعەی مام
نەخشی ئاوەدان،
بۆ ئایندەی گەش
عیراق‌و کوردستان،
هەر پێ کوتەیە
خنەخنێتی
دیموکراسی کەوت

ئازادیش بەزی
چەقیون لەقوڕ،

* * *

ورەتان گەرەکە
هی مورافەعە
ڕێی ڕاستتان دەوێ:
نەخشە پەیڕەو کە،

**٢٠١٨/٢/٩**

## فەسڵی پێنجەم

# سەرۆک مام جەلال
# لە بیرەوەرییەکانی ئێریک رۆلودا

یەکێک لە رێوشوێنەکانی کۆکردنەوەی میژوو و ئەدگاری رەوتی خەباتی دەیان ساڵەی مام جەلال پشکنین و گەڕانە بەدوای ئەو کتێب و هەتا ئەو گۆڤار و رۆژنامانەی لەسەر مام جەلالیان نووسیوە، یان لە باسوخواسی تردا باسێکی مام جەلالیان کردووە و جمکێکی میژوو و بەسەرهاتەکانی مامیان لە خۆ گرتووە.

ئێستا وەکو هی رۆژنامە و گۆڤارانمان پێ روماڵناکرێ و هەموویمان پێ دابین نا بێت. هیچ نەبێ لە کتێبەکان بە هەموو زمانەکان، زۆر شت هەن کە دەتوانین وەریبگرین و بیگێڕینەوە. بۆ نموونە داخۆ کتێبەکانی عەرەب و عەجەم و تورک و زۆر زمانی تریش لە باسی سیاسی خۆیان و بەسەرهاتی وڵاتەکانیاندا چیان وتووە، یان چۆنیان لەسەر مام جەلال قسە کردووە و چیان لێ گێڕاوەتەوە؟ دەیان سیاسەتمەداری عیراقی و سوری و عەرەب بە گشتی، سیاسەتمەداری ئێرانی و تورکی و هی جیهان بیرەوەری و بەسەرهاتیان نووسیوە و گێڕاوەتەوە و باسی مام جەلالیان هێناوەتە گۆرێ. ئەوەی لەسەر مام وتویانە، کورت، یان درێژ، قووڵ یان سەرپێی، دەکرێ دیمەنی مام جەلال لای ئێمە کامڵتر بکات و ئەدگارێکی روونترمان بداتێ. بۆ نموونە ئەم باسە لێرە وەرمگێڕاوە نموونەیەکی نموونەییە لەسەر حزوری مام جەلال لە کتێب و ئەرشیفەکاندا.

لێرە بڵاویدەکەمەوە بۆ ئەوەی هانی هەموو رێبوارانی رێی مامناسی بدات بگەڕێن و ببشکنن و مام لە کتێبی ئەوانی تردا بدۆزنەوە و گوڵبژێرێکی ئەم ئەدەبیاتەشمان هەبێت.

"تەکتیکەکانی دەگۆڕان، بەڵام سترایجەکەی وەفاداری گەلەکەی بووە رۆژانی کەرەنتینەی ناچاری دەرفەتە بۆ خوێندنەوەی هەمەلایەنە. بەتایبەتی خوێندنەوەی ئەو کتێبانەی هەم پێداچوونەوەن بە رووداو و بەسەرهاتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەردەمی رۆمانسی شۆڕشگێڕی و بەریەککەوتنی زلهێزەکان لەسەر گۆڕەپانی بەرژەوەندی و ماف و هەم ئەزموونی رۆژنامەوانی شایانی لێوەفێربوونە بۆ رۆژنامەنووسانی وەك ئێمە مانان.

بیرەوەرییەکانی ئەریك رولوی رۆژنامەوان و دیپلۆماتی فەرەنسی کە پێش وەفاتی بڵاویکردۆتەوە، یەکێکە لەو کتێبانەی بە تام و چێژ و زانیارییەکی زۆرەوە قەرەبووی رۆژانی پەلەپەلی کار و رۆژانی ئێستای خۆداپرانی ناچاری کەرەنتینە دەکاتەوە.

کتێبی (فی کوالیس الشرق الأوسط - مذکرات صحفی بجریدة لوموند) بە شێوازی گێڕانەوەی نەرم و رۆمانئامێز هەڵسەنگاندن بۆ پەنجا ساڵ ململانێکانی نەتەوە و وڵاتەکان و زلهێزەکان لە رۆژهەڵات دەکات. لە روانگەی رۆژنامەنووسێکی شارەزا و دیپلۆماتێکی دیفاکتۆوە لەسەر کێشەکانی میسر لە ناوخۆ و لەگەڵ دەوروبەری. قسە لەسەر کێشەکانی هەناوی ئیسرائیل و دراوسێکانی، فەلەستین و بزووتنەوە رزگاریخوازی و چەپ و لیبرالییەکانی وڵاتانی ناوچەکە دەکات.

لە قاهیرەی سەردەمی شا فاروق و شەڕی فەلەستین و ئینجا دابەشکردنی و دوایی دەرکردنی جولەکە لە میسر کە ئەریك رولو خۆی یەکێك بوو لەوانە تا قاهیرەی سەردەمی سۆشیالیستەکەی عەبدولناسر و وەرگۆڕانە گەورەکانی دابەشکردنەوەی سەروەت و سامان بەسەر هەژار و عەشایەر، شۆڕشگێڕ و بیرۆکراتەکانی کۆماری عەرەبی میسر، بە تانوپۆی رووداوەکاندا دەچێتە خوارەوە. لە رووماڵی بەسەرهاتەکانەوە تا دانیشتنە دووقۆڵیەکانی لەگەڵ دەستەبژێری سیاسی رۆژهەڵات و ئینجا رەخنە قووڵەکانی لە دیدی مارکسییەکی دێرینەوە.

رۆژنامەوانی سەنگین و دێرینی رۆژنامەی سەنگین و دێرینی لۆمۆند هەگبەیەکی دەوڵەمەندی بەسەرهات و کارەسات و وردەکاری تەوزیف دەکات تا وەکو شایەتێکی بەشدار و چاودێر دۆسییەیەکی تێر و تەسەل لەسەر ئەو ئەزموونە دەوڵەمەندە

بنووسێتەوە کە شایانی ناوی ئەریك رولو بێت.

ئەگەرچی لە دۆسێی کورد لە رۆژهەڵاتە قەرەباڵغەکەی نیوەی دووەمی سەدەی بیستدا لە تیمی رۆژنامەنووسانی دیپلۆماتدا زیاتر ناوی یەفگینی پریماکۆف دێت، بەڵام رولوی بە ئەسڵ جولەکەی میسری و بە بژاردەی ژیان فەرەنسی لە چەند گێڕانەوەیەکدا ناوی هاوشانی کورد و مەسەلەکەی دێت.

ئەریك بەقەدەر جیاوازی گێڕانەوەی فەرەنسی لە گێڕانەوەی سۆڤێتی شێوەی گێڕانەوەکەی چێژ بەخشترە.بە داڕشتنی مەحکەم و شرۆڤەی فیکری قووڵ رووداوەکان دەگێڕێتەوە.

ئەو کە لە چەند دیداری تەلەفزیۆنیدا باسی کورد و شۆرش و سەرکردەکانی دەکات، لەم کتێبەشدا ئەگەرچی بە راگوزەریش بێت هەر دێتەوە سەر کورد، ئەوەی لەم سەفەرە دوور و درێژەیدا لەسەر کورد نووسیویەتی و بەشێکی جوانی راڕەوی کتێبەکەیەتی باسی ناسینی سەرۆك مام جەلالە. ئەریک رولو لە سەردەمی ناسرێتی مام جەلال لە قاهیرە مامی بینیوە و هەڵسەنگاندنی بۆ دەکات.

پێدەچێ کاتەکەی دیداری لەگەڵ مام جەلال هی ساڵی ١٩٦٣ بێت کە مام جەلال وەك سەرۆکی وەفدی کوردی لە دانوستانی شۆڕشی کورد و بەعسی یەکەمدا دەچێتە قاهیرە و دیدەنی سەرۆک عەبدولناسر دەکات بۆ ئەوەی بەهانەی بەعسییە ناسیۆنالیستەکان ببڕێت کە دەیانگوت لە ترسی عەبدولناسر ناوێرین مافەکانی کورد بدەین.

ئەوە بوو ناسر پشتیوانی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان کرد و سیحری بەعسییەکانی بەتاڵ کردەوە.

ئەریك لەسەر دیداری مام جەلال لە میوانداری قاهیرەی ناسردا دەڵێت: « هەرچی جەلال تاڵەبانیشە کە ئەوکاتە فەرماندەیەکی سەربازی بوو لای رابەری راپەڕینی کورد مەلا مستەفای بارزانی، ئەوا سوێندی هەر بەسەری عەبدولناسر دەخوارد کە شەرەفی دیدەنی پێدابوو و پشتیوانی خەباتی گەلی کوردی لە پێناو بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی بۆ دووپاتکردبۆوە. ئەو هەڵوێستەی سەرۆك ناسر هەڵوێستێکی بە جورئەت بوو لە رەوشێکدا کە یەکێتی عەرەبی زۆر بە ئاسانی تێکەڵ بە شۆڤینیزم دەبوو.

هاوڕێیەتی لەگەڵ جەلال پەیوەستی کردم کە چەندین جار دیدەنیم لەگەڵی هەبوو، لە ڕاڕەوەکانی بەرخودانی کوردی لە عیراق، هەروەها لە بەغدا، لە بەیروت، لە تاران و ئەنقەرە و پاریسیش.

قسەکردنی کەمەندکێش بوو. بە هەستە خۆش مەشرەبیەکەی و گیانی تەنز ئامێزی زۆر بە ئاسانی لایەنگیری، نەیاری و هاوپەیمانەکانی و بگرە ئایدەلۆژیای خۆی دەگۆڕی، کە ماویست و ڕەوتی تر بوو. تەنانەت لەگەڵ سەددام حسێنیش گەیشتە لێکگەیشتن.

تەکنیکەکانی بەگوێرەی بارودۆخ دەگۆڕا، بەڵام ستراتیژەکەی جێگیر و پتەو بوو، نەدەگۆڕا. چونکە هەر بە وەفاداری خواستەکانی گەلەکەی مایەوە، سەرەنجام گەیشتە لووتکەی ڕەوتی کار و کۆششی ساتێك دوای خستنی سەددام حسێن لە ساڵی ٢٠٠٣ بە سەرۆك کۆماری عیراق هەڵبژێردرا. وەفاداری ئەو بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان کە پێش گرتنی عیراق و دوای ئەوەش پارێزەری کوردەکان بوو، وەفادارییەکی نموونەیی بوو. .. لاپەڕە ٤٤_٤٥ کتێبەکەی ئەریك ڕۆلۆ".

ئەمرۆ کە ڕۆژی مێژوویی هەڵبژاردنی سەرۆک مام جەلالە وەک یەکەم پێشمەرگە و یەکەم کورد و یەکەم عێراقیش کە بە هەڵبژاردن دەبێتە سەرۆک، هەڵسەنگاندنی کتێبی "لە پێچاوپێچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست" بۆ کەسایەتی ڕابەر و سەرۆک مام جەلال فێنکاییە بۆ دڵی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان و بژاردەی عێراقی فیدرالی و تەوافوقی کە خەریکە لەم زەمەنی کۆرۆنایەدا عیراقییەکان لە دەستی دەدەن. هەروەها دەرفەتێکیشە بۆ ئەوەی هیمەت بۆ پرۆژەیەکی ڕوناکبیری و سیاسیی بکەین کە وا بێت هەرچی لە کتێبی خەواجە و بێگانان، لە ڕۆژنامەوان و دیپلۆمات و سیاسەتکاران و نووسەران لەسەر مام وتویانە و تۆماریان کردووە گوڵبژێر بکەین بیکەینە دیاری بۆ ڕەفەکانی کتێبخانەی کوردی.

**٢٠٢٠/٤/٦**

## فەسڵی شەشەم

# ئەدەبیاتی یەکێتی
# ئەدەبیاتی مام

# ئەدەبیاتی یەکێتی بەزمانی ئەوانی تر

-١-

ناساندنی ئەدەبیاتی یەکێتی بە زمانەکانی تر، بەتایبەتی بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی، بەشێکە لە تێکۆشانێکی سیاسیی و روناکبیری و فیکریش، چونکە ئەم ئەرکە بەشێکە لە ناساندنی مەسەلەی کورد و کوردستان، نەخاسمە ئەگەر ئێمە ڕامان وابێ کە یەکێتی باشترینەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستانە لە ڕووی ئەندێشەی سیاسیی و دامەزراوەیی مەحکەمی فیکری و لەوەشدا ناهەق نین . باسەکە خودپەسەندی نییە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە باوکە دامەزرێنەرەکانی یەکێتی هەر خۆیان رەوتە بزێو و چالاکەکەی ناو بزووتنەوەی کوردایەتی بوون، لە نووسین و داڕشتن و پوختەکردنی بیری (چییەتی مەسەلەی کورددا؟).

ناچاریشم بۆ روونکردنەوەی ئەم ئیدعایە ئاماژە بەوە بکەم کە سەرەتاکانی ئەدەبیاتی کوردایەتی زۆر لە مێژە نین و تەمەن و تەجرەبەی ئەندێشمەندانی کوردایەتی لێکەوە نزیکن: رەفیق حیلمی، عەبدولرەحمانی زەبیحی، ئیبراهیم ئەحمەد، هەمزە عەبدوڵلا، زەید ئەحمەد عوسمان، عەلی عەبدوڵلا، ساڵح حەیدەری و دوای ئەوانیش مام جەلال، جەمال نەبەز، حیلمی عەلی شەریف و عەبدولرەحمان قاسملوو و ئینجا نەوشیروان مستەفا و دکتۆر مەحمود عوسمان و خوێندکارەکانی باڵی مەکتەبی سیاسیی و دواجار خوێندکارەکانی ئەدەبیاتی شۆڕشی نوێی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە لەبەر زۆری ناوەکان و ترسی لۆمەی لە بیرکردنیان ناویان نابەم، ئەمانە پێداچوونەوەیەکن یارمەتی شرۆڤە و روانگەکەمان دەدات کە بۆچی پێمان وایە ئەوەی یەکێتیی باشترینیان.

## - ٢ -

دیارە باوکی دامەزرێنەری ئەدەبیاتی یەکێتی، مام جەلال، هەم لە قۆناغی ئەندێشەی لاوی سەرەتای نووسینی و هەمیش لە قۆناغی راگوزەری باڵی مەکتەبی سیاسیی زۆری نووسی و زۆری بیرکردەوە و زۆریش چووە گفتوگۆ و شەڕی فیکرییەوە لەگەڵ مامۆستایانی پێشین و دۆستانی هاوفیکر و نەیارە فیکری و سیاسییەکانی هاوچەرخی بوون. مام جەلال پێش دامەزراندنی یەکێتیی کتێب و باسی تێرو تەسەلی لەسەر کوردایەتی و جۆرەکانی و رەنگ و ڕەگەکانی هەبوو، لە بواری دەمەتەقێ لەگەڵ نەتەوەییەکان، لەگەڵ کۆمۆنیست و چەپەکانی قسە و نووسینی جیاوازی زۆریان دەربارەی باسوخواسی کوردایەتی هەبوو، مام جەلال رەدو بەدەلی زیندووی بەرپا کردبوو. کە لەگەڵ هەندێک پشتیوان و لە هەندێکیش ناکۆک و ڕوانگەی پێچەوانە بوو. سەرەنجام لە قۆناغی پێکهاتنی یەکێتیدا دامەزرێنەری سەرەکی یەکێتی ئەدەبیاتێکی مەحکەمی هەبوو لەسەر پرسی کوردایەتی و بە حوکمی پێگە و جێگەی لە ناو یەکێتیدا ئەم ئەدەبیاتە رێگەی تایبەتی بۆ خۆی کردەوە کە ئەدگاری تۆکمەی هەبێت لەسەر هەموو ڕەهەندەکانی بە جۆرێک خوێندکارەکانی مەکتەبی فیکری یەکێتیی خەزینێکی زۆری ئەزموونیان لەبەردەست بوو و بەو خەزینەشەوە توانیان لە ناو فەزای کراوەی یەکێتیدا بنووسن و بیربکەنەوە و شتی نوێش بڵێن.

بۆیە، بە گوێرەی ئەم گێڕانەوەیە، ناساندنی ئەدەبیاتی یەکێتی وەک ناساندنێکی پوختی ئەدەبیاتی کوردایەتییە بۆ ئەوانی تر کە لە رێی وەرگێڕان و، زۆر جاریش لە ڕێی نووسینی ڕاستەوخۆ بەو زمانانە، بزانن و تێبگەن داخۆ داخوازی و مافخوازی ئەم بزووتنەوەی کوردایەتییە لە یار و نەیاری چییە و چۆن بیری لێدەکاتەوە و چۆن کاری لەسەر دەکات؟

- ٣ -

هەڵبەتە جەخت کردنەوە لەسەر زمانی عەرەبی و زمانی ئینگلیزی پیشاندانی ئەولەویەتە بەگوێرەی قۆناغبەندی و روانگەیەکی ڕاست و ڕاستەوخۆیە بەو ئیعتبارەی یەکێتی حیزبێکی کوردستانییە لە چوارچێوەی پرۆسەی سیاسی عێراقدا خەبات دەکات (جاران لە روانگەی خەبات دژی ڕژێمی بەعس و ئێستا لە ناو ململانێی پرۆسەی دەستوری عێراقی فیدراڵدا کە زیاد لە ڕایەڵێک بە عێراقەوە گرێیان داوە) بەڵام یەکێتی وەک حیزبێکی کوردستانییە و چەقی خەباتی ڕووی لە بەغدایە، لە هەمان کاتدا روانگەی بۆ پرسی کورد لە بەشەکانی تری کوردستانیش هەیە. بۆیە زمانی ئینگلیزی وەک زمانێکی جیهانی گرنگە بۆ ناسین و وەرگێڕانی ئەدەبیاتی یەکێتی تا دونیا گشتی بزانێت یەکێتی چی دەڵێ و چۆن بیر دەکاتەوە؟ هەڵبەتە بۆ دوور مەودا زمانی تریش گرنگن، لە پێشیانەوە زمانەکانی تورکی و فارسییش کە دوو بەشی گرنگی کوردستانی گرێدراوی تورکیا و ئێرانن.

- ٤ -

لەسەر زمانەکانی فارسی و تورکی کە دوای زمانی ئینگلیزی دامناون، گەرەکە ڕوونکردنەوە بدەم لەم گێڕانەوەی تەنیشت مێژووییەی لەسەر ئەدەبیاتی کوردایەتی کە لە چلەکانەوە تا دوایی باسم کردووە، کوردستانەکانی تریش بە زمانی کوردی کەڵکیان لە ئەزموونی ئەدەبیاتی کوردایەتی ئەو کاتەی باشوور بینیوە، چ نووسراوە بەراییەکانی رەفیق حلمی و ئیبراهیم ئەحمەد و هەمزە عەبدوڵڵا و ئەوانی تر، چ ئەدەبیاتی خالس و بێگەردی کوردی وەک دیوانی شاعیرەکان و بەرهەمی گۆڤاری وەک گەلاوێژ بێت کە بە قاچاغ و بە نهێنی تا مهاباد، پایتەختی کۆماری داهاتووی کوردستان، بڵاو دەبۆوە. ئەدەبیاتی حیزبی هیوا و ئەدەبیاتی چەپی عێراقی، کە بە کوردی و بە عەرەبی قسەیان لەسەر دۆزی کوردستان هەبوو، بوونە هەوێنی ئەندێشەی کوردایەتی لە ژێکاف و گۆڤارە ناوازەکەیان (نیشتمان) و گۆڤارەکانی دواتری کۆمارە یانزەمانگییەکە. بێگومان هی ڕۆژهەڵاتیش (چ هی سەردەمی ژێکاف

و چ هی سەردەمی کۆمار و دواتریش) کاریان لەسەر ئەدەبیاتی کوردایەتی دواتری باشوور کاریگەر بوو، چونکە ئەدەبیاتی کوردایەتی وەک ئەزمونەکانی کوردایەتی لە بەشەکاندا ئاو لە یەکتری دەخۆنەوە و کار لە یەکتری دەکەن. نوسینەکانی دواتری مام جەلال، ئیبراهیم ئەحمەد و ئینجا هی شەهید دکتۆر قاسملو لە توێژینەوە ئەکادیمیەکەی: (کوردستان و کورد) و نووسینەکانی تریدا بونە بەشێک لە ئەدەبیاتی هەر مەدرەسەیەکی حزبی کە دەخوازێت دەوڵەمەند بێت و فێربێت و وەربگرێت.

ئەدەبیاتی کوردایەتی بە کرمانجی کراو و بە عەرەبی نووسراویش کاریان لەسەر باشووری بچووک (ڕۆژئاوا) هەبوو .ئەوانیش بە دەوری خۆیان کاریان لەسەر ئەدەبیاتی کوردایەتی درەنگ وەختی شەست و حەفتاکانی باکوور هەبوو، بەڵام بێگومان کوردایەتی باکوور بە هی باڵی چەپ و ڕاستییەوە، ئەوەندەی بە تورکی دەیانخوێندەوە و دەیاننووسی ئەوەندە بە کوردی و کرمانجی بەرهەمیان نەبوو و نە دەخوێندەوە. ڕەنگە بۆ بەشی ڕۆژهەڵاتیش ئەدەبیاتی کوردی بە زمانەکانی کوردی و فارسی هاوبەشی یەک بوون لە بایەخدانی خوێندنەوە و نووسیندا، بەڵام باسەکە دیارە بۆ باکوور زۆر زەحمەت بوو. بۆ نموونە ڕوویداوە کە یەکێتی خۆی و هەروا ژمارەیەک کوردی بە پەرۆشی ڕۆژهەڵات، بەرهەمی ئەدەبیاتی یەکێتیان بە فارسی بڵاو کردۆتەوە، بەڵام بەداخەوە بۆ ناساندنی ئەدەبیاتی یەکێتی، و بگرە بە شێوەیەکی گشتی ئەدەبیاتی کوردایەتی باشوور، بە تورکی، زۆر زۆر کەمە و لە حوکمی نەبوون دایە. ڕەنگە ئەمەش هۆیەک بێت کە نە تورک و نە کوردی کرمانجی باکوور، کە ڕۆشنبیری و خەزینی خوێندنەوەیان بە زمانی تورکییە کەمتر ئاگایان لە مێژووی یەکێتی و دونیابینی یەکێتی هەبووبێت. ئەمەش لە تەنگژە و ناکۆکییە سیاسییەکاندا ڕەنگی داوەتەوە و دەداتەوە. لە کارەساتی جەرگبڕی هەکارییەوە لە ساڵی ١٩٧٨ تا ناکۆکییەکانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، بەهۆی دەگمەنی وەرگێڕانی ئەدەبیاتی یەکێتی بە زمانی تورکی و دیارە کرمانجییش، یەکێتی لە باکوور هەمیشە لە دەستی دووەمەوە ناسراوە و ناسێنراوە، ئەو دەستی دووەمەش هەموو جارێک پاک و ئەمین نەبووە. تەنانەت ئێستاش کە یەکێتی هەم لە باکوور و هەم لە ڕۆژئاوا، کە لە ژێر سێبەری ئەدەبیات و ئەزموونی باکوورە، بە هەموو شێوەیەک

پشتیوان و قوربانیدەرە، کەمتر هەڵوێستەکانی یەکێتی و نرخەکانی کە بۆ کوردایەتی سەرتاسەری داوێتی دەناسرێت، ڕاستە دووری جوگرافیی ناوچەی نفوزی یەکێتی لە باکوور و ڕۆژئاوا دەوری هەیە لەو نامۆ بوونەمان، لەو دوو بەشەی کوردستان، بەڵام کەموکورتیمان لە وەرگێڕان و نوسین بە زمانی تورکی و کرمانجی هۆکاری سەرەکییە کە دەکرێ بە وەرگێڕانی ئەدەبیاتی دایک، واتا کتێبەکانی مام جەلال و بیرەوەریە سێ بەرگەکەی کاک نەوشیروان مستەفا (لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، خولانەوە لەناو بازنەدا) وەک بەرهەمی جێگیر و نەگۆڕ، بەشێکی ئەو کەموکورتییە چارەسەر بکرێت. بە تایبەتی کە کاک نەوشیروان خۆی لە گێڕانەوەی بەسەرهاتی دەورانی کارەساتی هەکاریدا چەندین نموونە لە بەدحاڵی بوونی حزبە چەپەکانی باکوور دێنێتەوە کە دەبوایە لەبەر ریزبەندی چەپایەتییان و لەبەر کوردستانێتی یەکێتی، دۆستی یەکێتی بن، کەچی وانەبوون.

- ٥ -

دەگەڕێمەوە سەر وەرگێڕان بە زمانەکانی تر کە عەرەبی و ئینگلیزییە. عەرەبی بۆ عێراق و دنیای عەرەب و ئینگلیزی بۆ هەموو وڵاتان و نەتەوەکان. کەمن بۆ ئەم پرسە ئەم پێشنیازانە دەکەم بە مەرجی ئیشکردن بۆ قۆناغبەندکردنیان:

- وەرگێڕانی کتێبە دایکەکان کە بنەما سەرەکییەکانی بیری یەکێتی و مێژوو و ئەزموونەکەی تێدایە.

- سەر لە نوێ چاپکردنەوەی ئەدەبیاتەکانی یەکێتی بە عەرەبی و ئینگلیزی (هەتا هەشمانە بە زمانی فەرەنسی و ڕوسی) کە کاتی خۆی بە چوست و چالاکی پێشمەرگانەوە لە حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لە ناوچە ڕزگار کراوەکان و لە لایەن ڕێکخستنەکانی یەکێتی، لە دەرەوەی وڵات، چاپکراون.

- هەڵبژاردەی گوڵبژێر و تایبەتمەند لە هەندێک نووسین و مەرجەعی ئەدەبیاتی یەکێتی دێرین و تازە کە ڕوانگە سەرەکییەکانی یەکێتی دەردەخەن.

- دیارە بەشێکی نووسین و وەرگێڕان بۆ زمانانی تر، هەر بۆ ناسین و ئەزموون و وەرگرتن نییە، بەڵکو بەشێکیشە لە هەڵمەتی پەیوەندییە گشتییەکان و دەبێ

وەرگێڕان و ئامادەکردنەکان بەو جۆرە بن کە پوخت و گوڵبژێرکراو بن و هێڵی سەرەکی ئەندێشە و روانگەی حزبی یەکێتی و بزووتنەوەکەمانی تیابێت. لەبەر ئەوە هەندێکجار پێویست دەکات نووسینەکان هەر تەنها وەرگێڕان نەبن، بەڵکو ڕاستەوخۆ هەر بەو زمانە بنووسرێن. ئەوەش واتای بوونی هەندێک وەرگێڕی ژیر و بەسەلیقە و شارەزا دەگەیەنێت کە خوێندنەوەیان بۆ ڕوانگەی نەتەوە و زمانانی تر هەبێت و بزانن کام ڕوانگەی یەکێتی بۆ ئەوان سەرنجڕاکێش و کەمەندکێشە، تا بەرهەمی ئەو بوارە زیاتر بکریت.

- جگە لە وەرگێڕان و بەرهەمی ئامادە بۆ ناسینی جێگیر و بەردەوامی ئەدەبیاتی یەکێتی بە زمانەکانی تر، پێویستە بڵاوکراوەیەکی دەوری بە زمانەکانی عەرەبی (و ئینگلیزی و هیتریش هەبێت) کە زمانە ئینگلیزیەکە بە بنەما وەربگیرێت، پێویستە ئەم بڵاوکراوانە بەردەوام ئەندێشە و ڕوانگەی یەکێتی بە شێوەیەکی دەوری نیشانی دەرەوە بدات.

# کتێبێک کە نابێت ڕاگووزەر بڕوات

نیاز و ڕێباز لە کۆکردنەوەی کەلتوور و کۆبەرهەمی فراوانی مام جەلال لە هەموو بوارەکان و بە هەموو زمان و لە هەموو بوار و قۆناغەکان فرە و هەمە جۆرن.

ئاخر سەرەنجام پیرەمەگرونێکی کەڵەگەتی فیکری و سیاسیی پڕ ئەزموون هەر یەکە و لە شوێن و گۆشەنیگایەکەوە بۆی دەڕوانن، بەرزی و بڵندییەکەی وایە هەمووان دەتوانن سەیری بکەن و لێی ڕابمێنن. ئەم ڕوانگە و گۆشەنیگایانە ئاسایی و پۆلبەند و قۆناغبەندین تا ڕۆژی گردوکۆی یەکجارەکی هەموویان دێت. یانی تا ئەو ڕۆژەی کۆی بەرهەمی ئەندێشە و ئەزموونی مام جەلال چاپ دەکرێن و لەبەردەستی دەستەبژێر و کۆمەلانی خەڵکی کوردستان دەبن.

نیازەکان لە کۆکردنەوە و پۆلینکردن جیاوازن، بەڵام دژی یەکیش نین. تەواوکاری یەکترین. بۆ نموونە:

- زۆر بەرهەمی مام جەلال هەر خۆیان کتێب بوون و بە زمانی کوردی و عەرەبی نووسراون. واتە بە کتێبی لە دایک بوون ئەگەرچی هەشن زنجیرە بوون دوایی لە کتیبێکدا دوا دەسکاری کراون (بۆ نموونە کتێبی کوردایەتییەکەی) بە شێوەی نووسین، سیمنار، کتێب و زنجیرە هەبوون و دوایی بە ڕەچاوکردنی گوتاری ئاراستە بۆ ڕای گشتی عەرەبی بە عەرەبیش دوو چاپی جیاواز هاتنە بەرهەم.

هەشن کتێب بوون و دوایش بە زنجیرە لە ڕۆژنامەو گۆڤاراندا دووبارە دابەزیون.

- زۆر بەرهەمی هەن نووسین و ڤەکۆڵینن و بەسەر بلاوکراوەکانی (گۆڤار و ڕۆژنامە) پەخش کراون.

- هەن بەزمان جیاواز و بە شێوەی جیاواز بلاون

**لەبەر ئەو راستیانە ڕوویداوە:**

**یەکەم:** کۆکردنەوە و چاپکردنی بەرهەمی مام بەشێک بووە لە ئەرکێکی ڕۆژنامەوانی کە هەر بە ئۆرگانە ڕۆژنامەوانیەکان کراون. بۆ نموونە نووسینەکان لە ڕۆژنامەکانی کوردستانی نوێ، خەبات، نور و ئیتحاد. لە گۆڤارەکانی ڕۆژی نوێ و ڕزگاری و خاک و رێبازی نوێ .گردوکۆی ئەمانە هەم ئەرکێکی ڕۆژنامەوانی و هەم ئەرکێکی حزبیانەیە کە خۆ تەرخانی ڕۆژنامەوانی دەوێت.

**دووەم:** بەرهەمی کتێب نیاز لێی کۆکردنەوەی کۆششی فکری مام جەلال و دەوڵەمەندکردنی ئەدەبیاتی حیزبایەتی و کوردایەتی بووە.

دیارە ڕێبازەکانی ئەم کارەش جیاوازن. لێرە وەک نموونە باسی پرۆژەی کۆبەرهەمەکان دەکەم کە مەکتەب و ئینجا بۆردی هۆشیاری سەر بە مەکتەبی ڕاگەیاندن ڕای دەپەڕێنن. بە تایبەتی باسی هەردوو نوسخەی عەرەبی (الجبهة الوطنية المتحدة) و نوسخەی کوردی (بەرەی نیشتمانی یەکگرتوو) دەکەم کە هەردوو خەسڵەتی (زنجیرەی رۆژنامەوانی) و (کتێبی سەربەخۆ) و رەهەندی زمان جیاجیای بەسەردا جێبەجێ دەبێت کە لێرە کتێبەکە بە دوو زمانە (عەرەبی و کوردی).

هەڤاڵ نەجمەدین فەقی عەبدوللا وەک سەرپەرشیاری پرۆژەکە لە پێشەکی عەرەبی(الجبهة الوطنية المتحدة) و کوردی (بەرەی نیشتیمانی یەگرتوو) ماجەرای خەم و پەرۆشی و دیتنەوەی ئەم سەرچاوە دەگمەنە باس دەکات کە ئەم توێژینەوەیە لە نێوان سالانی ١٩٧٢_١٩٧٣ بە زنجیرە لە گۆڤاری (الهدف)ی فەلەستینی بڵاوکراوەتەوە. ساڵی ١٩٧٣ لە بەیروت بە کتێب بڵاوی کردووەتەوە. هەڤاڵ فەقی دەڵێ: (کتێبەکە قەدەغە بوو بێتە عێراقەوە، بەهۆی لێکدانەوە و بۆچوونە ڕادیکاڵی و شۆڕشگێڕانییەکانی و دژایەتیکردنی ڕاشکاوانەی هەموو شێوەکانی ڕژێمە ستەمگەرە نادیموکراسیەکان و جاڕدانی بۆ دیموکراسی میللی و سۆسیالیزمی زانستی) هێلی گشتی نووسینەکە ئەگەرچی وەکو باسێکی تیئوری بۆ هەموو ئەزمونێکی شۆڕشگێری لە جیهان، بە تایبەتی بۆ میللەتانی بندەست و رۆژهەڵاتەکەی خۆمان دەست دەدات. بەڵام لەچەند شوێنێکی وردەکارتردا مام جەلال نموونەی ئەزموونی بەرەیی عیراق

و بەشداری کوردستان لەبەرە سیاسییە نیشتمانییەکان دەهێنێتەوە. ئەم کتێبە ئەندێشەی بەرایی مام جەلالە بۆ بەرەیەکی خوازراوی کوردستانی کە دوو ساڵ دواتر و لە حوزەیرانی ١٩٧٥ لەسەر زەمینی واقیعی کوردستان ی ن ک -ی بۆ دامەزرا . دیارە هەڤاڵان و هاورێیانی کۆمەڵە کۆدی ئەم نووسینە فیکرییەیان پێ دەزانی بۆیە کردبویانە بەشێک لە بەرنامەی خۆرۆشنبیرکردنیان. هەڤاڵ نەجمەدین دەڵێ (لەبەر ئەوە ئێمەی ئەندامانێک لە کۆمەڵەی مارکسی لینینی لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عێراقدا ناچاربووین ژمارە بە ژمارە لە گۆڤاری الهدف وە بابەتەکەی لەبەر بگرینەوە و زۆر جار بە دەست بینووسینەوە. پاشان ئەڵقە بە دوای ئەڵقەدا بۆ هۆشیارکردنەوەی فکری لە شانەکانی ڕێکخستن و لە ئەڵقە ڕۆشنبیرییەکانی کۆمەڵەدا لەگەڵ بابەتە فێرکارییەکانی تردا بەکاریان بهێنین) ئینجا روونیدەکاتەوە ئەم چاپە تازەیە لە کوێوە هاتووە: (بۆ ئەم چاپە دوبارە نوێیەی تۆیژینەوەکەی سەرۆک مام جەلال بەناونیشانی بەرەی نیشتیمانی یەکگرتوو لەبەر ئەو هۆیانەی سەرەوە، لەبەر ئەوەی کتێبە ئەسڵیەکەمان دەست نەکەوتووە بە ناچاری پشتمان بە کۆپییەکی زۆر کۆن بەست کە هەر ئەوەشمان دەست کەوتبوو کە تایپ کرابووەوە).

لەبەر هەموو ئەو ماجەرایە (چاومان لەوەیە پشکنین و بەدواداچوونی بۆ بکرێت تا ئەو کاتەی نوسخەی یەکەمی کتێبەکە بەدەست دەهێنین).

ئێمە ئیتر لێرە لەبەردەم بریارێکی دروست و لە هەمان کاتدا ناچاریداین. بریارە دروستەکە ئەوەیە ئەم کتێبە هەر دەبێت چاپ بکرێت و بڵاو بێتەوە و ئیشەکە لە چاوەڕوانی نوسخەی ئەسڵی یەک نەخرێت. هەڤاڵانی هوشیاری هەر وایان کرد.

ناچارییەکەش پێویستی بە چارەکردنە، بۆ نموونە، لە ڕێی پەیوەندییەکانی یەکێتی لەگەڵ لوبنان.دەتوانین شتێک بە شتێک بکەین.

راستێکەی بەیروت پایتەختێکی دوور نییە و خانەی بڵاوکراوەکانی ئەو وڵاتەش، بە تایبەتی ئەوانەی بیری چەپ و سۆسیالیستی بڵاو دەکەنەوە، دیار و بەرچاو و سنووردارن. لە بەیروت دەیان کتێبی پێڕست ئامێز و فەهرەست ناسین هەیە کە یارمەتیمان دەدات شوێنی کۆپیەکی کتێبەکە بدۆزینەوە.

ئێ هەروا بێتەوە لوبنان هەر وڵاتی کتێب نییە، بەڵکو وڵاتی فەرهەنگی کتێبناسی

و کتێب بڵاوکردنەوە و کتێب پاراستنە. لەبەر ئەم فەرهەنگە دەبێ لە زووەوە مشوری ئەوە خورابێ، هەر کتێبێک چاپ دەبێت بەشی هەموو کتێبخانە ڕەسمییەکان یان کتێبخانەکانی دایکن، درابێت و ناوی مام جەلالیش بە عەرەبی (جلال طالباني) ناوێکی خۆشناوە بۆ گەڕانی ئەلیکترۆنی و گەڕانی ناو تۆمارە کلاسیکییەکانی کتێب لە سندوق و لە سجیلاتی جیاجیادا، با شەڕی ناوخۆی لوبنان زۆری پەکخستبێت و وێران کردبێت، بەڵام هەر کلیلێکی ژەنگاوی هەیە بیدۆزینەوە.

راستە نێوانی جەبهەی شەعبی و دیموکراتی وەکو جاران لەگەڵ ئێمە خۆش نییە، بەڵام هەر بەشی ئەوەی تیایە بە هەقی ئەو خزمەتی جارانی نێوانمان کۆپییەکی ئۆرجیناڵی کتێبەکەمان بەر بکەوێت.بەتایبەتی کوردێکی زۆر هامشۆی بەیروت دەکەن و هەندێکیان خوێندنی ئەکادیمی لە ڕشتەکانی سیاسەت و خوشک و براکانی سیاسەت دەخوێنن دەتوانن یارمەتی بدەن. ساڵانی حەفتاکانی سەددەی رابردوو زۆر دوور نین ئەگەر مشوری لێ بخۆین

بێگومان من ئەم ئەرکە بە هی هەڤاڵ نەجم نازانم کە خۆی هەڵگرتنی کۆپی و مەلزەمەی کۆنی کتێبەکە و ئینجا چاپکردنی لە چوارچێوەی پرۆژەی کۆبەرهەمەکان ئەرک و کۆششێکی گەورەیە و دەستی خۆش بێ و کاری راست بێت.

باسی ئەم کتێبەم کرد وەکو نموونەیەک بۆ ناساندنی نموونە جیاجیاکانی دەوری کۆششی مام جەلالناسی داوە و بۆ سەلماندنی بیرۆکەیەکی خنجیلانەم کە هەمیشە دەڵێم قۆناغی یەکەم دۆزینەوە و چاپکردنە و قۆناغی کۆتایی دووەم جار چاپکردنێتی لەیەک زنجیرە بەرهەمی کامڵ و تەواو و بێ کەموکوڕیدا.

نووسینەکەم بەوە کۆتایی دێنم لەسەر پرسی گەیاندنی ئەم بەرهەمانەی مام جەلال بە کۆمەڵانی خەڵک و بە دەستەبژێری خوێندەواری کوردستان.

لە ساڵۆنی شەقامی جموری لە کەرکوک وەختێک ناساندنمان بۆ بەرهەمێکی مام جەلال دەکرد (کتێبی نووسینەکانی مام جەلال لە خاکی کوردستانی نوێدا)، باسو گفتوگۆ هاتە سەر کۆششە جیاجیاکان بۆ کۆکردنەوەی کەلتوری مام، میوانێکی ئاگادار و خوێنەوار باسی ئەم کتێبەی (الجبهة الوطنية المتحدة) ی کرد کە کاتی خۆی بەشێک بووە لە ئەڵقەی رۆشنبیری خوێندەوارانی چەپ لە کەرکوک و هەموو

کوردستان، رێک وەکو ئەوەی کاک نەجم باسی دەکات. گوتی بۆ نییە؟ مژدەم پێدا کە ئەوە چاپکراوە و بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لە ئارادایە.

ئێ دیارە پرسیارەکەش بەڵگەی ئاگایی کەلتوری مام جەلال و لە هەمان کاتیشدا بەڵگەی ئەوەیە کێشەیەکمان هەیە لە ناساندنەوەی چاپە تازەکان و پەیوەندی گەیاندن

چی بکەین بۆ ئەوەی زۆرترین بڵاوکردنەوە و باشترین کەڵک لێوەرگرتن بهێنینەدی؟

نیازەکە روون و دیارە و شایانە

رێ و رێبازەکەی گەیاندنی بە خوێنەران (فیکری وردیشی دەوێ).

❊٢٠٢٥/٦/٢١

## فەسڵی حەوتەم

# نووسین لەسەر مام جەلال

لە زۆر وێستگەدا بەندە و خەڵکانی تریش لەسەر مام جەلالیان نووسیوە و هەڵسەنگاندنیان کردووە. نووسینەکانی مام هەندێکی لەبەر ئەرکی حزبی و میدیایی، هەندێکیشی لەبەر ڕەتکردنەوەی ناهەقی و فەرامۆشییەک کە کەسانی بێ ویژدان کردویانە. دەبێ بڵێم نووسین لەسەر مام لە حزوری خۆیدا هەستیار و بەرپرسیارێتی بوو. دەبوا بەسەر تەلبەندی شەخسی و سیاسیدا بڕوات. یەک خۆی حەزی لە مەدح نەبوو، دوو ئەگەر قبووڵشی بکات حەزی بە سەرچغ بوون نەبوو، بەتایبەتی ئەگەر باسی مام جەلال لە باسی یەکێتی و کورد جیا بکرێتەوە.

سێش؛ دەبێ قەناعەتپێکەر بێت بۆ خوێنەر و جەماوەریش تا بخوێننەوە و قبوڵ بکەن. ئەمانە چەند نموونەیەکن لە دەیان نموونەی کە هەندێکی لە کتێبی تر بڵاوبۆتەوە و هەندێکیش بۆ ئەم کتێبە دانراون کە من پێم وایە بەشدارێکی باش دەبێت لە دۆسیێی مامناسییدا.

# پیرۆزە لەهەڤاڵ مام جەلال
# پیـرۆزە لـە یـەکـێتییەکـان

ناوی (مام) بۆ سەرکردەو تێکۆشەرو پێشمەرگەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان، هەڤاڵ مام جەلال، سەر ترۆپکی نازناوێکە کەگەلێك بەڕێبەرو سەرکردەیەکی خۆی ببەخشێت، چونکە ئەم ناوە لەکوردەواریدا جگە لەئاماژەکانی حورمەت و رێزگرتن، گوزارشتێکی سازگارە لەدانایی و حیکمەتی سەرۆك مام جەلال، هەروەها ناوێکی لەدڵەوە بۆ دڵە کەهەڵقوڵاوی خوێندنگەی ژیان و دیدی گەلی کوردستانە بۆ سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کوردایەتیی هاوچەرخ و پێشکەوتنخواز.

ئەم ناوە لەدڵی یەکێتییەکان و لەدڵی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا خۆشناوترین پایەو لەقەبە کەوەك وشەیەکی رەسەنی کوردیش چۆتە ناو زمانی دیپلۆماسی هەموو ئەو سەرکردەو دەوڵەتانەی دنیا کەمامەڵە لەگەڵ سەرکردایەتیی عیراق و کوردستاندا دەکەن.

ئێستاش لەسەروبەندی یادی ٣٧ ساڵەی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، پێدانی نازناوی پرۆفیسۆری شەرەف بەسەرۆك مام جەلال لەلایەن پەیمانگەی لێکۆڵینەوە ستراتیژییەکانەوە لەوەزارەتی دەرەوەی روسیاو بەپشتگیری و رەزامەندیی تەواوی سەرکردایەتیی حکومەتی روسیا، بۆنەیەکی خۆش و رێکەوتێکی جوانە، هەروەك شانازیشە بۆ یەکێتییەکان کەسەرکردەو سکرتێرە گشتییەکەیان و هەڤاڵ و مامی رۆژانی تەنگانەو خۆشیان ئاوەها لەنێوەندو کۆڕی نێودەوڵەتیدا چ بەناونیشانی مام و چ بەناونیشانی سەرۆك کۆمارو چ بەجێگری سەرۆکی سۆشیالیست ئینتەرناسیۆنال و ئێستاش بەخۆشناوی پرۆفیسۆری شەرەف، سەریان بەرزدەکاتەوەو شانازی بەهاوڕێیەتی و هاوپەیمانێتی و دۆستایەتییەوە دەکەن.

رەوتی خەباتی دوورودرێژی مام جەلال و کەسایەتیی بەرزی لەکۆڕی کوردایەتی شۆڕشگێڕەوە تا پایەی سەرکردەیەکی جیهانی کە لەپرسەکانی عیراق و ناوچەکەدا قسە و راوێژ و تەگبیرەکانی جێی ئیعتیبارن، بەرهەمی لێوەشاوەیی و تواناداری

خۆی و بەری ڕەنجی خەباتێکی زیاتر لە ٦٠ ساڵەیە کە بەشانازییەکی هەڤاڵانەوە ٣٧ ساڵی لەناو یەکێتیدایە و دەچێتە رووبارە سەوزەکەی یەکێتییەوە، بۆیە جێی خۆیەتی لێرەوە پیرۆزبایی لەهەموو یەکێتییەکان بەهەڤاڵ مام جەلال-یشەوە بکەین بۆ ئەم رێکەوتە جوانەی یادەکەی یەکێتی کەمیدالی گەورەی ئیفتیخاری ئەوەیە مام جەلال سکرتێری گشتییەتی.

**کوردستانی نوێ رۆژی ٢٠١٢/٥/٣١**

## کۆڵنەدەر

ئەگەر بخوازرێت لەسەر خەسڵەتە بێ شومارەکانی سەرۆك مام جەلال بنووسرێت لەکوێوە دەست پێ دەکرێت؟ دەشێ هەر یەکێك لەم قەڵا نەتەوەییە بڕوانێت لەگۆشەیەکەوە سەیری بکات و لەبانێژەیەکەوە هەڵسەنگاندنی بۆ بکات، بەڵام ڕەنگە باشترین ناساندن بۆ ڕەوتێکی زیاتر لەشەست ساڵە نازناوی (کۆڵنەدەر) بێت.

ئەم نازناوە زۆر بەکاردێت، زۆر جار لەگەڵ نازناوی تێکۆشەردا وەك هاوتا یان وەك تەواوکار ریز دەکرێت. بەڵام ڕاستییەکەی (کۆڵنەدەر) خەسڵەتێکی هەمەلایەنەی گشتگیرەو لەهەمان کاتیشدا لوتکەی قۆناغەکانی تێکۆشانە.

لەمێژووی میللەتاندا تێکۆشەر زۆرن، لەمێژووی نەتەوەی کوردیشدا هەروایە، ئەم ریزی دوورودرێژی کوردایەتیشە، ئەگەر تەنها سەدەی بیستەمی حسێب بکەین، سەدان و هەزاران تێکۆشەر رێبواری کاروانەکەی بوون، هاتن و ڕۆین و قوربانیاندا، لەوێستگەیك، یان چەند وێستگەدا لەکۆڕی تێکۆشاندا لەڕیزی پێشەوە بوون و (نە کەمیان کردووەو نەدرەنگیش هاتوون).

بەڵام گرەوی ڕاستەقینەی (تێکۆشەر) لە (کۆڵنەدەر)یایە، کۆڵندەر ئەو تێکۆشەرەیە لەکۆشش و خەبات کۆڵ نەداو دەستبەرداری ئامانجەکەی نابێت.

مام جەلال هەر رابەر و تێکۆشەر نییە، خەسڵەتی گەورەی مام جەلال کۆڵنەدانێتی،

لەهەموو وێستگەكانی تێكۆشاندا كۆڵی نەداوە، لەتەنگژەو تەنگانەو ناخۆشیدا هیوای بەئامانجە ڕەواكانی لەق نەبووە، لێنەگەڕاوە ئیرادەی خەباتی سیاسی خۆی و بزووتنەوەو میللەتەكەی كول ببێ و ژەنگ هەڵێنێ. ئیرادەی خەباتی مام جەلال سەبری شۆڕشگێڕییە لەسەر ناخۆشی و تەنگانە، ئیرادەی تێپەڕاندنی قۆرت و ڕێگرییە بەرەو دروستكردنی شانسی سیاسی نوێ و كردنەوەی دەرگای تێهەڵچوونەوەی تازە، ئیرادەی مام جەلال مەشقی ڕۆحییە لەگەڵ ئەو هەلومەرجە بابەتییەی هەندێك جار كێوی هەلومەرجە زاتییەكان لەبن دێنێ، ئیرادەی پشوو درێژی و سەبری ئەیوبە وەختێك كەرەستەكانی سەركەوتن ئامادە نین و ئەودەیانخوڵقێنێ، دەست دەگرێت بە یەك فاكتەری بچووكی هێزەوەو گەورەی دەكات و دەیكاتە دەسكەلای ململانێی شێنەیی لەگەڵ بەربەستەكاندا.

ڕەوتی خەبات شەمەندۆفەرێكە تا دەگاتە مەنزڵ زۆر تێكۆشەر هیلاك دەبن و بەشەرافەتمەندییەوە تا ئەوێ دەكەن كە دەتوانن و هی دیكە لەجێیان سەردەكەوێت و تێكۆشان دەكات. ئەوە تەنها كۆڵنەدەرانن ئیرادەی بەردەوامیان شان لەشانی ئیرادەی تێكۆشانی دەستپێك وسەرەتایان دەدات.

مام جەلال لەسنفی دەگمەنی كۆڵنەدەرانەو ئەم ڕەوتە پڕ هەورازو نشێوەی كوردایەتی و دیموكراتی، لەم ناوچەیەدا، بێ كۆڵنەدانی وا قەت بەرگەی نەدەگرت و ناگرێت.

ئەم تێكۆشەرە كە ئەم هەموو كەندو كۆسپانەی تێپەڕاندووە، لەم ئاستەشدا كۆڵ نادات، كۆڵنەدەرە.

**كوردستانی نوێ ڕۆژی ٢٠١٢/١٢/٢٥**

# یاداشت بۆ یادی
# یەکێتیەکەی مام

یەکێتی بۆیە وایە چونکە یەکێتییەکەی مامە. بۆیە خاوەنی ئەم هەموو یاداشتی سەروەرییە چونکە مام سەروەری یەکەمیەتی. لەبەرئەوە یادی یەکێتی و باسی یەکێتی بێ سلاو لە مامو بێ باسی مام کامڵ نابێ. هیچ فەرهەنگێکیش وەك فەرهەنگی مام خۆی ناتوانێ گوزارشت لە ڕێزی یەکێتیەکان بۆ مام و هی مام بۆ یەکێتییەکان بکات.

فەرهەنگی دەوڵەمەندی دەستەواژە و چەمکەکانی مام کەلتورێکی کەڵەگەتە بۆ ئەدەبیاتی کوردایەتی، هەرچەندە مام خۆی حەزی لە ستایش نییە، بەڵام لە یادی یەکێتیدا هەقمانە «لاساری» بکەین و شانازی بەم «سەمامی ئەمانە» ی کوردایەتی و دیموکراتییەوە بکەین و بە سلاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرمەوە بڵێین:

مام ئەم یادەت پیرۆز بێت کە خۆت وانەت بە کوڕان و کچانی یەکێتی وتوەتەوە لە بیرتان بێت (سەروەریمان، مانەوەمان، گەشەکردنمان، بەندە بە یەکێتی نیشتمانیی کوردستانەوە).

پێت وتوون (هەر سێ یەکێتییەکە وەك بیلبیلەی چاوتان بپارێزن: یەکێتی ریزەکانی گەل، یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و یەکێتی ناو یەکێتی)، راتسپاردوون لە شکستدا نائومێد نەبن، چونکە (گورگمان دیو نەترساین) و (سەفین لە بن بێت یەکێتی لە بن نایەت). هەروا لە سەرکەوتنیشدا (باغر نەبین) و (لەسەر چەپکە گوڵی سەرکەوتن خەومان لێ نەکەوێت) بەڵکو (بەگوڕتر، بەتەوژمتر، بەتواناتر، ژیرانەتر درێژە بە خەباتەکەیان بدەن)و (هیچ نابێت وا تێبگەین و پاڵی لێ بدەینەوە کە رۆژی رزگارییەو بە ئازادی و خۆشی لە کوردستان بە سەری دەبەین و هەموو ئیشێکمان تەواو بووە. نەخێر تەواو نەبووەو ماویەتی).

مام وتویەتی: هەمیشە سیاسەتی پشت بەستن بە (خوای خۆمان، خەڵکی

خۆمانو خودی خۆمان پەیڕەو بکەین).

وەك هەمیشە لە یادمانە کە هاوسەنگیت دەکرد لەنێوان پێویستی درێژەپێدانی خەبات و وەفاداری بۆ تێکۆشەرانی یەکێتی (نە کەسمان لێ زیادە و نە لەسەر کەسیش پەکمان کەوتووە).

لە بیرمانە هانت داوین (لاپەڕەی چڵکن بدڕین و لاپەڕەیەکی نوێی هاوخەباتی هەڵبدەینەوە) لەبەرئەوەی (ئێمە دژی کەس نین، دەمانەوێ لەگەڵ هەموو کەس دۆست بین دەمانەوێ هاوپەیمانیمان لە ناوەوە زیاد بکەین و لە دەرەوەش هەروا بکەین).

جا بۆیە لەم یادەدا کە جەژنێکی نیشتمانییە وتەکەی خۆت پڕ بە پێستێتی:(زۆر قسە هەیە لە بیرەوەریی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا بیکەم، بەڵام نامەوێت زۆر سەری برایان و خوشکانی خۆمان بیەشێنم ... ئیکتفا دەکەم بەوەی کە بڵێم یادی دامەزراندنی یەکێتی جەژنێکی نیشتمانییە لە هەموو لایەکتان پیرۆزبێتو هیوادارم هەمووتان: هەمیشە هەر شادو سەربەرز و سەرکەوتوو بن).

**کوردستانی نوێ ٢٠١٦/٦/١**

## سێ وێنە

لەسەر ڕێبازی مام بین سەری بڵندمان بۆ ئاڵای کوردستان نەوی بکەین، وەک ئەو بین، کوردستانیی بین. وەک ئەو بین مورافەعە لەسەر کوردستانێتی کەرکوک بکەین، وەک مام بین ,واقیعبینی واقیع گۆریش بین، وەک ئەو بین نەتەوەیی بین بێ ئەوەی سوکایەتی بە نەتەوەکانی تر بکەین، قینمان لە داگیرکەران بێ نەک لە گەلانی دراوسێ کە داگیرکەران بە تۆپزی بێت یان بە دیموکراسی ئیدعای نوێنەرایەتی ئەوان دەکەن .

## وەک مام بین فایلەکان تێکەڵ نەکەین

وا نەکەین لە داخی موزایەدەکاران سەربەخۆیی و مافی چارەنووس نەکەینە ئەولەویەت. دۆسێی نەوت وگەندەڵی لەگەڵ ئاڵای کوردستان کە مافی رەهاو ئەرکی هەموو کاتێکی خۆمانە تێکەڵ نەکەی، گلەیی بکەین، رەخنە بگرین،کارتی سوور وپەرچەمی دیموکراسی و یاسا و شەرعیەتی دیموکراتی بەرزبکەینەوە لێ دۆسێی سەربەخۆیی و ئاڵای شەکاوە و کوردستانێتی کەرکوک لەدەستی کوردایەتی راستەقینەدا بهێڵینەوە .گەلی کوردستان شایستەی ئەوەیە هیچ مافێکی نەکرێتەقوربانی ئەوی تریان، ئالاّ سەرەتایە،تەبعەن سەرەتایەکی چۆنایەتی، زۆرمان ماوە، بەڵام هەر دەگەینێ بۆ ئەوەی بگەینێ دەبێ وەک مام بین پشووی شۆرشگێرانە و سەبری ئینقلابیمان هەبێ وەک مام بین ساتو کاتی خۆی هەڵبژێرین کە دەیگوت: نە لەباری ببەین و نە مرداری بکەینەوە.

*ئەم کورتە نووسینە کۆمێنت بووو لەسەر سێ وێنەی ما جەلال

**کوردستانی نوێ ٢٠١٧/٣/٢٨**

**سۆز بۆ مام لە رۆژنامەکەی مامەوە**

## مامتان لەگەڵە، لە قەڵاچوالانەوە،
## لە دەباشانەوە، لە دوکانەوە، لە جادرییەوە

هەتا ماڵئاواییمان لە تەرمی پیرۆزت نەکرد هەر وامان دەزانی ئەم هەموو بروسکەو بەسەرهاتانە، ئەم هەموو گوڵو ئالاو دروشمانە، ئەم هەموو شیعر و پەخشان و پرسانە بەشێکن لە کەمپینی نەتەوەییو نیشتمانی، خۆت وتەنی بۆ (جۆشدانەوەی خەبات)ە. بۆ ئەوەیە بۆنەی جەماوەری بکەینە دەرفەتێك بۆ ئاشتکردنەوەی خەڵك، بۆ بلاوکردنەوەی زیاترو زیاتری بیری کوردایەتی پێشکەوتنخواز. وامان دەزانی ئەم کەمپینەش هەر خۆت بە چاوی دڵو بە نیگای رەخنەگرانەوە سەیری دەکەیتو سەرپەرشتی دەکەیت. وامانزانی ئەمجارەش ئەگەر چاك بکەین دەڵێی وعند (کوردستانی نوێ) الخبر الیقین، وەکو چۆن دەتگوت لای پراڤدا القول الفصل هەبوو. دەستمان لەسەر دڵ بوو نەکا هەڵە بکەینو پێمان بڵێیتەوە (ئەزی تێدا شەرمەزارم) و کۆتایی هەفتەش دەستخۆشی ڕاستکردنەوەو ڕابوونەوەی کارەکانمان لێ بکەیتەوە.

وامانزانی هەموو ئەم نووسینو پۆستەرو وەرگێڕانەمان هەر بەشێکە لە کۆششی یەکێتیانەو میدیایانە بۆ کۆکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵك لە دەوری دروشمەکەی مافی چارەنووس. راستە ئەمانە رەسمی تۆ بوون، وتەی تۆ بوون، خەندەو سەرنجو لاواندنەوەی تۆ بوون، ئەمما واماندەزانی ئەوە هەر خۆتی ڕامان دەسپێری لەسەر بەدرخان پاشاو شێخ عوبەیدوڵلای نەهری بنووسینو یادی شەهیدەکان بکەینەوە، هەر خۆت بە قەڵەمی خۆت ئاخ بۆ شێخ سەعیدی پیران هەڵدەکێشی. واماندەزانی خۆتی دەڵێیت بە باسی شەهیدەکان، فەرماندە قارەمانەکان، سەرکردە خۆبەختکردووەکان کەمێکی چاکەی زۆریان بدەنەوە. رەسم رەسمی فەرماندەیی تۆ بوو، بەلام بەرجەستەی حەسرەتی جەنەراڵ ئیحسان نوری پاشای دەکرد. وێنە

وێنەی گەشتی دیپلۆماسی جەنابت بوو. وامانده‌زانی لەسەر شەریف پاشای خەندان‌و عوسبەتی ئومەم دەنووسین.

وێنە وێنەی خۆت بوو کە لەگەڵ جەماوەر قسەت دەکرد، وامانده‌زانی شێخ عوبەیدوڵڵایە و لە کۆنگرەی هۆزە کوردەکان پەیڤین دەکات. وێنەکان هی تەمەنی بە بەرەکەت و ئاوەدانی خۆت بوو یەکیان دەبووە شێخی نەمر لە بەردەقارەمان، یەکیان وێنەت بوو کە بۆ شەرارە دەتنووسی، کەچی لامان وابوو شینی دەستنووسی مامۆستا برایمە کە گەلاوێژ و خەبات دەلاوێنێتەوە. وێنە وێنەی خۆت بوو لە سورداش کە بانگەوازیی ئاشتەوایی گشتی دەدەیت و ڕامان دەسپێری لەگەڵ بارزانیش ئاشت ببینەوە و حورمەتی شۆڕشی ئەیلول بە هەموو باڵەکانییەوە بگرین.

❋❋❋

خۆت هەمیشە دەتگوت بۆ حزبە شۆڕشگێڕەکان هەڵبژاردن هەر کورسی و دەنگ و دەسکەوت نییە، هەڵبژاردن دەرفەتە بۆ جۆشدانەوەی خەبات، بۆ چارەسەری پەیوەندیمان لەگەڵ جەماوەر، ئەگەر ژەنگی هەڵێنابێ. کە دەماننووسی سەفین لەبن بێت، یەکێتی لەبن نایە، وامانده‌زانی ئەوە هەر خۆت بوویت بە چرپەو بە چرکە لەگەڵمانی تا ڕامان دەسپێری لە دڵەوە بنووسین تا بچێتە دڵەوە. وامانزانی هەر ئێستا زەنگی تەلەفونەکەیە و دەڵێ مام لە قەڵاچۆڵانەوە، لە دەباشانەوە، لە دوکانەوە، لە جادرییەوە، لەگەڵتانە.

مام دەپرسێ بۆ ئەم ژمارەیە باسی ئاوو باو بارانی تێدا نییە؟ بۆ ئاوەدانیو پرۆژەکان، بە ئامار و بە ژمارە و بە وێنەوە بەسەر ناکەنەوە؟ بۆ یادی شەهیدەکانتان لەبیر کردووە؟ بۆ باسی مافی مەسیحیو تورکمان ناکەن؟ دیارە ئێوە کۆمەڵێك سمێڵ بابڕن و کەیفتان بە مافی ژنان نییە، بۆیە هیچی لەسەر ناڵێن، یەکێتی ژنانتان لێ هاندەم؟ مامەیەو ڕاسپاردەی هەیە لەسەر خەت بمێنن هەڤاڵان: دەبوایە لەسەر بێشکچی، لەسەر یەشار کەمال و جەواهیری و شێرکۆ بێکەس زیاترتان بنووسیبا.

مامەیە و دەڵێ:

دۆستێکی دێرینی خۆم هەیە شتێکی لەسەر کوردستان نووسیوە. باسی بکەن و ڕۆژنامەکەتانی پێ بڕازێننەوە.

هەڤاڵان مامەیە و دەڵێت:

کەرکوك و فەیلییەکان بایەخی زیاتریان دەوێت؟. خانووە قوڕەکان و هەژارانی لادێ بۆ ڕەنگ نادەنەوە لە لاپەڕەکانی کوردستانی نوێ دا؟ دیارە ئێوە بوونەتە ئەفەندی سەر چەور بە ئیستلاحی پشدەری، بۆیە گوندەکانتان فەرامۆش کردووە کە وەك ئاو وا بوون بۆ ماسییەکەی شۆڕش. سۆشیال دیموکراتەکان لە ئەوروپا بردوویانەتەوە و ئێوە هیچتان لەسەر نەنووسیون؟

لەسەر ئایشەشان نانووسن؟ هەر خەریکی ڕەسمی مام جەلالن بە کولاوی و بە برژاوی؟

لاپەڕەیەك تەرخان بکەن بۆ ڕێکخراوە پیشەییەکان، ئەمانە گرنگن بۆ خەباتی جەماهیری؟ ڕۆڵە ئەم هەموو هەڵە زمانەوانییە چییە؟ دیارە دیارە ئێوە .... زمانی کوردی نازانن سەیری گۆڤاری گەلاوێژ بکەن. ئەو کوردییە جوانەیان هەبوو.

با کاکە نەوە بۆتان روون بکاتەوە، پرۆفیسۆر دکتۆر عیزەدینتان لەیاد نەچێت؟

پێم خۆشە پاشکۆتان لەسەر موکری هەیە، ئەو دۆسێیەی لەسەر سەعید نورسییە شتی چاکە، لەسەر یەکی ئایار و دکتۆرەکەی ماوچی تۆنگ بنووسن کە بیرۆکەی دەرزی ئاژنی هەبوو؟ دڵدار و دڵزار و عەزیز شەمزینی کوان؟ سۆسیال ئینتەرناسیۆنال و شیعری حاجی قادری کۆیی؟ یادی کاك ڕەسوڵ مامەند و کاکی کاکان و شەهید ئارام بارزتر بکەن.

شتێکم لەسەر خاڵە شیهاب و هاوڕێکانی نووسیوە، بۆ تیقی بنێرن و چەند جارێك بخوێنرێتەوە. برادەرانی عەزیز وتمان ئازاد و دیموکرات بن، بەڵام بێ وەفاش مەبن

بەرامبەر سەرهەنگ قەزافی کە لە تەنگانەدا پشتیوانمان بوو.

* * *

لە کۆبوونەوەکاندا دەتگوت: چاکەی کۆماری ئیسلامی لە هەڵەبجە و کۆڕەو و ئەنفال لەیاد مەکەن، بەڵام خەباتی کوردستانیمان بەشی یادی قاسملۆ و شەرەفکەندی و د. جەعفەری شەفیعیشی تێدایە. دەتگوت یەکێتی هێزی لەبن نەهاتوو و دامەزراوەی کوردستانێتییەکی واقیعییە کە بۆ مافی چارەنووس خەبات دەکات، ئەمما باکوور میسری کوردستانتان لەیاد بێت کە ئاپۆ رەمزە خۆڕاگرەکەیەتی. چاکەی حافز ئەلئەسەدو سوریاکەیمان لەیاد نەچێ، بەڵام شام شەکرە ئەمما وڵات شیرینترە کە کۆبانی موقاوەمەت دەکات.

چێ گیڤارانە نەك تشی گیڤارا، لەسەر چین و ماچین، لەسەر مەلای گەورە بنووسن. کوردستانی نوێ دیارە لە بیرتان چووەتەوە خۆیشم کەرکوکیم. قامووسی ئیعلامی تورکیا باسی کوردستانێتی کەرکوکی کردووە. پێم باشە بایەخی زۆرتر بدەن بە ئێزدییەکان، ئەوانە تێکۆشەری هەڵکەوتووی باشیان تێدا بوو لە سەرەتای شۆڕشی نوێوە.

هەتا ماڵئاواییمان لێ نەکردی، وامانزانی خۆت لە کایەکەدای. ئێستاش کە ماڵئاواییمان لێ کردووی پێمان وایەو هەر واشە، خۆت لە کایەکەدای ئەلو تەلەفۆنە لە قەڵاچوالانەوە، لە دەباشانەوە، لە دوکانەوە، لە جادرییەوە مامتان لەگەڵە.

**کوردستانی نوێ: ژمارە: (٧٣٨٨) رۆژی ١٢ / ١٠ / ٢٠١٧**

# لەبەرخاتری کوردستان، لەبەر خاتری یەکێتی

لە ئەزموونی هاوچەرخی میللەتانەوە دەگێڕنەوە محەمەد حەسەنێن هەیکەل ڕۆژنامەنووسی دیاری میسر کە هەژدە ساڵی تەواو یاوەر و هاوڕێی وێستگە سیاسییەکانی تەمەنی جەمال عەبدولناسر ڕابەری میسری دوای شۆڕشی یۆلیۆ بوو، دوای مردنی ناسر کتێبێکی وەڵامدانەوەی نووسی کە زنجیرە وتارێکی سیاسی بوو لەسەر دیاردەی درۆ و بوختانکردن بە زمان و بەناوی عەبدولناسرەوە.

هەیکەل سەرنجی دا هەرچی و هەرکێ لە دەورانی ناسر هیچی نەوت و هیچی نە ئەدرکاند، دوای کۆچی ناسر و بە بیانووی دەورانی ئینفتاح و کرانەوەی ڕۆژگاری ساداتەوە شتی وای دەوت لە قوتوی هیچ عەتارێکا نەبوو.

هەیکەل واتەوات و بوختانەکانی ڕەتکردەوەو بەگوێرەی لێکدانەوەو زانیاری نزیکی خۆی ئەم دیاردەیەی لە قاودا. کتێبەکەی ناو نابوو (لمصر لا لعبد الناصر) واتە لەبەر خاتری میسر، نەك لەبەر خاتری عەبدلناسر.

هەیکەل داکۆکییەکەی خۆی لەسەر ئەو مەنتیقە بە هێزە بینا کردبوو کە داکۆکی لە دەورانی عەبدولناسر و ئەزموونەکەی داکۆکی شەخسی نییە لە سەرکردەیەک کە خزمەتێکی زۆری وڵاتەکەی کرد و دەشێ بۆچوونی جیاواز لە سەری هەبێ، بەڵام نەک تا ڕادەی نەهلستی سیاسیی و عەدەمیەتی وەفا و ئینساف . هەیکەل زیاتر داکۆکی لە ناوبانگی نیشتمانی میسر و وێستگە جیاجیاکانی شۆڕش و ئەزموونەکەی کرد.

پێم وایە ناونیشانی کتێبەکەی هەیکەل دەست دەدا بۆ ناونیشانی وتارێك بەم ناوە: لەبەر خاتری کورد و کوردستان، لەبەر خاتری یەکێتی و شۆڕشی نوێ، نەک هەر لەبەر مام جەلال کە تۆمارە دەوڵەمەندەکەی پێویستی بە داکۆکی ئێمە مانان نییە.

هەقمانە بڵێین لەبەر خاتری یەکێتی و شۆڕشی نوێ و دوا ڕۆژی گەلەکەمان

تکایە دەست هەڵبگرن لە شێواندنی مێژووی پیاوێك کە هەموو تەمەنی بۆ کورد و کوردستان، بۆ کوردایەتی و دیموکراسی تەرخانکرد و تا مابوو چەتری پارێزگاری هەمووتان بوو، هەمووتان لە سایەی ئەودا بوونە فەرماندە و سەرکردەو کەسایەتی و ئەدرێسی قەبەتان بۆ خۆتان هەڵپچڕی.

پێش ئەوەی بشبێتە قیلو قال لەسەر ناسر و هەیکەل و ناونیشانی کتێبەکەی پەندێکی عەرەبی بە بیردێنمەوە کە دەڵێ (الامثال تضرب و لا تقاس) واتە پەندەکان بۆ نموونە دەهێنرنەوە نەك بۆ بەراوردی دەقاودەق. نە مەبەست لێرە بابای فەقیری وەک من شان لەشانی ئەزموونی دەوڵەمەندی هەیکەل بدەم و لەبەرامبەریشدا نە مام جەلال و نە کوردستانیش بە کەمتر دەبینم لە عەبدولناسر و میسر، بەڵام بە ڕاستی جێی خۆیەتی ناونیشانەکەی چەند بارە بڵێینەوە: لەبەر خاتری کوردستان و یەکێتی واز لە بوختان و زماندان لە مێژووی مام جەلال بێنن، ئەگەر مەبەستتان نووسینەوەی مێژووە ئەوا مێژوو دوای سێ ساڵ لە مەرگی سەرکردەکان نانوسرێتەوە. ئاخر مێژووش پیاوی خۆی هەیە کە قەت نابێ کارەکتەرەکانی ڕۆژانە و بەسەرهاتەکانی نزیك لەوانەوە بن. ئەوانە بینووسنەوە و بەدڵی خۆیان بۆ شمکی ئەمرۆ بیهۆننەوە.

بۆیە شەرمەزارییە دوای کۆچی مام بوختان بە زمانییەوە دەکرێت، یان هەندێکجار بە ناوی دڵسۆزی بۆ مامەوە مۆنۆپۆڵی یادەوەری دەکرێت و خەڵک لە ئەزموون و سایەی ئەو کێلە بەرزە مەحروم دەکەن.

هەندێک کەس دێن وتەیەك یان بەسەرهاتێك یان ڕازێکی پەنهانی مام جەلال لە سیاقی خۆی دەردەکەن و بۆ هەڵوێستێکی هەڵپەرستانەی خۆیان دەیخەنەکار.

## خوشکان و برایان

مێژوویەکی دوور و درێژی خەباتی سیاسی، پێشمەرگایەتی و حوکمڕانی مام جەلال کە بە قەدەر دژواری و سەختی شاخ و داخ و دۆڵەکانی کوردستان بەسەرهات و ڕووداوی تیابووە، هی ئەوە نییە بۆ پول و پارە و پایەی ڕۆژگار و ڕۆژانە بکرێتە دەسکەلای خۆبردنە پێشەوە، یان چاککردنەوە، یان تۆڵەکردنەوە لە مام جەلال پاش کۆچی دوایی و ماڵئاواییەکەی دەزانم مام جەلال دیموکرات و سینگفراوان بوو،

دەشتانتوانی لە حزوری خۆشیدا بوختان و درۆی بۆ هەڵبەستن، بەڵام بێگومان ڕەنگە لە شەرم و ترسی مەعنەوی ئەم کێوە بەرزەی کوردستان نەتانوێرابێ، یان شەرم و شکۆی مام ڕێگری لێکردبن، ئێستا بای باڵتان بە بادا دەکەن و لەم قۆناغە ڕاگوزەرەی یەکێتی و کوردستاندا هەل و هەڵکەوت دەقۆزنەوە.

تکایە وشەیەك یان بەسەرهاتێك لە مێژوو و پێشینەی خۆی دا مەبڕن، چونکە تەنانەت بێ بەراورد و عیبرەت وەرگرتن لە ئەدەبیاتی قورئانی پیرۆزیشدا هاتووە کە سەبەب هەیە بۆ هاتنەخوارەوی ئایەت و سورەتەکان تاوەکو لە ڕێڕەوی بۆنەی هاتنەخوارەوەی خۆی دەرنەکرێ و بۆ مەبەستی خراپەکاری بەکارنەبرێ.

تەنانەت لە دەقی یاساکانیش دەنوسرێ ئەسبابی موجەبەی ئەم یان و ئەو یاسایە چییە، ئیتر چۆن زات دەکەن وتن و هەڵوێست و قسەی مێژووییەکی دوور و درێژی مام جەلال بۆ ملپێچانەوەی ڕاستی و شێواندنی ڕەوایی دونیای فانی خۆتان بەکاردێنن.

لەبەر خاتری کوردستان واز لەم هەڵبەی شێواندنە بێنن.

**٢٠٢١/٣/١٦**

# ڕاگەیەندراوی مەکتەبی سیاسی
# بۆ چوارەمین ساڵڕۆژی ماڵئاوایی شکۆی نیشتمان و نەتەوە

**سەرۆک مام جەلال**

چوار ساڵ بەسەر ماڵئاوایی یەکجارەکی سایەی شکۆمەندی نەتەوە و نیشتمان، رابەری شۆڕشی نوێ هەڤاڵ مام جەلال تێپەڕ دەبێت.

یەکێتییەکان، کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، گەلانی عیراق، دۆستانی ئازادی و دیموکراتی و فیدرالیش لە تەواوی جیهاندا بە رێز و نەوازشەوە ئەم یادە مەزنە دەکەنەوە و لە مانا قوڵەکانی ڕادەمێنن.

سەرۆك مام جەلال هەر بە تەنها سکرتێری گشتی یەکێتی و سەرۆکی حزبێکی سیاسیی کوردستانی نەبوو، بەڵکو رابەری شۆڕشی نوێی گەلەکەمان و سەرکردەی تێکۆشانی گەلی کورد بوو لە سەرتاسەری کوردستان و ستوونێکی پتەوی دیموکراتیزەکردنی عیراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانیش بوو.

مام جەلال لە تەمەنی پڕ بەرەکەتی تێکۆشانی فیکری، سیاسی، پێشمەرگایەتی، دیبلۆماسی و خەباتی هەمەلایەنەی خۆیدا نموونەی سەرکردە و سەرکۆمار و خەباتگێری ڕەسەن بوو کە لە هەموو سەردەمەکاندا بە ورەی بەرز و پۆڵایینی کوردانەوە، خاوەنی دونیابینی شۆڕشگێری و پێشبینی ڕاست و دروست بوو، هەمیشەش ئەم توانا و بەهرە مەزنانەی خۆی دەخستە خزمەتی دۆزی رەوای کوردایەتی، گەشەکردنی کۆمەڵی کوردەواری و مەسەلەی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و دیموکراتیزەکردنی وڵات و گەشەپێدانییەوە. لە سەردەمی شۆڕشدا وێنەی شۆڕشگێرێکی خۆڕاگر و کۆڵنەدەر، بیرمەندێکی واقیع بینی واقیع گۆر بوو، لە ڕاڕەوەکانی حزبایەتی، دیبلۆماسی کوردستانی و عیراقی و جیهانیشدا پشوو درێژ و بە تەگبیر و خاوەن سەبری شۆڕشگێری بەرپرسیارانە بوو.

ئەو لە یەك كاتدا سەركردەی پاراستنی پرەنسیبە نیشتمانی و نەتەوەییەكان و فیگەری پاراستنی ئازادی رادەربڕین و سەربەرستییە گشتییەكان بوو، دژی ستەم و داگیركاری و چەوسانەوەی كۆمەڵایەتی، نەتەوایەتی، ئاینی و مەزهەبی بوو، لەگەڵ ئاشتی و ئازادی و برایەتی میللەتان بوو، لەسەر بنەمای یەكسانی و بەرژەوەندی هاوبەش، بێ دەستبەرداربوونی لە مافە رەواكانی گەلەكەی كە بۆ ئەوان و بۆ رزگاری نیشتمانی كوردستان شۆڕشی بەرپا كرد و سەری خست و گەیاندییە ئامانجی سەركەوتن.

لەمڕۆشدا ... كوردستانی ئازاد و عیراقێكی دیموكرات و فیدرال كە خاوەنی سەروەری و نەخشەرێگای دەستووری خۆیەتی، بەری رەنجی تێكۆشانی سیاسیی و ئەندێشەی فیكر و سیاسیی مام جەلال و باوكە دامەزرێنەرەكانی تری دیموكراتیزەكردنی عیراق و كوردستانە.

ئێمە وەك یەكێتی و وەك خەڵكی كوردستانیش كە چوارەمین ساڵرۆژی سەركردەی نەمر و جاویدانی گەلەكەمان بەرز رادەگرین، بە هەستی بەرز و شانازی زۆرەوە لەم شاخە بەرزەی كوردستان، لەم رووبارە مەزنەی خێر و ئاوەدانی كە لە فەرهەنگی سیاسەتدا ناوی مام جەلالە، دەڕوانین و تین‌وتاوی درێژەپێدانی خەباتی رەوای لێوەردەگرین.

لەم رۆژە مەزنەی ساڵرۆژی كۆچی مامدا بەڵێن دووپات دەكەینەوە هەمیشە سایەی شكۆمەندی، بیری وردی، تەگبیری ژیرانە و پشوو درێژی شۆڕشگێرانەی بكەینە سەرمەشقی خەبات بۆ پێكەوەیی و پاراستنی چەپكە گوڵەكەی كوردایەتی و دیموكراتی لە وڵاتدا. تا دروشمە ڕاست و ڕەواكەی (ئاشتی، دیموكراسی، مافی مرۆڤ و چارەی خۆنوسین).

به تەواوی دێتە دی.

سڵاو لە رۆحی پاكی مام و سەرجەم شەهیدانی گەلەكەمان.

**مەكتەبی سیاسی**

**یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان**

**٢٠٢١/١٠/٣**

**بەیانیت باش مام جەلال**

وەك ئەوە وابێ هەر ئێستا کۆبوونەوەت لێلمانا هەبێ ئەڵێم ها ئێستا نا تۆزێکی تر ئازادی وێنەگر دێتە ژوورەو کامێراکەی زووم کردووە ئاماژە بەوەی گەیشتیتە لامان.

ئینجا دەپرسی: حەز ئەکەن باسی چیتان بۆ بکەم؟

....

زۆرباشە ئەی ئێوە پاداشتی نووسین دەدەن؟

وەك مامی خۆتان من یەکەم جار لە بەشی عەرەبی رادێۆی مۆسکۆ بەهۆی برادەرێکی عەرەبەوە وتارێکم بڵاوکردەوە، سبەی بینیم لە سندوقی پۆستەکەم چەردەیەك رۆبڵیان بۆ ناردوم وتیان پاداشتی نووسینەکەتە .

ئەبێ پاداشتی روناکبیران بدەن،

ئێ قەینا رۆبڵ نییە، بە دیناری عێراقی.

* * *

ئاگاتان لە پانایی بێت، وەکو جەواهیری پێی وتمەوە موبالەغە مەکەن کەروێشك بە عاربانەی بگرن...

جا نیوەرۆ میوانی مامی خۆتانن. ئەوەیان تیکەی راوچییە دەیدەمە خۆشەویستان. ئەوە چییە؟ هیچتان نەخوارد؟! بە خوا لەو دونیا یەخەتان دەگرم، دەڵێم خوایە ئەو هەموو خواردنەم بۆ دابوون بە کردن، کەچی کەمیان خوارد.

* * *

**بەیانیت باش مامە**

وەک بڵێی دوێنێیە کە دەتگوت مەدحی زیندووەکان مەکەن، نەوەك سبەی لەرێ لادەن! ئەگەر هەر دایك مەدحی کچ بکات مەگەر خاڵی بێتە داوای!

لە جیاتی ئەوە مەدحی شەهیدەکان بکەن کە خوێنیان بەخشی، مەدحی تێکۆشەرانی نەمر بکەن کە تەمەنیان بۆ کورد و کوردستان سەرفکرد.

ئێمەش بە خۆشی و شۆخییەوە دەمانگوت ئاخر خوا خۆی دەڵێ: اما بنعمة ربك فحدث ....

* * *

**بەیانیت باش مامە**

وایە کە زۆر کەس دەڵێ لەسەر ڕێبازەکەتم و خۆی موسەیلەمەیەکی درۆزن و مودەعییەکی تەڵەکبازە .

بۆیە هەر ئەوەندە دەڵێم:

ڕێبازەکەت ئاسان و هەم گرانیشە:

ئاسانە چونکە هەر خۆی ئەوەندە بەسە کورد بیت، کوردستانیی بیت و دیموکراتخواز بیت، گوێ بگری پێش ئەوەی قسە بکەیت. مانای وایە لەسەر ڕێبازەکەی جا ئەگەر لە قەفقاس یان لە ئەسکیمۆ، لە گەڵەبجاری لای ئەرمەن و ئازەر، یان پیازەجاڕی لای گەرمیان بژیت.

هەرئەوەندە بەسە قسەت خۆش و دەم بەخەندە و دڵ پرلەهیوا بیت لە رۆژهەلاتی ستەم و بەد و ناجۆردا، ئیتر هەوی.

گرانە ئەگەر خۆت سەغڵەت و خەڵك تەنگەتاو بکەیت، کەچی ئامادەش نەبیت لە پێناویاندا خۆت ڕاپسکێنی و خۆت بەخت بکەیت.

ئاخر مامە ئێوە لە دەورانی شێخ رەزای کەرکوکلی زادە، بەوەسفی سەرچاوە عوسمانییەکان نە ژیان، دەنا ئەو چوارینە زێرینەی بۆ زەهاوی نووسیبووی دەیکردە میدالی سەر سنگی مام:

ئەی مادەری گێتی تۆ هەتا ئێستە نەزاوی<br>
زاتێکی وەکوو فەیزی ئەفەندییی زەهاوی<br>
مومکین نییە ئیدراکی حەقائیق بە تەواوی<br>
مومکین نییە ئیدراکی نەکا زیهنی زەهاوی

**تشرینی یەکەم ساڵی ٢٠٢١**

# ڕۆژەکانی سەرۆکایەتی
# ڕۆژە زێڕینەکانی کوردایەتی و دیموکراتی

لە وتاری دەسپێکی سەرۆکایەتیدا هەم باسی شەهید شەهاب و هەم باسی شەهید سەدری کرد.

ئینجا لەسەر ئاسۆی دیموکراسی و دەورانی ڕابردوی دیکتاتۆری قسەی کرد.

ڕۆژەکە وێستگەی خۆش و سەرکەوتن بوو، مێژوو بوو لە درەوشانەوەی خۆیدا، کەچی وێستگەکانی تریشی لە بیر بوو، بۆیە بە زمانی جەواهیرییەوە وتی(باق و عمر الطفاة قصار) یانی؛ ماوین و تەمەنی ستەمکاران کورتە.

ڕۆژی سەرۆکایەتی ڕۆژی ئاشتبوونەوەی مێژوو و جوگرافیا بوو. مێژوو ئەوەیە کوردستان قەدیمە وەك قەدیمی مێژووی دێرین، جوگرافیاش ئەوە بوو چوارچێوەیەك هەیە ناوی عیراقە دەکرێ لە نەفرەتەوە ببێ بە دەرفەت، ئەگەر باوکە دامەزرێنەرەکان، وەك مام جەلال، ئیدارەی بدەن، دینگەکەی داکوتن و نەخشەکەی دیمەنی کوردستان و جوگرافیای عیراق ئاشت بکاتەوە.

ڕۆژی سەرۆکایەتییەکەی وا بوو کە پێشمەرگە دەبێتە سەرۆك کۆمار و سەرۆك کۆماریش عەرابی دەستوور و مافەکانی نەتەوە و بەلانسی هاوبەشەکانیش بێت.

ڕۆژی ٢٠٠٥/٤/٦ هات و وا چەسپا تا – جوبرانی ڕۆژە هیچ وپوچەکانی حوکمڕانی بەعس و ڕۆژی تار و ژاری ٧ی نیسانی بەعس بکاتەوە. ئەگەر لە مێژتر عیراق (٤/٦) بوایە ڕۆژی شوومی (٤/٧) نەدەهات و حەوجا بەم هەموو خوێن و فرمێسکە نەدەبوو. ئەگەر دیزاینەکە وەك ئەوەی لە ئەندێشەی مام هەبوو و وەك ئەوەی مام جۆشی دەدا لەسەر زەمینی وڵات بگیرسایەتەوە، ئەم هەموو دەرد و بەڵایە نە دەقەوما و ئەو هەموو نەوت و گاز و ئاو و ئاوەدانییە بە خەسار نەدەچوون.

کە سەیری شریتی بەسەرهاتەکانی ڕۆژهەڵات دەکەینەوە ڕوونە کە ڕۆژهەڵات سەدەیەکە بێدار بۆتەوە و قسەی لە ماف و دادوەری هەیە. کە نامورادی سەرکردە

نەمرەکانی وەك مام دەبینی حەسرەتا هێشتا زەین و ئیدراك هاوشانی بێدارییە شۆڕشگێڕییەکە نییە و هێشتا شت ماوە کە دوایی قەدری دەزانین و دوایی دەست بە ئەژنۆدا دەکێشین.

زەمانێك بوو سەرۆکایەتی ئەو، کە کورد بەرز و باڵا، کوردستان لەسەر نەخشەو دیموکراسیی بندەستەکانیش کلاشەیان بە ستەمی دیکتاتۆرەکان دەکرد.

هێشتا ئەو سروشە وزەبەخشە و هێشتا بەو ئیلهامەوە کاروان لە ڕەوتە و کانیاوی هیوا کوێر نەبۆتەوە.

**٢٠٢٣/٤/٥**

# فەسڵی هەشتەم

# لاپەڕەیەک لە وێستگەی فیکری مام جەلال

کۆنگرەی دووەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە (٣٠ /٢٠٠١/١) سازکرا و چەند رۆژێکی خایاند.

وەک نەریتی هەر کۆنگرەیەکی حزبی، ئۆرگان و دامەزراوەکان سەرلەنوێ، بەگوێرەی پەیڕەوی نوێ و سیاسەتی نوێ، دامەزراونەتەوە.

دوای کۆنگرە چەند کۆنفرانسێک بۆ پێشمەرگە، بۆ پەیوەندییەکانی دەرەوە بەسەرپەرشتی هەڤاڵ مام جەلال سکرتێری گشتی دەکرێت.

لە زنجیرەی ئەو کۆنفرانسانەدا رۆژی (٢٠٠١/٢/١٦) بە دەستپێشخەری مام جەلال لە قەڵاچوالان کۆنفرانسێکی روناکبیریش کرا. ژمارەیەک کادیر و هەڤاڵانی دامەزراوە روناکبیرییەکان لەو کۆنفرانسەدا بەشداربوون کە بۆ یەکەم جار بیرۆکەی دامەزراندنی ئۆرگانێکی بیر و هۆشیاری گەڵاڵەکرا.

هێڵە گشتییەکانی ئەم بابەتەی لێرەدا بڵاوی دەکەینەوە. پوختەی وتارەکەی مام جەلالە لەو کۆنفرانسەدا کە رۆژی(٢٠٠١/٢/١٧) لە ژمارە ٢٣٨١ رۆژنامەی کوردستانی نوێدا بڵاوکراونەتەوە.

***

دوای چاککردنی هەڵەی چاپ و ڕێکخستنەوەی ناونیشانی، بە چاك زانرا سەرلەنوێ لە گۆڤاری (ڕێبازێ نوێ)دا بڵاوبکرێنەوە، چونکە هەر ئەم وتارە بۆتە بنچینەی حزبی و فیکری دامەزراندنی ئەم ئۆرگانە کە وا بیست و دوو ساڵ خزمەتی بواری روناکبیری و فیکری لەناو یەکێتیدا کرد.

لە کۆنگرەی چوارەمیش لە(٢٠١٩/١٢/٢١) هەمان پێویستی بە گۆڕینی ناوەکەی بۆ (مەکتەبی گەشەپێدانی بیرو هۆشیاری) دووپات کرایەوە. هەر لەم وتارەکۆمەڵێك پێشنیاز خراونەتەروو کە هەندێکیان بەشێوەی جیاجیا و لە ڕێی دامەزراوەی جیاوە هاتونەتە کایەی ژیانی حزبییەوە. هی تریش کە مام لێرە پێشنیازی کردون، هێشتا زیندون و هێشتا پێویستیان بە ئۆرگانیزەکردن هەیە، بێگومان بە رەچاوکردنی هەلومەرجی تازە.

بۆ نموونە هەلومەرجی تازە وایکرد لە کۆنگرەی پێنجەم لە ئەیلولی ٢٠٢٣ هەردوو مەکتەبی ڕاگەیاندن و مەکتەبی بیر و هۆشیاری یەك بگرن.

بەشێك لە ئەرکەکانی بیر و هۆشیاری لەو مەکتەبە لە شێوەی بۆردێك ڕێك بخرێتەوە و بەشێکیش کەوتە ئەستۆی ئۆرگانی مەڵبەندی دیراسات.

پوختەی وتەی مام جەلال لە کۆنفرانسی فیکریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا

فیکر هۆیەکی زۆر گرنگە کە ئەگەر هاتو چووە ناو کۆمەڵانی خەڵك دەبێتە هێزێکی ماددی زۆر گەورەو بزوێنەرو ئەهمیەتی زۆری دەبێت لەجوڵاندنو هێنانە جۆش و خرۆش و بەکارخستنو بەگەڕخستنی ئینسان، ئینسان کە بیروباوەڕی هەیە، جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ ئەو ئینسانەی کە بیروباوەڕی نییە، پێشمەرگەیەك کە بە بیروباوەڕ شەڕدەکات، زۆر جیاوازیی هەیە لەگەڵ یەکێك کە بۆ شەڕ شەڕ دەکات، یان ئینسانێك کە دەچێتە کارێك ئەو کارە بەبیر و بە دڵ و بە گیان دەیکات جیاوازیی هەیە وەکو ئەوەی کە مەئمور بێت و وەکو سوخرە پێی بکرێت.

***

بیر ئەو ئەهەمییەتە زۆرەی هەیە لەهێنانەدی جۆش و خرۆشی هەموو برادەران و هەڤالآن لەناو ڕێکخستندا، لەهەمان کاتدا بیر چرای ڕێ رووناك کەرەوەیە لەخەباتی هەر میللەتێکدا، هەر حزبێك دەبێت چرایەکی هەبێت کە ڕێگاکەی بۆ رووناك بکاتەوە، کە ئەوەش بیروباوەڕە، خەباتەکەی وەکو ئەوەیە بەشەوی تاریك لەشاخ و داخی کوردستاندا بڕوات و مومکینە هەڵدێرێت و مومکینە بگاتە قۆناغ، بەڵام ئەگەر بیروباوەڕی هەبوو ئەو بیروباوەڕە چرای ڕێ رووناك کەرەوەی خەباتەکەیە.

❊❊❊

هەندێك کەس دوای ئەوەی ئەو نوشستەی بەسەر جوڵانەوەی سۆشیالیستی دونیادا هاتووە، وا قسە دەکەن گوایە بیروباوەڕ تەواو بووەو قیمەتی نەماو تەواو بوو، لەڕاستیدا ئەوە هەڵەیەکی زۆر گەورەیە، پاشەکشەیەکی گەورەیە، بۆچوونێکە دژی ژیانە. لەم بارەیەشەوە بەڕێزی نموونەی بەڕۆڵی بیروباوەڕ لەشەڕی چیچان و ناوچە فەڵەستینییەکان هێنایەوە....

بیروباوەڕێکی وشك و برینگی دۆگما کاریگەریی نەماوەو فەشەلی هێناوە، بەڵام بیروباوەڕێکی زیندوو، گەشەکردوو و گونجاو لەگەڵ ژیان و پێویستییەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی هەمیشە بەکەڵك و بەقیمەت و بە بایەخە و بێ ئەو هیچ شتێکی پێ ناکرێت.

بۆیە ئێمە لەناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا دەبێت بایەخێکی زۆر بدەین بە بوژاندنەوە و پەرەپێدانی مەسەلەی بیروباوەڕ. بیروباوەڕ لەناو یەکێتییدا هۆی یەکێتیی ریزەکانە، ئەگەر بیروباوەڕمان یەك بوو، ئەوا ئەساسێکی فکریی ئایدیۆلۆجی، تیۆری، دروست دەکەین بۆ یەکێتیی ریزەکانمان و بۆ یەکێتی ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

❊❊❊

کەڵکێکی تری بیروباوەڕ ئەوەیە کەبیروباوەڕ ئینسان دەکاتە ئینسانێکی تێکۆشەری ڕاستەقینە، پاکی دەکاتەوە لەپیس و پۆخڵی و خۆویستی، ڕەفاه تەڵەبی (خۆش گوزەرانی)، (جاه تەڵەبی) (مەنسەب تەڵەبی)، دەیکاتە ئینسانێك کە بۆ بیروباوەڕ ئیش دەکات، ئەو کەسەی بۆ بیروباوەڕ ئیش دەکات، لەکوێ بیروباوەڕەکەی خزمەت بکرێت لەوێ دەبێت، لەزیندان بێت، لەشاخ بێت، لەکۆڵان و جادە، لەمەکتەب و دائیرە بێ، بیروباوەڕەکەی خۆی گەشە پێ دەدات و خەباتی بۆ دەکات. ئەو کەسەی کە بیروباوەڕی نەبێت مومکینە ببێتە خۆویستو (جاه تەڵەب)، ببێتە (ڕەفاه تەڵەب)، ببێتە ئینتیهازی و هەر ڕۆژەی لەسەر پەتێك بەملاو بەولادا یاری بکات.

بۆیە بۆ ئێمە یەکێتیی بیروباوەڕ و بوونی بیروباوەڕ دیسان زۆر زۆر ئەهمیەتی هەیە، بۆ پاککردنەوەی دڵ و دەروونمان لە هەموو غەل و غەشێك، هەروەها بۆ تەکاندنی تەپ و تۆزی ئەو شتانەی کە لە ئینسان دەنیشێ.

❋❋❋

ئێمە دەڵێین بیروباوەڕێکمان بەدەستەوەیەو دەمانەوێت حەملەیەك بکەین بۆ جۆشدانی بیروباوەڕ. دیارە مەبەستمان هەر ئەوە نییە شتەکانی یەکێتیی بڵێین. واتە بەس پرۆگرام و پەیڕەوی یەکێتیی شەرح دەکەین و خەڵك تێ دەگات، نەخێر! بەڵکو بێجگە لەوە شتی ترمان هەیە، دەمانەوێت بزانین دیموکراسی چییە؟ ماناکانی، پیادەکردنی سۆشیالیزم چییە؟، چەند بابەتە؟ چۆن دەکرێت؟ دەمانەوێت بزانین ئیسلامی سیاسیی و عیلمانیەت چین؟، جیهانگیری چییە؟ و چۆن ئێمە لەناویدا دەگونجێین؟، بۆ نموونە باسی ئەوە بکەین کە پێویستی زانینی لانی کەمی ئابووری و هۆشیاری سیاسیی لە پەیوەندی نێودەوڵەتی و پەیوەندی نێوانی ناوچەکە، هەروەها کەمێکیش لە مێژووی گەلەکەمان کەباش بیزانین.

❋❋❋

پاش ئەوەی هەڤاڵ مام جەلال گوێبیستی بیروڕاو بۆچوونی ژمارەیەك لە هەڤاڵانی بەشداری کۆنفرانس بوو، درێژەی بەقسەکانی دا لەبارەی مەسەلە فیکرییەکانەوە و رایگەیاند:

❊❊❊

پێداویستییەکانی کۆمەڵی سۆشیالستی لەدەرووی کۆمەڵی سەرمایەداریی پەیدا دەبێ، ئینجا دەیتەقێنێتەوە، نەك بەپێی ئارەزووی ئینسان فەرز بکرێت، بەڕاستی مارکس و ئەنگڵس غەدریان لێکراوە، قەت نەیانگوتووە سۆشیالیزم وا دەبێت و نیزام وا دادەنرێ، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ نووسینەکانیان هەمیشە گوتوویانە بەگەشەکردنی کۆمەڵ دەگاتە قۆناغێك و ئەوە دەبێتە شتێکی حەتمی. هەندێك هاتن گۆڕییان، گوتیان نەخێر ئێمە دەتوانین قۆناغی بورژوازی‌و قۆناغی سەرمایەداری تێکەڵاو بکەین، ئەوە لینین هێنایەکایەوە، دوایی ماوتسی تۆنگ بەشێوەیەکیتر باسی کرد، کەئەوە دەرکەوت وا نییە، ئەرکەکانی قۆناغی سەرمایەداری جێبەجێ نەکرێن پێداویستییەکانی رژێمی سۆشیالستی نایەتەکایەوە.

❊❊❊

لەبەرئەوە ئێمە لەکوردستانی خۆمان دەبێ ئەو راستییە بزانین، دەبێ هەموو ئەرکەکانی قۆناغی رزگاری نیشتمانی جێبەجێ بکەین ئینجا زەمینە خۆش دەکەین بۆ بەرەو سۆشیالیست چوون، ئەسڵەن هەندێك گاڵتەی بەو بازنە دێ، ئێستا چونکە مەفروزە کۆمەڵی سۆشیالستی پێشکەوتووترین کۆمەڵی ئینسانی بێت لەڕووی ئامڕازەکانی بەرهەمهێنانەوە، واتە لەڕووی تەکنۆلۆجیاوە، لەڕووی پێشکەوتنی ئەوەی کە ئێستا پێی دەڵێت شۆڕشی گەیاندن. لەڕووی ئابوورییەوە، لەڕووی فیکرەوە، لەڕووی رووناکبیرییەوە، لەڕووی فەرهەنگەوە، لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە، هەتا لەڕووی نەفسی بەشەرییەوە، نەفسی بەشەریش ئەبێ وای لێ بێ بزانێ خۆمان پێش خۆمم، هەتا نەفسی بەشەری وای پێ بێ (خۆم) بخاتە پێش (خۆمان) ئەوە

پێداویستییەکانی سۆشیالیزم دروست ناکات، یەکێك لە پیاوە کوردە رووناکبیرەکان دەڵێ: خۆزگە لینین دە ساڵی دیکە ژیاباو ماوتسی تۆنگ (١٠) ساڵ پێشتر مردبا، مومکین بوو لینین فعلەن کە هاتە سەر حوکم هەندێك شتی دیت لێی پەشیمان بووەوە، سیاسەتی ئابووریی نوێی داهێنا (New Economic Policy) کەگوتی ئەو سۆشیالیستەی دەتەوێ تەماشای بکەیت نارِوا، لەبەرئەوە هاتەوە بۆ بازاڕی سەرمایەداری، گەڕایەوە بۆ ئەوە، ماوتسی تۆنگ لە پێش ئەوەی بێتە حوکم دایناوە دەڵێ دیموکراسی نوێ قۆناغێکە دەبێ جێبەجێ بکرێ ئینجا پێداویستییەکان، بەڵام کەهاتە حوکم گوتی بازدەدەین بەسەر هەمووداو بازدانەکەش ئەو کارەساتە بوو بەسەر خۆیان هێنا.

❋❋❋

لەبەر ئەوە دەبێ لەوە دڵنیابین کە ئێمە ئێستا قۆناغەکەمان قۆناغی رزگاری نیشتمانیی دیموکراتییە، دەبێ دیموکراسییەکەش چاك تێبگەین. دوای بڕینی قۆناغی دیموکراتی، چ دەکەین، ئێمە جیاوازیمان لەگەڵ حزبەکانیتر ئەوەیە راناوەستینو ئەو قۆناغی دیموکراسییە بەرەو کوێ دەبەین، ئێمە گوتوومانە بەرەو سۆشیالیزمی دەبەین، کام سۆشیالیست؟ ئەوەشتان باسکرد، هەندێك دەڵێن (سۆشیال دیموکرات). کاکە لەئەوروپا هەندێك حزب پێی بڵێی (سۆسیال دیموکرات) خۆی سۆشیال دیموکراتە پێی وایە جنێوی پێ دەدەی، دەڵێ کاکە من (سۆشیال دیموکرات) نیم، ئەمن سۆشیالیستم، سۆشیالیستی دیموکرات، هەندێکیش پێی وایە نەخێر سۆسیال دیموکراتە، لەبەرئەوە ئێمە گوتمان لەو کۆنگرەیە، خۆمان لەو وشەیە رزگار بکەین، گوتمان ئێمە سۆسیالیست و دیموکراتین، ئەوە پێویستی بەشەرح هەیە، چ دیموکراتییەکمان دەوێ‌و چ سۆشیالیزمێکمان دەوێ؟ ئەوە ئینشائەڵڵا باسی دەکەین، من خۆم شتێکم لەو بابەتە بەدەستەوەیە لەمیانی مانگێك ئینشائەڵڵا دێتە بازاڕەوە بۆتان، دوایی برادەرانیش لەسەری بنووسنو دەرگا لەسەر ئەوە دەکەینەوە.

❋❋❋

خاڵێکی تر کە باس دەکرێ مەسەلەی فۆتۆکۆپییە، دەرکەوت تەقلید (فۆتۆکۆپی) زەرەری گەورە لەدنیا دەدات‌و ئەوە بەڕاستی بوختانێك کراوە بەزمانی (مارکس و ئەنگڵس) هەر زوو هەردووکیان گوتوویانە: "ئەو بیروباوەڕەی ئێمە هەمانە مەزهەب نییە، دین نییە، بەڵکو رێنوێنی کارە، چرای خەباتە (هادٍ للعمل) رێنوێنی کارە"، جارێکیان لەمارکس دەپرسن، دەڵێ: (ئەوەی کەمن لێی دڵنیام ئەمن مارکسی نیم، لەشتێك کەخۆم زۆر لێی دڵنیام ئەمن مارکسی نیم، چونکە کەگوتم مارکسیم دەبمە جامید، خۆم دەبەستمەوە بەو شتانەی کەخۆم نوسیوومە، من وانیم، ئەمن شتەکانی خۆم گۆڕیوە، چونکە زۆر شتم لا گۆڕاوە کەپێشتر هەمبووە، بەڵام کەگوتی ئەمن مارکسیمە، واتە خۆم دەبەستمەوە بەقسەکانم، دەڵێ من مارکسی نیم، چونکە ئیشتراکی عیلمیم، لەئیشتراکی عیلمیدا شتەکان گەشە دەکات، هەموو شت لەگەشەکردنە، سادەترین بنەمای دیاری کرد، گوتی: (هەموو شتێك لەگەشەکردنە، هەموو شتێك لەگۆڕانە، هەموو شتێك لەنەمانە)، باشە ئەوە ئەو قاعیدە نەما، کە بوو بەمەزهەب واتە هیچ، تەواوبوو، نەدەگۆڕێ، نە لەناودەچێ، دەمێنێتەوە، لەبەرئەوە ئەو مەسەلەی فۆتۆکۆپییە لەئەسڵدا هەڵە بووەو خراپ هاتووەو بەڵایەکی گەورەی بەسەر دنیا هێناوە.

❋❋❋

ئێمە دەبێ وەزعی خۆمان بزانین، شتی باشتان باس کرد لەو مەسەلانە کەچۆن لێکۆڵینەوەی وەزعی خۆمان بکەین‌و چ بکەین‌و چ بڵێین، من پێم وایە لەپێش هەموو شتێکدا ئێمە پێویستیمان بەدانانی نەخشەو پلانێك هەیە، نەخشەو پلانێك دانێین بۆ ئەوەی چۆن ئێمە هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی سیاسیی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، کەلتوری، حزبی، لەناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، ئینجا لەناو کۆمەڵی کوردەواریدا دەکەین.

❋❋❋

دەمەوێ بڵێم، ئەو نەخشەدانان و پلانە دەبێ بۆ هەڵمەتێکی هەمەلایەنە بێت، یەك لایەن نەبێت و هەموو لایەنەکان بگرێتەوە. بەڕەئی من دەکرێ ئێمە بۆ ئەم مەبەستە، ئەم شتانە بکەین:

یەك - خولی هۆشیاری تایبەت بکەینەوە، بەڕەئی من (٣)جۆرە خولمان پێویستە، یەکێك بۆ ئەندامانی سەرکردایەتی، ئەم خولانە دەوام بکات هەم لەڕووی ئەوەوە شتی سیاسیی ئابووری، کۆمەڵایەتی فێربن، هەم لەڕووی زمانەوە، زمانیش پێویستە فێربن، واتە بۆ نموونە بەزمانی کوردی ئینسان نابێتە رووناکبیر، من لەبیرمە گەورەترین کێشەی ئێمەمانان لەپەنجاکان، ئەوەبوو عەرەبیمان دەزانی عەرەبیش هەمووی پێنج، شەش، کتێب هەبوو لەسەر سۆشیالیزم مارکسیزمو شتی وا نووسرابێت، لەبەرئەوە شتەکە هەر (القضیە القومیە) و (اسس اللینینیە) و (تأریخ الحزب..) هیچیکە نەبوو، ئێستا ئینسانی ئەم سەردەمە کە زەمانی ئینتەرنێت و زەمانی مەعلوماتە، دەبێت جیا بێت بۆ ئەوەی بتوانێت رێبەر بێت، زمانێکی بیانی فێربێت، من یەکێك لەپێشنیازەکانم ئەوەیە کە ئێمە خولێکی فێرکردنەوە بکەینەوە، پەیمانگایەك بکەینەوە، پەیمانگای فێربوونی زمان لەسلێمانی بکەینەوە، ئەو پەیمانگایە کادیرە حزبییەکانمان فێری زمان بکات واتە لەسەرکردایەتییەوە دەست پێبکەین، خولی دووەمی هۆشیاری کە بەلای منەوە پێویستە بۆ کادیرەکانی مامناوەندییە، یەکەم واتە بۆ سەرکردەکان و کادیرە پێشکەوتووەکان، دووەم بۆ کادیرەکانی مامناوەندی، سێیەم هەڵمەت بۆ ئەندامەکانە، هەر یەکەو ئاستی خۆی، لەهەموو کۆمیتەو مەڵبەندێك ئەو شتانە هەبێت، باشە ئەو سیاسەتەمان دانا، ئەو پێشنیازانەمان کرد، چۆن جێبەجێی دەکەین؟ دەیدەینە بەشی رێکخستنی حزبی، دەیدەینە بەشی هۆشیاری مەکتەبی رێکخستن، بەڕەئی من دەزگایەکی تایبەتی پێویستە، یەك دەزگای تایبەتی هەبێ یەکێك لەئەندامانی مەکتەبی سیاسیی, سەرکردایەتیی ئەو دەزگایە بکات، ئەو دەزگایە چەند شتێکی تابیع بێت، پەیمانگای زمانی تابیع بێت، پەیمانگای دیراساتی تابیع بێت.

# مەسەلەی راگەیاندن

ئیعلامی ئێمە دەبێت سەدی سەد بگۆڕێت، ئیتر ئەو شتانەی رۆژانە باسی دەکەین دەبێت تەرکیز بکاتە سەر ئەو سیاسەتە تازەیە، لەسەر ئەو مەسەلانەی کە ئێوە باستان کرد، باسەکان بنووسرێت، دیموکراسیو ئازادیو مافی مرۆڤ و سۆسیال دیموکرات و بازاڕی ئازاد و جیهانگیری و ئەو شتانەی تریش کە باستان کرد، دەبێ لەمەودوا ئیعلامی ئێمە تەرکیز بکاتە سەر ئەوانە، جگە لەهەواڵ تەرکیزی ئێمە لەسەر ئەوە دەبێت لەرۆژنامە، لەگۆڤار، لەڕادیۆ، لە تەلەفزیۆن و شانبەشانی شتی تەڕ و نەرمی تێدابێ، خۆ ناکرێ هەر هەمووی بکرێتە شتی سیاسی رەقو تەق، بەڵام لەنووسینەکانماندا تەرکیزەکانمان دەبێ لەسەر ئەو خاڵانە بێت.

***

بەشی هۆشیارکردنەوەی مەکتەبی رێکخستن دەبێ تەرکیز بکاتە سەرئەوە، (رێبازی نوێ) دەبێ ئەو شتانە رێك بخات، وتارەکانی لەسەر ئەوە بێت، ئەو دەزگایەی کە دایدەنێین دەبێ دەزگایەکی وەرگێڕانیشی پێوە بەسترابێتەوە. وەرگێڕانمان پێویستە، ئێمە ئەو هەموو رووناکبیرییەی هەمانە بەس نییە، ئەو دەزگای وەرگێڕانە دەبێت کتێبی بەکەڵك وەرگێڕێت، ئەو کتێبانەی کە لەگەڵ ئەو سیاسەتەمان دەگونجێت، نەك ئەو کتێبانەی کە هەر کەسە هەڵدەستێ شتێ بۆخۆی وەردەگێڕێت ئەوە با بۆ خۆی لە(سەردەم)، لە (گەلاوێژی نوێ) دەیکات لەکوێ دەیکات، بەڵام ئەو دەزگای وەرگێڕانەی ئێمە دەزگایەکی ئامانجدارە، ئامانجی هەیە، نیازی هەیە، ئەو شتانە وەردەگێڕێت کە لەگەڵ ئەم نیازە و ئەم پرۆژەیە دەگونجێ و لەگەڵ ئەم نەخشەو پلانە یەکدەگرێتەوە.

ئینجا ئێمە پێویستمان بەسازدانی سیمینار هەیە، سیمینار و کۆبوونەوەو شتی زانستی، بەداخەوە هەندێك وشە لەلای ئێمە بەخراپ بڵاوبۆتەوە، سیمینار

کۆبوونەوە نییە هەڤاڵینە، کۆبوونەوە شتێکە، سیمینار شتێکیترە، سیمینار ئەوەیە کەکۆبوونەوەیەك دەکەین کۆمەڵێك خەڵك رادەسپێرین مەرج نییە ئەندامی حزب بێت، مامۆستایەکی زانکۆ دێنین کە وەرە قسەمان بۆ بکە لەسەر پێشکەوتنی شۆڕشی گەیاندن، لەسەر ئینتەرنێت، ئەوە دیراساتە، ئەو دیراساتانە پێشکەش دەکرێ لەکۆبوونەوەیەکدا کە مومکینە چەند دانیشتنێك بخایەنێ، تا لەو بابەت و باسانە ئەوە دەکەین، کەواتە ئێمە پێویستمان بەسیمینار هەیە، پێویستمان بەکۆبوونەوەی حزبی هەیە، جگە لەو کۆبوونەوانەی کەخۆمان دەیکەین.

پێویستمان بەوەیە خولی پەروەردەی سیاسی و ئیداری و رووناکبیری لەدەرەوەی وڵات پەیدا بکەین، بۆ هەندێك لەبرادەرانمان. بۆ نموونە ئێستا ئەو برادەرانەی خۆمان کەهەندێکیان لێرە دانیشتوون کەچوونەتە دەرەوە بۆ ئەمریکا بۆ شوێنیتر, بۆ دوو سێ هەفتە چوونە رەنگە بایی دوو سێ ساڵی وڵاتی خۆمان فێربووبن، وڵاتەکە جیاوازە شتی نوێی لێیە، ئێمە هەوڵدەین کۆمەڵێك خول پەیدا بکەین بۆ ئەو هەڤاڵانەمان، ئینجا ئێمە پەیمانگامان هەیە، پەیمانگای کادیرانمان و پەیمانگای ترمان هەیە، دەبێ ئەوانیش بەرنامەکانیان سەرلەنوێ بگۆڕن. ئەو شتە تەقلیدییانەی خۆیان لابەرن بیگونجێنن بەپێی ئەو نەخشە و پلانەی کەلێرە دادەنرێت بۆ ئەو سیاسەتە، دەرسەکانیان، فیکرەکانیان ئەو جۆرە بێت، ئەو شتانەیان کە پێویستە.

## بایەخدان بەلێکۆڵینەوە لەکێشەکانی کوردستان

شتێك كە بەگرنگی دەزانم، لێكۆڵینەوەی گیروگرفتەكانی كوردستانی خۆمانە، ئێمە پێویستمان بەوە هەیە، لەسەر كوردستانیش بزانین، بۆ نموونە، مەسەلەی كورد چۆن چارەسەر دەكرێت، دەكرێت ئاڵۆزكارییەكانی مەسەلەی كورد لەئەنجامی دابەشبوونی كوردستان لەنێوان چوار دەوڵەتدا، پەیوەندییەكانی بەشەكانی كوردستان چۆن بێ، چۆن رێكبخرێت، گیروگرفتە ئابوورییەكانمان چییە، ئێستا كوردستانی ئێمە گیروگرفتە ئابوورییەكانی چییە؟ گیروگرفتە كۆمەڵایەتییەكانی چییە، هەتا لەكۆنگرێسدا لە كۆنگرەی دووەمەی یەكێتی لە رۆژی (٢٠٠١/١/٣٠) لەڕاپۆرتەكەدا باسم كردووە كێشەی كۆچكردنی خەڵك بۆ دەرەوە چییە؟ مەسەلەی رۆیشتنی هەڤاڵانمان بۆ دەرەوە چۆن كەڵكی لێوەردەگرین، لەوانە كۆمەڵێك مەسەلەی وا ئەوەش دیراساتی پێویستی دەوێ كە برادەرانی خۆمان یان لیژنەی بۆ دروست بكەین، یان برادەری شارەزای بۆ تەرخان بكەین. بڵێین كاكە تۆ ئەو دیراساتانەمان بۆ بكە، یان ئەگەر خەڵك كردوویەتی بێین كەڵكی لێ وەرگرین.

## خۆفێرکردن بنچینەیە

خاڵێكی تری زۆر گرنگ هەیە هەندێك لەبرادەران باسیان كرد، مەسەلەی ژیانەوەی حەلەقاتی رۆشنبیرییە، ئەو حەلەقاتی رۆشنبیرییە ئەگەر بێتو بیژێنینەوە، زۆر زۆر شتێكی باشە، مەبەستم لەم قسانە ئەوەیە دەتوانین ئەو نەدەوانە بژێنینەوە. دانیشتنەكان با ئەو سیفەیە بەخۆوە بگرێ. خاڵێكی تر هەر لەو مەیدانە ئەوەیە هەموو ئینسانێك هەست بكات كەپێویستە خۆی فێر بكات، چونكە خۆفێركردن بنچینەیە، ئەمجا كەخۆت حەزت لێبوو، شتێك دەخوێنییەوە پێوەی ماندوودەبیت، لەهەردوو گوێیەكە دەچێتە دڵەوە، بەشبەحاڵی خۆم هیچ شەوێك خەوم لێناكەوێ شتێك نەخوێنمەوە. بیكەن بەعادەت هەر شەوێك پێش ئەوەی بنوون سەعاتێك بخوێننەوە،

کردنەوەی خولیش لەهەموو مەڵبەندو کۆمیتەکان، من تەئیدی ئەوە دەکەم و سیمینار و کۆبوونەوە بکرێت، ئینجا دوای ئەوە ئێمە دێین بۆ جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتە، جیهازێك دادەنێین، ئەگەر بکرێ وەکو وتم ئەندامێکی سەرکردایەتی یا مەکتەبی سیاسی سەرکردایەتی بکات و ئەوەش پەیمانگای پێوە دەبەسترێ، پەیمانگاکان: پەیمانگای زمان، پەیمانگای دیراساتی ستراتیژی، پەیمانگای پەروەردەی کادیر، ئەوە میزانیە و کەسانی دەوێت بۆی تەرخان بکەین، بەڵام بەڕاستی کەڵکێکی زۆر زۆری دەبێ بۆمان و پێشمان دەخاو هەنگاوێکی گەورەمان دەباتە پێش لەمەسەلەی یەکێتیی ناو ریزەکانی یەکێتیی، گەشەپێدانمان.

***

پێویستە ئەوانەی باسمان کرد هەر قسە نەبێت، بەڵکو ئەوە کردەوەبێت.

پێم باشە ئێمە ئەو گیانەش پەروەردە بکەین لەناو خۆماندا کەگیانی گوتار وکردەوەمان وەك یەك بێت، ئەگینا قسەکانمان کاریگەر نابێ. کۆمەڵێك ئەخلاقی شۆڕشگێڕی هەیە بەڕاستی بیانژێنینەوە لەناو خۆماندا، باسم کردووە لەڕاپۆرتەکەمدا، ئینشائەڵڵا بەتەمام مەقالێك بنووسم لەسەر ئەو ئەخلاقە شۆڕشگێڕانەیەی کە پێویستە بیانژێنینەوە، ئینشائەڵڵا کەڵکیان دەبێ.

***

## *پەراوێز بۆ ئەرشیف

*دەقی بڕیار و راسپاردەکانی کۆنفرانسەکە وەك چۆن لە لاپەڕە یەکی کوردستانی نوێ، هەمان ژمارەی ٢٣٨١- رۆژی ١٧-٢-٢٠٠١ لێرەدا بڵاو دەکەینەوە.

بڕیارێکی گرنگی دووهەمین کۆنگرەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، سازدانی چەندین کۆنفرانسە بۆ پێشمەرگە، فیکر، رێکخستن، رێکخراوە دیموکراتییەکان‌و باقی مەکتەب و بوارەکانی دیش.

سەعات ١٠ی سەرلەبەیانی رۆژی (٢٠٠١/٢/١٦) لەهۆڵی مەکتەبی سیاسی لەقەڵاچوالاندا، بەسەرپەرشتی هەڤاڵ مام جەلال‌و ئامادەبوونی چەندین هەڤاڵی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی، هەروا ئەندامانی مەکتەبەکان و مەڵبەندەکان و کادرەکانی راگەیاندن و رێکخراوە دیموکراتییەکان، کۆنفرانسی فیکریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، دەستی بەکارەکانی کرد.

سەرەتا، هەڤاڵ مام جەلال پێشەکییەکی چڕوپڕی لەسەر بایەخی کۆنفرانسەکەو بەهای مەسەلە فیکرییەکان‌و دیدوبۆچوونە جیاوازەکان لەسەر دیموکراسی و سۆسیالیزم و ئەرکە مۆدێرنەکانی فیکرو ئایدۆلۆژی لەجیهانبینییەکی نوێخوازییەوە، باس کرد.

جگە لەبایەخی فیکرو فەلسەفە، بەڕێزی ئاماژەی بۆ ئەوە کرد؛ کەهۆیەکی سەرەکی دروستبوونی دەستەگەری و ململانێی ناڕاست و نادروست بۆ بایەخنەدانی پێویست بەئەرکە فیکری و رووناکبیرییەکان دەگەڕێتەوە. بۆیە بەڕێزی تەئکیدی لەسەر گەڵاڵەکردنی پرۆژە فیکرییەکان کردەوە هەم وەکو ئەرکێکی حزبی و هەم وەکو ئەرکێکی شارستانی و هەم وەکو هەوێنی یەکڕیزی رێکخستن.

دوای تەواوبوونی باسەکەی هەڤاڵ سکرتێری گشتیی یەکێتیی، دەرگای دیالۆگی ئازاد بۆ ئەندامانی کۆنفرانس کرایەوەو زیاتر لە ٢٥ هەڤاڵ باری رەخنەو سەرنج و بۆچوونی خۆیان دەربارەی مەسەلە فیکرییەکان باس کرد. مشتومڕێکی فیکریی

باش لەسەر چۆنیەتی لێکدانەوەی ئەرکەکانی دیموکراسی، پەیوەندی دیموکراسیو سۆسیالیزم، ئەرکە مەدەنییەکان، بنچینەکانی حزب و دەسەڵاتێکی (سیاسی - دیموکراسی - عیلمانی) لەوڵاتێکی وەکو کوردستاندا، لەناو ئامادەبوواندا، ئەنجام درا.

پێشنیاز بۆ پرۆژەی نوێ چەشنی فیکری لەناو یەکێتیی و لەناو کۆمەڵ و لەسەر ئاستی دونیاش، سەبارەت بەڕەوش و رەوتی فیکری و فەلسەفی، خرانە روو.

سەرەنجام کۆنفرانس گەیشتە ئەو باوەڕەی کە وا:

**یەکەم:** لەمەودوا، سەراپای ئۆرگانەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەشانەکانی خوارەوە، بۆ مەکتەبی سیاسی، دەبێو پێویستە بایەخ بەمەسەلە فیکرییە پەسەندکراوەکانی دووهەمین کۆنگرەو ئەم کۆنفرانسە بدەنو برەویشی بدەنێ.

**دووهەم:** بۆئەوەی ئەو مەسەلە فیکرییانە، وەکو پێویست بچێتە ناو ئەندامانو دۆستانو جەماوەری گەلەکەمان، دەزگایەکی شایستەی فیکریو هۆشیاری دابمەزرێت و راستەوخۆ مەکتەبی سیاسی سەرپەرشتی بکات.

**سێهەم:** ئۆرگانێکی تیۆری - فەلسەفی و ئایدیۆلۆژی دەربکرێ کەبایەخی تایبەتی بەنووسینو لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی مەسەلە فیکرییەکان، وەکو ئەرکێکی گشتی ئاراستەکراو، بدات.

**چوارهەم:** گرنگییەکی بەرچاو بەبنچینە زانستیو چەمکە دیموکراسیو بنەماکانی واقیعی سیستمێکی عیلمانی بدرێت، بۆ کوردەواری، کەدوور بێت لەلاساییکردنەوەو هەڵەشەیی هەندێ گروپو کەسانی تێنەگەیشتوو لەئەرکە راستەقینەکانی دیموکراسی.

**پێنجەم:** کۆنفرانس مەسەلەی ئازادی تاكو ئازادی بیروڕاو ئازادی ویژدان و بازاڕی ئازادی بەئەرکێکی چارەنووسسازی راپەڕاندنی ئەرکەکانی دیموکراسی زانی و رایسپارد کەوا؛ یەکێتیی دەبێ تەواوی توانای بۆ ئەو ئامانجانە، بخاتە کار.

بەم شێوەیە بەگشتی دەنگی کۆنفرانس، ئەندامانی کۆنفرانس دروستکردنی ئۆرگانێکی ناوەندی وەکو ماکی بیروباوەڕی (یەکێتیی)یان بەپەسەند زانی.

ئەو ئۆرگانە چەندین بەشی دەبێ بۆ توێژینەوە و گەڵاڵەکردنی پرۆژەی جیاواز لەسەر ئایدیۆلۆژیەتی یەکێتیی، دیموکراسیی کۆمەڵ، ئەرکە عیلمانییەکان، نەیارە

فیکرییەکان، ئازادی تاك، بۆئەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەدوای دووهەمین کۆنگرەی یەکێتییەوە، ببێتە خاوەنی دوورنمای فیکریو سیاسی تۆکمەترو کاریگەرتر، لەناو خۆیو لەناو خەڵکدا.

لەکۆتایی کۆنفرانسدا بڕیار درا؛ دوو لیژنە پێك بێت، یەکێکیان بۆ گەلاڵەکردنی تێزە فیکرییەکانی یەکێتیو ئەویتریشیان بۆ چۆنیەتی جێبەجێکردنیان لەناو یەکێتیی و لەناو کۆمەڵیشدا، بۆ هەریەك لەو لیژنانەش چەند هەڤاڵێك دەستنیشان کران کە ئەرکەکە بگرنە ئەستۆ.

هەروەها باسی پێکهێنانی لیژنەیەکیش کرا، کە بۆ نووسینەوەیەکی ورد و زانستییانەی مێژووی پڕ لە سەروەری و تێکۆشانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پێك بهێنرێت.

# فەسڵی نۆیەم

# گوڵبژێرێکی بڵاوکراوەی ئەدەبیاتی مام

لە سەرەتای نەخۆشکەوتنی مام لە (کۆتایی ٢٠١٢)، لە کوردستانی نوێ کۆمەڵێک هەنگاوی ناساندن و نەمرکردنی مام جەلال نران.

یەکێک لەو هەنگاوانە بڵاوکردنەوەی گوڵبژێر لە نووسینی، مام لە کتێب و رۆژنامە و گۆڤارەکاندا بوو. گۆشەی ئەدەبیاتی مام لەم بیرۆکەیەوە سەری هەڵدا.

ئەم سەرنجەی سەرەوەمان لە (ژمارە ٦٥٦٢ ی رۆژی ٢٠١٤/١٢/٢٣) نووسیی. وەک سەرەتایەک بۆ دەستپێکردنی گۆشەکە.

(لەم گۆشەیەدا پوختەی نووسراو یان وتارێکی هەڤاڵ مام جەلال بڵاودەکەینەوە کەڕێنوێنە بۆ هەڤاڵانی یەکێتی و تێکۆشەرانی کوردایەتی و وەبیرهێنانەوەی ئەدەبیاتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و شۆڕشی نوێیە بەگوێرەی قۆناغەکانی خەبات و پێداویستییەکانی ئەمڕۆ)

ئەم نموونانە بۆ ئەوەیە نەخشەیەکمان پێ بێ بۆ چەندین کتێبی گوڵبژێر لە ئەدەبیاتی مامەوە.

# (١)

## شێوەیەکی نوێی ڕێکخستنەوەی کوردایەتی

دامەزراندنی ی.ن.ك بەدیهێنانی ئەرکی مێژوویی ڕێکخستنەوەی کوردایەتی و هێزەکانی شۆڕشی رزگاری و دیموکراسی خەڵکی کوردستان بوو لەچوارچێوەی یەکگرتنێکی نیشتمانی و دیموکراتی شۆڕشگێرانەی ئەوتۆدا کە زەمینە خۆش بکات و ساز بدات بۆ پێکەوە ژیان و هاوخەباتیی باڵە پێشکەوتنخوازو شۆڕشگێڕەکانیان و پێکەوە بەڕێوەبردنیان لە خەباتی جەماهیری شۆڕشگێڕانەدا بۆ بەدیهێنانی پێشڕەوی کوردستانی راستەقینەش کە دەتوانێ سەرکەوتووانە رابەری خەبات و شۆڕشی خەڵکی کوردستان بکات بەرەو بەدیهێنانی هەموو ئامانجە نیشتمانی و کۆمەڵایەتییەکان.

سەرەڕای ئەمانەش-بەهەموو گرنگی و ئەهەمیەتی مەزنی خۆمانەوە، (ی.ن.ك.)، شێوەیەکی نوێی ڕێکخستنەوەی کوردایەتی و شۆڕش بوو، شێوەیەکی داهێنەرانەی گونجاو بوو لەگەڵ تەبیعەتی هەردووکیان و پێویستیەکانی سەرکەوتنی هەردووکیان. هەربۆیەش دوای دامەزراندنی ی.ن.ك و کەوتنەگەڕی تێکۆشەرەکانی و پاش بڵاوبوونەوەی دەنگوباس و پەرەسەندنی چالاکی خەباتگێڕەکانی هیوا و ئومێدێك لە دڵی دڵسۆزانی کورد و کوردستان گەڕاو پەیدا بۆوە. وە سەبارەت بەو راستیانەی سەرەوە و بەڕاستی و دروستی و رەوایی دروشم و سیاسەت و هەڵوێستەکانی ی.ن.ك و سەبارەت بەداڕشتنی ستراتیژێکی راست بۆ کوردایەتی و شۆڕش کە تێیدا زۆر بە چاکی و بەڕوونی و بەڕاستی، دوژمن و دۆست، هێزەکانی سەرەکی و پێشڕەو و ناحەز، ئامانجی سەرەکی و لاوەکی ناکۆکیەکانی دوژمنان و ناو ریزەکانی گەل، جۆری ریزکردن و ڕێکخستن و رابەریکردنی چینەکان و توێژەکانی نیشتمانی کۆمەڵی کوردستان دیاری و دەستنیشان کرابوون، وە سەبارەت بە دۆزینەوەی ڕێگەی تایبەتی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و دۆزینەوەی ژیرانەی ڕێبازی گەشەکردنی کوردایەتی و

هەلومەرجە تایبەتیەکانی کوردستان و خاسیەتە تایبەتیەکانی شۆڕش لەکوردستانداو زانینی ڕێبازی ڕاستی شۆڕشەکە، وە سەبارەت بە ژیرانە و وەستایانە، پێکەوە گرێدانی خەباتی کۆمەلانی خەڵك لە شار و لادێ کە چالاکی پێشمەرگانە و تێکۆشانی ناو شار خزمەتی یەکتریان دەکرد و یارمەتی یەکتریان دەداو رای یەکتریان تەواو دەکرد. بەڵێ سەبارەت بەو ڕاستیانەش، خێرا و هەر زوو ی.ن.ك توانی شۆڕش هەڵگیرسێنێتەوە و کوردایەتی جۆش بداتەوە. ئینجا ورەو فیداکاری و خۆبەخت کردنی سەرکردە و کادر و ئەندام و پێشمەرگەکانی بەهاوکاریی کۆمەلانی خەڵك و بەدرێژەدان بە خەباتی جەماهیری و شۆڕشگێڕانە، توانی شۆڕشەکەمان بەم ڕۆژەی ئێستەی بگەیەنێت و ئەو هەموو دەستکەوتانەو ئەو هەموو سەروەرییانەی بۆ جەماوەر و گەل و نیشتمان بەدەست بهێنێت: لەو هەموو سەروەرییانەشدا پێش هەمووان دەبێ دەورو تەئسیری ئەو شەهیدە نەمرانە لە بیر نەکەین کە بە بەخشینی گیان و ژیانی خۆیان بە شۆڕش و بە ی.ن.ك کە بەفیداکاریی بێ وێنەی خۆیان توانیان بڵێسەی شۆڕشەکەمان بگەێننەوە سەر لوتکە سەربەرزەکانی شاخ و چیاکانی کوردستانی خوێناوی.

**(مام جەلال ئەرکەکانی خەبات لە هەلومەرجێکی دژواردا - ١٩٨٧)**

**لەبڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران ساڵی ٢٠١١ لاپەڕەکانی ١٢ — ١٥**

**کوردستانی نوێ ٢٠١٤/١٢/٢٣**

## (٢)

## سەرەتایەکی تری ڕێکخستن

سەرەتایەکی تری ڕێکخستن کە پێویستە بگەڕێینەوە بۆی ئەوەیە کە پێی دەڵێن ڕەخنەو ڕەخنە لە خۆگرتن، یانی ئێمە وەکو مرۆڤ بێگومان کە کار دەکەین، هەڵەش دەکەین، چ کەسێك نییە لەناو ئێمە هەڵە نەکات، لە سکرتێری گشتییەوە لە مام جەلالەوە بیگرە تاسەر ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی سەرکردایەتی، مەکتەبەکان، مەڵبەندەکان، کادیرەکان، ئەندامەکان، کە ئیشیان کرد هەڵەش دەکەن، نییە لە دنیادا مرۆڤێك هەبێت ئیش بکات، هیچ هەڵە نەکات. ئەو مرۆڤە دروست نەبووە لەدنیادا، یانی هەتا پێغەمبەرەکان، بۆ نموونە پێغەمبەری ئێمە کە ئەو هەموو مەدحەی کراوە لە قورئان و کە (خاتم الانبیاو)ەو کە دنیای ڕووناك بۆ ئەو دروست کراوە و زۆر شتی بۆ گوتراوە، چەندین ئایەت هەیە لە قورئاندا ڕەخنەی لێگیراوە کە کارێکی کردووە، بۆ نموونە ئەو ئایەتە مەشهورەی (عبس و تولی ان جاءە الاعمی) ئەوە یەکێکە لەو ئایەتانەی کە ڕەخنەیە، کە کوێرەکە چوو پشتی تێکردو خۆی لێ گرژ کرد و نەیدواند وەکو پێویست، کەواتە ئەوان کە ئەو ڕەخنەیەیان لێ گیرا بێت ئێمەمانانی عەبدی خوا زۆر زۆر هەڵەی زیاتر دەکەین، ڕەخنەی زیاترمان دەبێ لێبگیرێت و ئەگەر ئەو ڕەخنانە نەگرین، هەڵەکان لەسەرمان کەڵەکە دەبن، دوایی پشتمان لەژێریدا دەچەمێتەوەو دەشکێ، بۆ نموونە تۆ گوێت لێبێت برادەرێکت تۆ خۆشت دەوێ، ئەم برادەرە هەڵەیەك دەکات ئەگەر خۆشت دەوێ دەبێ زوو ئاگاداری بکەیت و پێی بڵێ کاکە گیان ئەم هەڵەیە نەکەیت، چونکە ئەم هەڵەیە دەتشکێنێت، لەناو خۆماندا، لەناو میللەتدا، لەناو خەڵکدا، کە لەسەری ڕۆیشت و هەڵەیەکی کرد، دوو هەڵەی تری کرد. سێ هەڵەی کرد، ئاخری وای لێ دێ پەکی دەکەوێ گەندەڵ دەبێ و دەڕوات، بۆیە کورد دەمێکە گوتویەتی: دۆست ئەوەیە دەتگرێنێت، دوژمن بە

پێکەنینت دێنێت، ئەوەش مەسەلەی ئەهمییەتی رەخنەیە.

لەناو میللەتی ئێمەدا رەخنە هۆیەکی ژیان و مان و گەشەکردنمانە، ئەگەر رەخنە نەگرین، ناتوانین بژێین، پێش ناکەوین نامێنینەوە، گەندەڵ دەبین و پووچەڵ دەبین و دەپووکێینەوە و دەڕوخێین. بەڵام رەخنە جنێودان نییە، یەکتری شکاندن نییە. تەکەتول و کلك لێك گرێدان نییە، رەخنە ئەوەیە هەر هەڤاڵێك بە دڵسۆزی و بەپەرۆشەوە هەر هەڵەیەکی لە هەڤاڵێکی خۆی دیت، بەشێوەیەکی ئەوتۆ نیشانی دەدات کە ئەو هەڵەیە چاك بکات، راست بکاتەوە، ئەو هەڤاڵە گەشەی پێبدات، نموونەیەك دەهێندرێتەوە دەڵێن چۆن نەخۆش دەچێتە لای دکتۆر، کە دکتۆر نەخۆشییەکەی دیاری دەکا و تەداوی دەکا، بۆ ئەوە نییە بیکوژێ، بەڵکو بۆ ئەوەیە چاکی بکاتەوە، ئاوهاش رەخنەگرتن بۆ دۆزینەوەی کەم و کوڕییەکەو بۆ چاککردنی نەخۆشییەکەیە، بۆ باشکردنەوە و چاککردنەوەی هەڤاڵەکەیە لەم شتەی تێی کەوتووە، نەك بۆ مراندنی.

بۆیە رەخنەش جێی خۆی هەیە، ئەو قسە و قسەڵۆکانەی لە کۆڵان و چایخانە دەکرێ، ئەگەر راستیش بێت رەخنە نییە، ئەوە گێرەشوێنییە، بۆ تێکدانە. رەخنە شوێنی خۆی هەیە، لەشانەی خۆیدا، لە رێکخستنی خۆیدا، لە چوارچێوەی رێکخستنی خۆتدا هەقت هەیە رەخنە لەهەموو کەس بگریت و دەبێ بیگری، نەك هەر حەقت هەیە، رەخنە لەناو یەکێتیی نیشتمانیی دا هەر هەق نییە، بەڵکو واجبیشە، لەناو چوارچێوەی رێکخستنی خۆتدا، لە کەرتی خۆتدا، لە کۆمیتەی، لە مەڵبەندی، هەر نەك هەقتە، بەڵکو واجبە، پێویستە لەسەرت کە رەخنە بگریت، لەو چوارچێوەیەدا رەخنەی خۆت دەگری و بەوشێوەیەی کە گوتم بەشێوەی دەرخستنی ناتەواوی و کەم و کورتییەکان و لادانەکان، بەنیازی چاککردنیان، بەڵام کە لە چایخانەکان و لە مەجلیسان و لە کۆڕ و کۆبوونەوە ئەوانەتان وت و مەجلیستان پێ گەرم کردەوە، ئەوە نابێتە رەخنە، ئەوە دەبێتە گێرەشێوێنی، دەبێتە تێکدان، دەبێتە زەم کردن، دەبێتە هۆی نانەوەی ئاژاوە لەناو کۆمەڵانی خەڵکدا، لەوە گرنگتر شتێك هەیە پێی دەوترێت رەخنە لە خۆگرتن، مرۆڤ دەبێ خۆیشی رەخنە لە خۆی بگرێ، هەڵەیەك دەکا دەزانێ هەڵەیە، بڵێ هەڵەم کرد و قەت ناشکێ بە رەخنە و رەخنە لە خۆگرتن،

بەپێچەوانەوە بەلاساری لێیان دەشکێ، ئەو هەڤاڵەی رەخنەی لە خۆی گرت، خەڵك دەڵێ ئەوە شتێکی جیددیە، بۆ نموونە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەکو حزبێك ئەگەر هات لەبەردەمی خەڵکی کوردستاندا لەسەر شتێکدا هەڵەی کردوو رەخنەی لەخۆی گرت، خەڵك دەڵێن وەڵڵا ئەو حزبە بەڕاستێتی خزمەتی ئێمە بکات، ئەوەنییە کەم و کورتیەکانی خۆیشی دەڵێت، ئەوە دیارە بە جیددیەتی ئەو ئیشە بکات، بە پێچەوانەوە شاردنەوەی هەڵەکان، شاردنەوەی کەم و کورتییەکان و ناتەواوییەکان دەبێتەهۆی ئەوەی کە خەڵك لێت بەگومان بێت و ئەو رێزو حورمەتەی شایستەی تۆیە پێت نەبەخشێ، ئەو گیانە پێویستە پەروەردە بکەین، لەناو خۆماندا من پێم وایە ئەوە دەمێکە ئەو گیانە سڕبووە، لەناوماندا بیژێنینەوە.

**وتەی مام جەلال لەکۆنفرانسی مەڵبەندی راپەڕین-دا**

**رۆژی ١٩٩٩/٤/٤**

**نامیلکەی (بەهاری بوژاندنەوەی بیروباوەڕ)**

**بڵاوکراوەی کوردستانی نوێ ژمارە (٧)**

**کوردستانی نوێ ٢٠١٤/١٢/٣٠**

# (٢)

## دەرمانی دەردەکانمان

### هەڤاڵانی تێکۆشەر

هەروەك لەپێشەوە عەرزم كردن لەبارەی هەلومەرجەكانی خەباتمانو ئەو هەموو پێشكەوتن و سەركەوتنانەی وەدەستمان هێناون و شپرزەیی دوژمنو شڵۆقی وەزعەكەی نابێت بەری چاومان بگرێتو نەهێڵێت هەڵەو كەموكورتیو ناتەواوییەكانی (ی.ن.ك) و (ە.پ.ك) ببینین، نابێ مەستمان كاتو ئەركەكانمانو خەباتی سەختو دژوار لەپێناویاندا لەبیرمان بەرێتەوە. بۆیە دەبێ دڵو مێشكمان بۆ رەخنەو ئامۆژگارییەكانی خەڵكو دۆستەكانمان بكەینەوەو كەڵكیان لێوەرگرین بۆ چاكردنی كارو رێكخستنو رەفتارمان.

بەلای منەوە دەرمانی سەرەكی زۆربەی دەردو كەموكورتییەكانیشمان پترو چاكتر چوونەناو خەڵكو زۆرتر رێكخستنیانە: جەماوەر كانگەی هەموو هێزو وزەیەكمانە: سەرچاوەی هێزەكانی شۆڕشو (ی.ن.ك) و (ە.پ.ك)-یشە. ئێمە خەڵك زۆر پشتیوانمانە، بەڵام بەداخەوە دە یەكی ئەو هەموو سەدان هەزار لایەنگرو پشتیوانەی خۆمانمان رێكنەخستووە لەناو ی.ن.ك-دا، هەرچەندە لەچاو زروفی ئیرهابو نهێنیو كوشتو كوشتاری فاشستییانەشدا رێكخستنی ی.ن.ك زۆر بەهێزو بڵاوەو دەیان هەزار كەسی لەژێر ئاڵای خۆیدا لەدەوری ئاڵای خۆیدا ئاڵاندووە، بەڵام ئەگەربێتو بتوانین هەموو پشتیوانو لایەنگرو دۆستەكانی خۆمان رێك بخەین وە یان پەیوەندی رێكوپێكیان لەگەڵ دروست بكەین ئەوا پێویستییەكانی ماڵی و سیاسی و كۆمەڵایەتی و زۆر ئیشی پێشمەرگایەتیش جێبەجێ دەبن و پەكمان لەسەر هیچ ناكەوێت. بۆیە زۆر پێویستە نەخشە و پلانێكی راست دابنرێت بۆ پەرەسەندن و گەشەپێدانی رێكخستنمان: لە پێشەوە رێكخستنی ی.ن.ك و ئینجا رێكخستنی باڵەكانی ی.ن.ك.

بەلامەوە هێشتا هەر دەستپێکی رێکخستنی (ی.ن.ك) وە (پ.ك-ه)، ئینجا باڵەکانیش، وە ئەم قانونە راستەی وەزعی تایبەتی کوردستان هێشتا هەر کاریگەرە، قانونی: گەشەکردنی ی.ن.ك دەبێتە مایەی گەشەکردنی باڵەکانیشی، هەروەك بەهێزبوونی باڵەکانیشی دەبێتە هۆی گەشەپێدانی ی.ن.ك.

بۆیە دەبێت هەموو باڵەکانی ی.ن.ك لەپێشەوە مشوری پەرەپێدان و گەشەپێدانی ی.ن.ك بخۆن و ئەو هەموو جەماوەرەی پشتیوانی لێ دەکات بگرنەوە: دەبێ ئەوەی دەکرێ رێکیان خەین... ئەوەی رێك ناخرێت پەیوەندیی لەگەڵ دامەزرێنین... ئەوەی دروست و لایەنگرە بەسەریان کەینەوە. ئەبێ زۆر زۆرتر بلاوکراوە لەناو خەڵکدا بلاوبکەینەوەو هەوڵ بدەین دەنگمان بگاتە زۆربەی جەماوەر، ئەبێ لەناو کۆمەلانی خەڵکدا رەگ و ریشە چاکتر داکوتین، ئەبێ لە هەموو کۆڕ و گوزەرێکدا رێکخستنمان هەبێت، ئەبێ لەناو جەماوەربین: لەشین و شاییاندا هاوبەشیان بین. پێویستە نەك هەر رێبەری خەباتی سیاسی جەماوەر بکەین، بەڵکو رێبەری خەباتی پیشەیی و دیموکراتی و خەباتی کرێکاران و جوتیاران و قوتابیانەشیان بکەین: واتە هەوڵ دەین خەباتی رۆژانەیان، خەبات لەپێناوی باش کردنی ژیان و گوزەران و ئامانجە تایبەتی و پیشەییەکانیشیان گرێ دەین بەخەباتی چینایەتی و نیشتمانییانەوە.

بەچوونە ناو خەڵك، بەرێکخستنی خەڵك، بە پەرەسەندن و گەشەکردنی رێکخستنمان دەتوانین کادر و سەرکردەی نوێش، پێشمەرگە و قارەمانی تازەش بدۆزینەوە: کۆمەلانی خەڵك کانگای هەموو مەعدەنێکی گرانبەهاو بەکەڵکن: باوەشی کۆمەلانی خەڵك دەرماناوی زۆربەی نەخۆشییەکانیشمانە. دەبا بەگەرمی بەرەو ناوجەرگەی کۆمەلانی خەڵك بڕۆین، ناو کرێکاران و جووتیاران و خوێندەواران و شارستانییە کوردپەروەرەکان و هەموو رەنجدەرانی بیرو بازو، دەبا دروشمی پشت بەخەڵك بەستن بە کردەوەش بەدیبێنین، دەبا کۆمەلانی خەڵکمان پتر خۆش بووێت: با زۆرتر خزمەتیان بکەین و چاکتر گوێڕایەڵ و هاودەمیان بین. با بەکردەوە چاکتر پێیان بسەلمێنین کە ئێمە هێزی ئەوانین، خزمەتکاری ئەوانین و پێشمەرگە و رۆڵە و دڵسۆز و بەپەرۆش و بەوەفای ئەوانین.

پێویستە رێکخراوەکان و کادر و ئەندامە هۆشیار و چالاك و بەجەرگەکانی

(ی.ن.ك) ئەم ئەرکە پیرۆزە بخەنەوە یاد، بیگرنە ئەستۆ، ئەنجامی بدەن، پێویستە تەپوتۆزی تەمەڵی، کەمتەرخەمی، سستی، لەهەموو ڕێکخراو و ئەندامەکانمان داتەکێنین، پێویستە هەموویان بێنینە جۆشوخرۆش، بکەونە گەڕو جولانەوە. ئەبێ نەك هەر چاوەنواڕی خەباتی عەفووی کۆمەلانی خەڵك و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵ بن، بەڵکو دەستپێشکەری و چوونە پێشیشیان هەبێت، نەخشەو پلانیان هەبێت، چالاکیو فیداکارییان هەبێت بۆ خرۆشاندنی کۆمەلانی خەڵکی و جۆشدانیان و هێنانە گەڕیان لەخەباتی رۆژانە، پیشەیی، چینایەتی و نیشتمانیدا، ئەبێ هەموو هەلو دەرفەت و موناسەبەتێك بقۆزینەوە بۆ ئەم مەبەستە. ئەبێ هەموو ڕێکخراوو کادرەکانی (ی.ن.ك) ئەم وەزعە تازەیەی هەڵچوونی خەباتی کۆمەلانی خەڵك بەدیبکەن، رەچاوبکەن و کەڵکی پێویستییان لێ وەرگرن.

لەناميلكەی جۆشدانی خەبات دژی ئیمپریالیزم و فاشیزم و نۆکەرانیان بۆ سەربەخۆیی و دیموکراسی و ئۆتۆنۆمی.

**لەبڵاوکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە**

**نەورۆزی ١٩٨٠**

**کورستانی نوێ ٢٠١٥/١/١٥**

## (٤)

## بێ بیروباوەڕ
## لەشێکی بۆشین

پێویستە ئەوەمان لەبیر نەچێت، کە خۆسازدان، خۆڕێکخستن، گەشەپێدانی ڕێکخستنەکانمان، گەشەپێدانی هێزی پێشمەرگەمان، گەشەپێدانی ڕێکخراوە دیموکراتەکان، گەشەپێدانی حکومەت و گەشەپێدانی هەموو لایەنەکانی ژیانمان شەرتێکی ئەساسییە بۆ ئەوەی کەڵك وەربگرین لەو هەلومەرجە جیهانییەی کە بۆمان ڕەخساوەو میللـەتی کورد لەم شەڕە جیهانیەی یەکەمی قەڕنی بیست‌ویەکدا وەکو شەڕی جیهانی یەکەمی قەڕنی بیست بێبەش نەبێت و دەست بەتاڵ دەرنەچێت لەم دنیایە، بەڵکو مافی خۆی دەستگیر بێت. بۆ ئەوە لازمە بزانین مۆتۆرەکەمان لەهەموو ئەو شتانە چییە؟ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە، ڕێبەرەکەمان کێیە؟ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە، سەرچاوەی دوای هێزی گەل، سەرچاوەی کادیرەکانی عەسکەریمان، سیاسیمان، حکومیمان ڕێکخراوە دیموکراتەکانمان کێیە؟ چییە؟ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە.

کەواتە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەو ئەهمیەتەیەوە ئەگەر بێت‌و نەیەتە ئاستی پێویست، ناتوانین لەبوارەکانی تردا سەرکەوتوو بین، ناتوانین لەو هەلومەرجە دژوارو ئاڵۆزەی جیهانگیری سەرمایەداری ئەمڕۆدا کەڵك وەربگرین، ناتوانین ئەوەی پێویستە بۆ گەلەکەمانی بهێنینە دی، لەبەرئەوە گەشەپێدانی یەکێتیی نیشتمانیی کورستان زۆر زۆر زۆر پێویستە، گەشەپێدانی زۆرتر لەڕووی چۆنایەتییەوە، ئێمە لەچاو خۆیدا ئەندامێکی زۆرمان هەیە، قیاسێك بکەن لەگەڵ حزبەکانی ئەوروپی تەماشا دەکەین ئێمە چوار پێنج بەعزەجار دە بەرامبەری ئەوان هەمانە، جگە لەوە خۆشبەختانە نێوانمان لەگەڵ جەماوەر باشە، جەماوەر یەکێتیی خۆش دەوێت،

جەماوەر دیفاع لەیەکێتی دەکات، پشتیوانی لێدەکات، ئەوەی بەسەر یەکێتی هاتووە بەسەر هەر حزبێکی دیکەدا بهاتبا ئێستا داری لەسەر بەردی نەمابوو، بەڵام یەکێتی رۆژبەرۆژ لەگەشەکردن و پێشکەوتنە، چونکە رەگ و ریشەی قووڵ داکوتاوە لەناو کۆمەڵانی خەڵك و رێبازی راستە. دروشمەکانی گونجاون لەگەڵ پێداویستییەکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و چونکە خۆشی نۆبەرەی پێویستییەکانی سەرکەوتن و گەشەکردنی کۆمەڵایەتییە لەکوردستاندا.

جا ئێمە چیمان لە یەکێتی دەوێ؟ کە وا ئەندامەمان زۆرە بۆ چیمانە؟ چۆنایەتیمان دەوێ، گەشەپێدانی ئەو ئەندامانەمان دەوێ، دەمانەوێ هەموو ئەندامێك لەو ئەندامانە ببێتە ئەندامێکی راستەقینەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. بزانێ پرۆگرامی یەکێتیو سیاسەتی یەکێتی چییە؟، کە بەداخەوە هەمووی وانییە، خۆشتان باش دەزانن ئێوە لەناو جەماوەرەوە هاتوون، کەسانێکی زۆر هەیە بەدوای دەنگوباس و خەبات و سەروەری و ناو و ناوبانگی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کەوتووە، باش و قووڵ لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان نەگەیشتووە، ئەگەر باش و قووڵ لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بگات چاکتر ئیش دەکات، چاکتر دێتە گۆڕەپان، بیروباوەڕ گەلێك موهیمە، بۆیە ئێمە مەکتەبێکی تایبەتیمان کردۆتەوە بۆ بیروباوەڕ ئەگەر بیروباوەڕمان پەرەی سەند لەناو هەڤاڵانمان لەناو جەماوەردا، ئەوا یەك هێزی وەها بەگوڕ و تەوژم دروست دەکات، هیچ شتێك پێی لەناو ناچێت. بێ ئەوە لەشی بۆشە، زۆر خۆی پێ راناگیرێ لەرۆژی تەنگانەو لەناخۆشی و لەکاتی لێقەومان و شکستەکاندا. بەڵام بەبیروباوەڕەوە، بەتێگەیشتنەوە هەموو شتێکی پێ دەکرێت، بۆیە ئێمە پێویستە هەم بیروباوەڕ گەشە پێبدەین و هەم ئەندامانی یەکێتی بکەینە ئەندامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. ئێمە پێویستمان بەوە هەیە رێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەڤاڵەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بێنینەوە جۆش و خرۆش. بێینەوە جۆش و خرۆش وەکو هەنگ، لەم سەردەمەدا کە تەگبیر بکرێ بەبێ دەنگ شیعرەکەی حاجی قادر لەبەرکەن، بۆیە هێنانە جۆش و خرۆشی رێکخستنەکانمان شەرتێکی سەرەکی سەرکەوتنمانە. لەم قۆناغە گرنگ و ئاڵۆزەی کە ئێستا لەپێشمانە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانمان، هەر

دڵسۆزێکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کە پێموایە هەمووتان دڵسۆزو پیاوی تێکۆشەرو خوشکی تێکۆشەرن، دەبێ ئەو راستیە بزانێ کە دەبێ بێینە جۆش و خرۆش، هۆشیاری خۆمان لەدڵ و دەروونی خۆمان بچەسپێنین و هێزی بزووێنەرمان بێت.

باشە چۆن ئەوە دەکەین؟ من هەندێك پێشنیارم هەیە بێجگە لەو پێشنیارانەی مەکتەبی رێکخستن هەیەتی، دەیخەمە بەردەمتان، نووسیومەتەوە دوایی تەوزیعی دەکەم بەسەرتاندا، یەکەم پێشنیاری من ئەوەیە کارکردن لەهەموو بوارەکانی رێکخستندا چونە ناو خەڵك و خۆ هۆشیارکردنەوەو چاودێری کاری خزمەتگوزاری بەپێی بەرنامەیەکی دارێژراو لەسەر راستییەکان و توانای راستەقینە. یەعنی دەبێ کە چوونەوە بۆ گەشەکردن بەرنامەیەکتان هەبێت، نابێت هەروا لێی گەڕێن هەروا عەفەوی چۆن هات و چۆن دێ و چ دەکرێ، کوللی مەڵبەندێك هەموو مانگێك دەبێت بەرنامەیەکی هەبێت، ئەم مانگە لەڕووی رێکخستنەوە چ دەکات، لەڕووی دابەزینەوە بۆ ناو خەڵك چ دەکات، لەڕووی چاودێری کارەکان چ دەکات، لەڕووی هۆشیارکردنەوە چ دەڵێ و چ پەروەردە دەکات، ئەو بەرنامەیە بەنووسراویی بەسەر کۆمیتەکاندا دابەش دەکرێت، کۆمیتەکان بەسەر کەرت و پۆلەکاندا دابەشی دەکەن و کاری پێدەکەن، ئەوە شەرتێکی ئەساسییە بەبەرنامە ئیش کردن نەك بە بەرەڵڵایی چۆن هات و عەفەوی لەکوێ پسا گرێی بدەنەوە، ئینجا بۆ ئەو کارانە پێویستە ئێمە کادیری چالاك و کادیری خوێن گەرم و بەوەج بۆ کارە جەماوەرییەکان و چوونە ناو رێکخستن هەڵبژێرێن.

لێرەدا کادیری چالاك گرنگە، رەنگە ئەو کادیرە چالاکە تازە بێت، نوێ بێت لەچاو پیاوێکی خەباتی ٢٠-٣٠ ساڵی پێشمەرگایەتی هەیە یان سەروەریی زۆری هەیە تازە بێت، بەڵام مادام چالاکە لەم قۆناغەدا پێویستمان بەهێنانە جۆش و خرۆش هەیە دەبێت ئەم ئەوانە بخەینە گەڕو کاریان پێبکەین.

***لە نامیلکەی (وتەی هەڤاڵ مام جەلال لەکۆبوونەوەی کادیران دا) لاپەڕەی ٢٣ – ٢٧.**

***لەزنجیرە (٢)ی بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو وشیاری ساڵی (٢٠٠٢)**

*** کوردستانی نوێ ٢٠١٥/١/٣٠**

## (٥)

# ئەرکی پیرۆزی
# ئەندامانی (ی.ن.ک)

ئەرکی هەرە پیرۆزی ئەندامانی (ی.ن.ک) لەم قۆناغەدا ئەمەیە، کە نموونە بن.

نموونەبن لە دڵسۆزی بۆ سەرەتاکانی سیاسی و رێکخراوەیی و پێشمەرگانەو کۆمەڵایەتی و پیشەیی (ی.ن.ک). پەرۆشی سەرخستنی سیاسەتی گەشەپێدانی هەمەلایەنەی ژیانیان بێت؛ هی حزبی، هی حکومی، هی پێشمەرگانە، هی کۆمەڵایەتیو هی ئابوورییش، سیاسەتی پشت بەخۆبەستنو دژایەتی کردنی مشەخۆریو سیاسەتی زەڕنەقوتەو تەمەڵیو بێباکی.

پێویستە ئەندامی (ی.ن.ک) نموونە بێت لەڕەوشت و خووی پاك و باش. لە دەستو دەم و داوێن پاکی، واتە؛ دژایەتیی دزین و مشەخۆری بکات، پەرۆشیماڵو سەروەتی گشتی و حکومی بێت.

- رووی خۆش بێت، قسەی شیرین و پێسەلمێنەر بێت لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵك، نەك بیرۆکرات و لەخۆبایی و خۆسەپێن بێت.

پێویستە دەستکەوتی گشتی بخاتە هەوراز تایبەتییەوە.

لەژیانی حزبایەتیدا نموونەبوون دەکاتە گەشەبەخۆدانی ئەندام لەڕووی هۆشیاریی هەمەلایەنەوە، لەڕووی پەیڕەوکردنی پرۆگرام و سیاسەت و پەیڕەوی ناوخۆی (ی.ن.ك)-ەوە، لەڕووی بەدیهێنانی سەرەتاکانی رێکخستن، بەتایبەتی دژایەتیکردنی دەستەگەریی بە هەموو جۆرەکانییەوە؛ (دەستەگەریی سیاسیی، ناوچەییو تایبەتی) و ئینجا رێزگرتن لە بەکۆمەڵ و بە تەبایی کارکردن و بەکارهێنانی چەکی رەخنە لەخۆگرتن و رەخنەگرتن لەناو جغزی رێکخستنداو بە نیازی نەهێشتنی کەموکورتیو چاککردنو راستکردنەوەی هەڵەکان و گەشەپێدانی خۆشی و هەڤاڵەکانیشی، ئینجا

سەرەتای کاری جەماهیری و خۆگونجاندن لەگەڵ جەماوەرو پێکەوە خەبات کردن لەگەڵیان لەپێناوی جەماوەردا.

ئەندامی (ی.ن.ك) پێویستە هەمیشە پەیڕەوی لەسیاسەتی پشت بەخۆبەستن، پشت بەخەڵك بەستن بکاتو دژی سیاسەتی مشەخۆری و زەڕنەقوتە و تەمەڵی و بێباکی بێت.

ئەندامی یەکێتی لە هەموو کارێکیدا دەبێت دڵسۆز و بەپەرۆش و گورج وگۆڵ و چالاك بێت، بۆ نموونە؛ ئەندامانی مەئمور لە دایەرە جیاجیاکانی حکومەتدا دەبێت بەوپەڕی دڵسۆزی و چالاکی و پەرۆشەوە کاری وەزیفی خۆیان ئەنجام بدەن. هیچ وەختی خۆیان بەفیڕۆنەدەن بەقسەو قسەلۆك، بەڵکو هەمیشە وەك هەنگ لەکاردا بن. ئەوەی تەمەڵی دەکات، خۆی دەدزێتەوە لە کارە سەختەکان، ئەوەی تەمەڵ و بێباکە لەکارەکانیدا یان ئەوەی وەخت بەفیڕۆدەدات، ئەندامی باش و دڵسۆز و پەرۆش نییە.

نموونەیەکی تر؛ دکتۆرێکی ئەندام دەبێت بەوپەڕی پەرۆش و دڵسۆزییەوە خزمەتی نەخۆش و بریندار و کۆمەلانی خەڵك بکات.

کرێکارێکی ئەندام لەکارگەکانی میریداو لەو کارانەی خزمەتگوزارین و یان کاری رێگەوبان و ئاوەدانی و کشتوکاڵن، پێویستە بەهەموو هێزو توانایەوە، بەوپەڕی دڵسۆزی و پەرۆشەوە، بەزیرەکی و وریایی کار و وەزیفەکەی خۆی ئەنجام بدات، بێ سستی و خاووخلیچی.

کادرێکی (ی.ن.ك)، پێویستە بەگیانی لەخۆبووردن و خۆنەویستییەوە، بەگیانی پەرۆشی و دڵسۆزیی بۆ سەرەتاکان و دژایەتیکردنی دەستەگەری و مشەخۆری و سیاسەتی زەڕنەقوتە خەباتەکەی بەوپەڕی هۆشیاری و چالاکییەوە درێژە پێبدات.

بەکورتی و بەکوردی، پێویستە ئەندامی (ی.ن.ك) نموونە بێت لەهەموو بوارەکانی ژیان و حزبایەتی و پێشمەرگایەتی و پیشەییدا.

**کوردستانی نوێ**

**ژمارە (٢٥٥٤)، رۆژ (٢٠٠١/٩/١٠)**

**کوردستانی نوێ ٢٠١٥/٢/٤**

## (٦)

## بۆ پێشەوە بەرەو پشتیوانی خەباتی ژنان

... لای هەمووتان ئاشکرایە کە ژنان نیوەی کۆمەڵن و دایکی جیلی ساواو لاو و رۆڵەی دواڕۆژن، هەروەك ئەرکی پەروەردەی نەوەی نوێی کوردەواریشیان لەئەستۆیە.

لەناو ژنان، هێزو تواناو هۆش و وزەیەکی هەمەجۆرو هەمە چەشنە هەیە. خستنەگەڕیان، هێنانە جۆش و خرۆشیان، تواناو هێزی کۆمەڵی کوردەواری دوو بەرابەر دەکات و گوڕو تەوژمێکی تر دەدات بەجوڵانەوەی رزگاری و دیموکراتیی خەڵکی کوردستان. هەروەك دەبێتە هۆی پڕکردنەوەی چەندین کەلەبەرو ناتەواوی لەناو کۆمەڵ و جوڵانەوەکەدا.

هەربۆیەش (ی.ن.ك) بەپێویستی دەزانێ کەبایەخ و ئەهمیەتێکی زۆرو زەوەندە بەژنانی کوردستان بدرێت.

هەربۆیەش یەکخستن و رێکخستن و سازدانی ژنانی کوردستان و خستنەگەڕو هێنانە جۆشی تواناو وزەو هۆش و ورەیان زۆر زۆر بەکەڵك و پێویستن بۆ گەشەپێدانی کوردەواری و پتر جۆشدانی کوردایەتی و دامەزراندنی کۆمەڵێکی مەدەنیی شارستانی.

سەبارەت بەو راستیانەی سەرەوە و بۆ بەدیهێنان و جێبەجێکردنی سەرەتاکانی دیموکراسی و سۆشیالیزم کە (ی.ن.ك) وەك حزبێکی سۆسیال دیموکراتی پێشکەوتنخواز باوەڕی پێیان هەیە، پێویستە لەسەر هەموو ئەندامانی (ی.ن.ك) و پێشمەرگە دلێرەکانی (ە.پ.ك) کە خۆیان و لایەنگران و دۆستانیشیان هاندەن بۆ هەڵسان بەم ئەرکانەی خوارەوە:

١- هاندان و هۆشیارکردنەوەی دایك و خوشك و کچ و ژن و دەزگیرانی خۆیان بۆ بەشداریکردن لەڕێکخستنی (ی.ژ.ك) و چالاکییەکانیدا.

بەشداریکردنیان نیشانەی دڵسۆزی و پەرۆشییانە بۆ کوردەواری و کوردایەتی و

(ی.ن.ك) و پێشمەرگایەتی.

٢- هاوكاریكردنی (ی.ژ.ك)و چالاكییەكانیان بەپێی تواناو هەریەكە لەئاستی خۆیەوە.

٣- ڕێزگرتن لە(ی.ژ.ك) و خەبات و داخوازییەكانیان.

٤- نەك هەر خۆدوور ڕاگرتن، بەڵكو بەگژاچوونی تیرۆرو كوشتنی ژنان و سووكایەتی پێكردنیان.

٥- داكۆكیكردن لەمافی ڕەوای ژنان لەوەكیەكی لەگەڵ پیاوان + ئازادیی شووكردن + قەدەغەكردنی ژن بەژنەی بەزۆر + بەزۆر بەشوودانی كچان و كچانی مناڵ و شیرە خۆرو هتد..

٦- بەگژاچوونی فرەژنی و تەڵاقدانی ناڕەوا مەگەر لەبەر هۆی تەندروستی و مناڵنەبوون و بێ ڕەوشتی دیارو ئاشكرابێت.

هەڤاڵانی تێكۆشەر...

پێشمەرگە قارەمانەكان...

بەدیهێنانی ئەو ئامۆژگاریانەمان نیشانەی دڵسۆزیتانە بۆ (ی.ن.ك) و پەرۆشیتانە بۆ سەركەوتنی دروشم و سەرەتاكانی، هەروەك وەفاداریشە بۆ گیانی شەهیدە نەمرەكانتان.

جگە لەوەی كەشەرتێكی سەرەكی و هەرە گرنگ و بایەخداری پێشكەوتن و گەشەكردنی كوردەواری و سەركەوتنی كوردایەتی و (ی.ن.ك)یشە.

بۆیە داواكارم لەهەمووانتان بەوپەڕی دڵسۆزی و هۆشیارییەوە ئەو ئامۆژگاریانەی سەرەوە جێبەجێبكەن.

## بۆ پێشەوە رووەو سەركەوتن.

**كوردستانی نوێ، ژمارە (١٨٢٣)، رۆژ (١٩٩٩/٣/١٦)**

**كوردستانی نوێ ٢٠١٥/٢/١١**

## (٧)

# شۆڕشگێڕی واقیع بین، بین

دەبێت هەمیشە شۆڕشگێری واقیع بین، پێشکەوتنخوازی رەسەن بین. ئەمە نەك هەر لەڕووی بیروباوەڕەوە، نەك هەر لەسەر ئاستی تیۆری و ئەدەبەوە، نەك هەر لەڕووی بوون و گوتەوە، بەڵکو لەڕووی کارو کردەوەشەوە، لەڕووی ژیان و گوزەرانی خۆشمانەوە، لەڕووی رەچاوکردن و بەرەنگاربوونەوەی رووداوەکانی دەرەوەو ناوەشەوە، بۆیە:

نابێ لەسەرکەوتن و گەشەکردندا لەخۆ بگۆڕێین، باغربین، لوتبەرزو لەخۆبایی بین و لەشکان و پاشەکشەدا ورەو وزە لەدەست بدەین و گۆڕەپانی خەبات چۆڵ بکەین، هیواو ئاواتمان نەمێنێت و دنیامان لێ ڕەش و تاریك بێت، تەنانەت لەڕابردووی خەباتی خۆشمان پەشیمان بین.

ئیمڕۆ روو لەسەرکەوتنین، لەگەشەکردنین، بۆیە دەبێت زۆر بێ فیز و دەعیەبین، زۆر هێمن و لەسەرخۆ بین، زۆر دووربین بین، دەبێت خۆمان بە براو کەس و کاری خەڵك بزانین، خۆمان بەخزمەتکاریان بزانین، چاکەیان بدەینەوە.

تۆڵەی یارمەتی و هاوکارییان بۆ بکەینەوە. لەپێناوی چارەسەرکردنی کێشەکانی ژیان و گوزەرانیاندا تێبکۆشین. ئیمڕۆ دەبێت باش وردبینەوە لەگۆڕینەکانی ناوەوەو دەرەوەی وڵات. دەبێ باشتر لەسەردەمەکەمان لەسەردەمی راپەڕینی ناوخۆوە بیگرە تا سەردەمی نوێی جیهانی تێبگەین.

کوردستان هێشتا هەر لەسەردەمی راپەڕینەکەدایە بەهەموو گۆڕانکاریەکانی ناو کۆمەڵ و ناو حزبەکان و رێکخراوەکان وەناو بەرنامەو سیاسەت و شێوەی کاری خەباتەکەمان.

واقیع بوونی شۆڕشگێڕانە و پێشکەوتنخوازی رەسەن، ئەمەشمان بەسەردا

دەسەپێنێت کە لەم سەردەمەی دنیای ئیمڕۆمان بگەین و باشی هەڵسەنگێنین و چاکی کەڵك لێوەربگرین و وەستایانە تەعامولی لەگەڵ بکەین.

سەردەمی نوێ، سەردەمی تەواوبوونی شەڕی ساردو هەرەسهێنانی یەکێتی سۆڤیەت و ئەوروپای ڕۆژهەلاتە. سەردەمی ئەمریکایە وەك تاکە زلهێزی کاریگەر، بەلام لەچەند سالی داهاتوودا ئەوروپا+ئەڵمانیا+ژاپۆنیش، وەك جۆرە زلهێزێك لێی قوت دەبنەوە- ڕەنگە خۆشی ئەرکەکانی زلهێزی بەسەریاندا دابەش بکات سەبارەت بەهۆی ئابووری و سیاسی و جیهانی تر.

سەردەمی نوێ سەردەمی یەك تاکە بازاڕی سەرمایەداری سەرتاسەری دنیایە بەبازاڕی تایبەتی ناویشەوە. وەك بازاڕی ئەوروپاو بازاڕی ئەمریکا و هتد.

لەبەر ئەو هۆیانەی سەرەوە سەبارەت بەپێویستیەکانی گەشەکردنی سەرمایەداری لەسەر ئاستی جیهانی و نیشتمانیش، شانبەشانی ئەو گەشەکردنە ئابوورییەش ئەبێ دیموکراسی و مافی مرۆڤیش گەشە پێبدەن و لەسەر ئاستی جیهانیدا. بەر لە هەمووشتێك لەبەر پێویستیەکانی گەشەکردنی سەرمایەداری ئینجا لەئەنجامی ئەو شەڕی سیاسییە سەرکەوتووەی لەدژی سۆشیالیزمی سۆڤیەتی بەرپایان کردبوو کە دووچەکە کاریگەرەکەشی مافی مرۆڤ و دیموکراسی بوو لەڕووی سیاسییەوە، گەشەکردنی تەکنەلۆجی و سەناعیش بوو لەڕووی ئابووریەوە. بۆیە دەبێت ئەم واقیعە شۆڕشگێڕانەو پێشکەوتنخوازانە رەچاو بکەین، کە باهۆزی دیموکراسی و مافی مرۆڤی هەڵکردووە لەئەوروپاشەوە ولاتی ئێمەش هەر دەگرێتەوەو دیکتاتۆرییەتەکان وەك گەلای پایز لەبن تەوژمیدا دەوەرن .. زووبێت یان درەنگ، بەلام بێگومان لەم (دەیە) ی دوای چەرخی بیستەمدا دەبێت.

ڕەچاوکردنی ئەو واقیعە بەجۆرێکی شۆڕشگێڕانەو پێشکەوتنخوازانە دەری دەخا کە ئەم سەردەمە هەندێ هەل و بارودۆخی لەباری بۆ ئێمە هێناوەتە کایەوە. بوونی دیموکراتی و مافی مرۆڤ بەدوو دیاردەی ئەم سەردەمە بۆ ئێمە زۆر باش و بەکەڵکن.

هەڵتەکاندنەوەی هەندێ (مقدسات)ی دنیای کۆن لەمەڕ سنوورو پاراستنی وەزعی راهین بۆ ئێمە باشن. لە سایەی خەباتی دلێرانەو نەپساوەی خەڵکی کوردستان و کارەساتە بێوێنەکانی دیکتاتۆرییەت بەسەری هێناوین، ئەو گۆڕانکارییەی دنیاو

خەباتی خۆشمان لەدەرەوەی وڵات عەتف و پشتیوانییەك بۆ کوردایەتی پەیدابووە. ئەمەش بۆ ئێمە زۆر باشە. بەتایبەتی چونکە واهیچ نەبێ لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە، دابەشکردنی کوردستان و بەداگیرکراوی مانەوەی نیشتمانەکەمان و زەوتکرانی مافەکانی گەلەکەمان و سامانی نەوتیمان سەبارەت بەو نیزامە دەولیە زۆردارانەیە بوو کە لەدنیا حوکم ڕەوا بووا، بۆیە هەر تەنیا لاچوونی ئەو دوژمنایەتییە دەولییە لەگەڵ گەلەکەمان خۆی لەخۆیدا دەستکەوتێکی گرنگە، بەڵام ئەو ڕاستیەش بەو مانایە نییە خۆمان پاڵی لێبدەینەوە و خەبات نەکەین بەڵکو هەر بەتەمای وەزعی لەباری دەولی بین!. بەڵکو دەبێت بەخەبات و تێکۆشانی خۆمان بچین بەپیر ئەو وەزعە دەولیەو کەڵکیان لێوەرگرین و بەکاری بهێنین بۆ نزیك کردنەوەی ڕۆژی ڕزگاری و دیموکراسی خۆمان.

هەروەك دەبێت خۆمان لەگەڵ ئەو واقیعە نوێیە شۆڕشگێڕانەو پێشکەوتنخوازانە بگونجێنین ئەویش بەدژایەتی کردنی دیکتاتۆرییەت و خۆلێ دورخستنەوەو هەوڵدان بۆ هێنانەدی دیموکراسی و مافی مرۆڤ، ئەگینا لەکاتێکدا باهۆزی دیموکراسی و مافی مرۆڤ لە دنیادا هەڵی کردووە و بەڕۆژهەلاتی ئێمەش گەیشتووە، ئەوا خۆبەستنەوە بە دیکتاتۆریەتەوە، بەهەر بیانوو و ناوێکەوە بێت، خۆخستنە خەتەری تیاچوون و فەوتانە لەگەڵ دیکتاتۆریەتی ڕووبەزەواڵ، خۆ گلۆرکردنەوەیان لەگەڵ دیکتاتۆریەتی ریسواکراودا بەهەڵدێری هەزار بەهەزاردا بەرەو چاڵی نەمان و فەوتان.

**کتێبی رووناکبیری ١٢**

**مام جەلال/ راپۆرتی سیاسی پەسەندکراوی**

**یەکەمین کۆنگرەی گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان**

**١٩٩٢/٢/١٤-١/٢٧**

**کوردستانی نوێ ٢٠١٥/٢/٢٤**

## بڵاوکراوەکانی بۆردی هۆشیاری
### (٢٠٢٤ - ٢٠٢٥)

| ز | ناوی کتێب | نووسەر - وەرگێڕ | ژ. لاپەڕە | زمان | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١- | الدولة الفاشلة | عدنان منصور | ١٧٦ | عەرەبی | ٢٠٢٤ |
| ٢ - | پێکهاتنی ژیانی حزبایەتی لەجیهاندا | محمد فاتح | ٤٢٠ | کوردی | ٢٠٢٤ |
| ٣ - | مواقف و آراء | جلال طالباني | ٣١٢ | عەرەبی | ٢٠٢٤ |
| ٤ - | شۆڕشی نوێ لە پراکتیکدا | جەلال تاڵەبانی | ٢٩٤ | | ٢٠٢٤ |
| ٥ - | الهم الوطني - دوو بەرگ | اعداد: محمد شیخ عثمان | ٩٦٩ | عەرەبی | ٢٠٢٤ |
| ٦ - | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ڕەهەندەکانی جەنگی جیهانی دژ بە تیرۆر-ژ. (١) زنجیرە نامیلکەی هۆشیاری | فەرید ئەسەسەرد | ٩٤ | کوردی | ٢٠٢٤ |
| ٧ - | پۆپۆلیزم و دیدگای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان - ژ. (٢) زنجیرە نامیلکەی هۆشیاری | ڕێکەوت اسماعیل | ٦٤ | کوردی | ٢٠٢٤ |
| ٨ - | بیرەوەرییەکانم | نەجمەدین گلی | ٢٢٤ | کوردی | ٢٠٢٤ |
| ٩ - | دەرکەوتن لە میدیا - ڕێنمایی سەرەتایی بۆ کاندید | بەهێز حسێن | ٣٦ | کوردی | ٢٠٢٤ |
| ١٠ - | سنورەکانی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان | د. ئەکرەم میهرداد | ٦٢ | کوردی | ٢٠٢٤ |
| ١١ - | بەشێک لە وتارە ڕۆژنامەوانییەکان - بەرگی یەکەم | سامی قادر | ٢٩٤ | کوردی | ٢٠٢٤ |
| ١٢ - | تۆماری سەروەری (٨ بەرگ) | ئازاد سەراوی | | کوردی | ٢٠٢٤ |
| ١٣ - | جەنگی سارد | ڕێکەوت ئیسماعیل | ٥١٠ | کوردی | ٢٠٢٤ |

| ز | ناوی کتێب | نووسەر - وەرگێڕ | ژ. لاپەڕە | زمان | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٤ - | ڕەهەندی تەندروستی - بەرگی دووەم | گۆران سەلام محمد | ٥٥٢ | کوردی | ٢٠٢٥ |
| ١٥ - | ڕەهەندی تەندروستی - بەرگی سێهەم | گۆران سەلام | ٥٤٠ | کوردی | ٢٠٢٥ |
| ١٦ - | الشرارة – دوو بەرگ | پرۆژەی هاوبەش – بنکەی ژین | ١٥٢٧ | عەرەبی | ٢٠٢٥ |
| ١٧- | ڕاگەیاندن و هونەر لە شۆڕشی نوێدا | عەباس عەبدولڕەزاق | ٢٠٩ | کوردی | ٢٠٢٥ |
| ١٨ - | شۆڕشەک ژ هەلەمورا شۆڕشەکێ ٣٨ کاروانێ شۆڕەشگێڕان | ن: بلند شالی کوردیکرن: محسن عەبدولڕەحمان | ١٢٨ | کوردی | ٢٠٢٥ |
| ١٩ – | پارتیزانەکانی دوای ئەنفال | محمد تەقی | ٤٥١ | کوردی | ٢٠٢٥ |
| ٢٠ – | فەرهەنگی سیاسی | برایم جەلال | ٢٣٦ | کوردی | ٢٠٢٥ |
| ٢١ – | سەروەرانی زیندانیانی موسڵ | ئامادەکردنی: ئەمیرە محمد | ٢٥٧ | کوردی | ٢٠٢٥ |
| ٢٢ – | شۆڕشی نوێ و یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان لە شاخ | محمد شێخ عبدالكريم سۆڵەیی | ٥٧٨ | کوردی | ٢٠٢٥ |
| ٢٣ – | في ادبيات حركة الكردايتي | ن: ستران عبدالله ت: علي شمدين | ٥٣ | عەرەبی | ٢٠٢٥ |
| ٢٤ – | کوردستان و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد | جەلال تاڵەبانی | ٤٥٨ | کوردی | ٢٠٢٥ |
| ٢٥ – | یەکیتیی نیشتمانی کوردستان بۆچی؟ لەگەڵ دەقە عەرەبییەکەیدا | دەقی عەرەبی: جەلال تاڵەبانی وەرگێڕان: شاسوار جەلال | ٩٢ | کوردی | ٢٠٢٥ |
| ٢٦ – | سەنگەر و خوێن | ئامادەکردنی: ئەمیرە محمد | ٤٤٨ | کوردی | ٢٠٢٥ |
| ٢٧ – | بنیادی خەباتی نهێنی و کۆمیتەی ئاگر | ئەمیرە محەمەد | ٤٣٨ | کوردی | ٢٠٢٥ |
| ٢٨ – | گەشتێک بەناو فیکر و فەلسەفەی جیهاندا | ئەردەڵان عەندوڵڵا | ٥٧٦ | کوردی | ٢٠٢٥ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٩ - | کرکوک الهدف الخفي و هوية المكان | لطيف فاتح فرج | ١٥٨ | عەرەبی | ٢٠٢٥ |
| ٣٠ - | نامیلکەی مام جەلال - لەپەراوێزی ئەدەبیاتی مورافەعەی کەرکوکەوە- ژ. (١) زنجیرە نامیلکەی هۆشیاری | ستران عەبدوڵڵا | ٣٤ | کوردی | ٢٠٢٥ |
| ٣١ - | شەوێک لە شازدە مانگەی ئینفرادی ئەمنی هەولێر | محەمەد مەنگوڕی | ٩٤ | کوردی | ٢٠٢٥ |
| ٣٢ - | چراکانی شاخ - چەپکێ لە خەباتی مامۆستایانی شۆڕشی نوێ | محەمەد حەمە تەقی | ٢٣٨ | کوردی | ٢٠٢٥ |
| ٣٣ - | نەفرەتا زێڕێ رەش - ئەزمونا حوکلڕانی یا کوردی | د. هاشم زێباری | ٢٣٤ | کوردی | ٢٠٢٥ |
| ٣٤ - | مؤتمرات المعارضة العراقية و خطاب مام جلال الوحدوي - مؤتمر لندن نموذجا | عەدالەت عەبدوڵڵا | ٨٤ | عەرەبی | ٢٠٢٥ |